# تەحەددییەکانی بەردەم کوردستان



خالید ساڵح
بۆ گوڵان نووسیویەتی

هاوینی ساڵی ٢٠١٤ لە مێژووی ئەم دواییەی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ساتەوەختێکی دراماتیکی بوو. بەلای نزیکەی هەموو کەسێکەوە ڕووداوێکی کتوپڕ بوو، یادخستنەوەیەکی پڕ ئازارو ژانی یازدە ساڵیی قۆناغی ڕاگوزەرانەی شکستیی بوو لە عێراقدا.

جۆ بایدنی جێگیری سەرۆکی ئەمەریکا، بە وردی ڕووداوەکانی چڕو پوخت کردەوە، بەڵام زۆر بە وریاییەوە خۆی لادا لەو باسەی ئاخۆ لە کۆتاییدا بەرپرسیارێتی ئێش و ئازاری پڕ لە تراژیدیی هەزاران کەس دەکەوێتەوە ئەستۆی کێ، کاتێك ڕایگەیاند «ئەوە ڕاستە کە هاوینی ڕابردوو داعش بەرەو نەینەوا پێشڕەوی کردو دەستی بەسەر سەنتەری شاری موسڵدا گرت، دواتر هەرەسهێنانی سوپای عێراقمان بینی- بینیمان کە چۆن دادەڕووخێت -، هەروەها ئەوەشمان بینی کە خەڵکی سڤیلی بێتاوان بە شێوەیەکی مەترسیدار دەکوژرێن، لەگەڵ بە کۆیلەکردنی ئافرەتان و پاکتاوکردنی ڕەگەزیی گرووپە ئیتنییەکان، لە نێویاندا مەسیحیەکان کە بۆ پتر لە هەزار ساڵە لە موسڵدا ژیابوون».

ئەمەش بەرجەستەبوونێکی دیکەی هەرەسهێنانی درێژخایەنی ئەو ڕێوشوێنە ڕاگوزەریانە بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە پیادە دەکران. بەڵام لەکوردستان ئەمە یەکەمین جاربوو کە لە پاش ساڵی ١٩٩١ەوە، بەهەزاران کەس لە خەڵکی سڤیل لەدەستی دڕندەیی تیرۆریستانی داعش هەڵاتن، بەمەش جارێکی دیکە کوردستان تاڵاوی ئێش و ئازارەکانی دەربەدەری و هەڵهاتنی چەشتەوە. هاوکات ڕووداوەکان پەردەیان لەسەر چەند پرسێکی بنەڕەتیانەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ لادا، لە هەموویان سەرەکیتر بریتی بوون لە:هاوبەشی لە دەسەڵات، هاوبەشی لە داهات، ناوچەکانی ناکۆکی لەسەر و ڕێوشوێنە ئەمنیەکان.

کاتێك هەڕەشەی داعش لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان بوو بە هەواڵێکی جیهانی، حکومەتی فیدراڵی بەغدا بە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەسەر سزادانی کوردستان بەردەوام بوو، هاوکات شەپۆلێکی گەورەی ئاوارەو هەڵهاتووەکانی ناوخۆیی عیراق ڕوویان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کردو بارگرانیەکی زیاتریان لەسەر هەرێمی کوردستان و دانیشتووانەکەی دروست کرد.

تەنانەت ئەمەریکاش وەك هێزێك بەشداری هەبوو بۆ لاوازکردنی هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختەکانی قەیران و هەڕەشە تیرۆریستیەکاندا. پشتیوانی ئەمەریکا بۆ بنیاتنانەوەی هێزە ئەمنیەکانی عێراق، لە نێویاندا هێزەکانی پێشمەرگە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١١دا، ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەو ناوهاسەنگیەی لە گرتنەبەری ڕێ و شوێنە ڕاگوزەریەکاندا لە ئارادا بوو: ئەمەریکا لە عێراقی فیدڕاڵدا بە تێچووی زیاتر لە ٢٥ ملیار دۆلار ١٠٩بەتالیۆنی پێکهێنا، لە کاتێکدا تەنیا نۆ بەتالیۆنی بە تێچووی ٩٢ ملیۆن دۆلار لە کوردستان پێکهێنا. بەراوردەکە جێی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر لە تێچووی هەر بەتالیۆنێك بڕوانین: ئەمەریکا تەنیا ١١,٥ ملیۆن دۆلاری بۆ بەتالیۆنێکی پێشمەرگە خەرج کردووە، لە کاتێکدا بۆ هەر بەتالیۆنێکی سوپای عێراقی فیدڕاڵی ٢٢٩,٣ ملیۆن دۆلاری خەرج کردووە.

هەروەك مایکل نایت بە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروست گەیشتووە کاتێك دەڵێت: ئەو هەشت یەکە کوردیەی ئەمەریکا هاوکاری کردن وەك خۆیان ماونەتەوە، لە کاتێکدا نزیکەی یەك لەسەر چواری هێزە فیدڕاڵیەکان لەبەریەك هەڵوەشاونەتەوە. پشتیوانی کردن لە گرێدانی پەیوەندی سەربازی نزیکتر لە نێوان حکومەتی ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان پاساوی بەهێزی هەیە، لەبەر ئەوەی هاوکاری ئەمنی لەگەڵ کوردستانی عێراقدا بەرهەمێکی زیاتری لێ دەچنرێتەوە بە بەراورد بە ئۆپەراسیۆنی هاوشێوە لەگەڵ عێراقی فیدڕاڵداو ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوییەکی زیاترمان هەبێت لە ئاست بەغدا لە ئایندەدا. بەراوردکاریەکی ڕێژەیی

ئەوە دەردەخات کە پتر لە ٦ ملیار دۆلاری پارەی باجدەرانی ئەمەریکا لە یەکە عێراقیە داڕوخاوەکاندا بەفیڕۆ دراوە. تاوەکو ئێستاش ئەو چەك و تەقەمەنیە پێشکەوتووانەی ئەمەریکا کە دراونەتە سوپای عێراق و سۆراغیان نەبوو، لە کۆتاییدا کەوتنە دەستی داعش. کە دواتر لە دژی هەرێمی کوردستان و باقی بەشەکانی دیکەی عێراق و شار و شارۆچکەکانی سوریا بەکار هێنران لە هەموویان دیارتر کۆبانێ بوو.

ئەوەندەی پێوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەوا بەهۆی هێرشە تیرۆریستیەکان و نەمانی متمانە بە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق لە پێش داعش و لە کاتی داعش و هەروەها لە دواتریشدا ڕووبەڕووی تەحەددی دژوار بۆوە، هەروەها پرسە پێوەندیدارەکانی دیکە بە هەرێمی کوردستانەوە(وەك ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دابەش کردنی داهات، دابەشکردنی مانادار و کارای دەسەڵات لەسەر ئاستی فیدراڵی).

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥دا گرووپێك لە ڕاوێژکارە نێودەوڵەتیەکان هاوکاری پەرلەمانی کوردستانیان کرد بۆ ئامادەکردنی پرۆژە دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان بەر لە ئەنجامدانی گفتوگۆکان بۆ داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عیراق. ئەوە ساتەوەختێك بوو کە ڕەنگڕێژی پێوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی نوێی کرد. لە کاتێکدا باقی بەشەکانی دیکە عێراق هەرەسیان هێنابوو، دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەك خۆیان مابوونەوە. هەرێمی کوردستان دەیتوانی کار بۆ دەستووری خۆی بکات پێش ئەوەی ئەم کارە لە عێراقدا بکرێت. لەو ساتەوەختە مێژووییەدا، چەند پرسێك یەکلا دەکرانەوە، سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان، سنوورەکان، پێوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و بژاردەکانی ئاییندە.

وێنای ئەوە بکەن ئەگەر هەرێمی کوردستان و پەرلەمانەکەی لەسەر ئەوە ڕێککەوتنایە کە چ دەسەڵاتێك بە حکومەتی فیدراڵی بدرێت، نەك بە پێچەوانەوە. وێنای ئەوە بکەن ئەگەر ئێمە ڕێککەوتنێکی ڕوونمان هەبووایە لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکان و ئەو حکومەتەی دەبووە حکومەتێکی فیدراڵی لەسەرگرتنەبەری چەند میکانیزمێك ئەگەر هاتوو حکومەتەکانی ئاییندە لە عێراقدا ڕێککەوتنە دەستووریەکەیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پێشێل بکردایە؟!

هەرگیز درەنگ نییەو ئێستاش دەرفەتێکی مەزن دروست بووە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەو ڕێو شوێنانە ڕوون بکاتەوە کە ناتوانرێت بەدەست بهێنرێن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراقدا. هیچ حکومەتێکی عێراقی بە تەواوەتی ئەرکەکانی خۆی لە ئاست ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ئەنجام نەداوە، کە دوا وادەی بریتی بوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧. هەرێمی کوردستان دەتوانێت پێشنیارێکی کردەنیی بخاتەڕوو کە دەرفەت بدات بەوەی هەرێم یەکلایەنە بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەڵبستێت. هیچ شتێك لە دەستووری عێراقیدا ڕێگری ناکات لەوەی هەرێمی کوردستان ئەم پێشنیازە بخاتەڕوو،هەروەها دەست بە جێبەجێ کردنی بکات ئەگەر هاتوو چەند هەلومەرجێك هاتنەدی.

هەروەها هەرێمی کوردستان دەتوانێت چارەسەرێکی نوێ بخاتەڕوو بۆ ئەوەی عێراق وەك دەوڵەتێك هەڵسوڕێت. پێویستە ئەوە بە بیر خۆمان بهێنینەوە کە پارتە سیاسیەکانی کوردستان بۆ چەندین دەیە کاریان کرد تاوەکو قەناعەت بە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ئیدارەی ئەمەریکاو دەوڵەتە دراوسێکان بکەن بۆ ئەوەی سەرەتا فیدراڵی لە عێراقدا قبوڵ بکەن و دواتر پشتیوانی لێ بکەن. لە ماوەی سێزدە ساڵی ڕابردودا، تەنیا لە ئاستێکی دیاریکراودا فیدراڵی سەرکەوتوو بووە. پارتە شیعەکان کە ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە،باش دەتوانن گەمەی زۆرینە بکەن کەمتر و کەمتر ئامادەن بۆ جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە فیدراڵیەکان کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥دا ڕازی بوون پێی. تەحەددیەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە دەبەن کار بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ بکات: فۆرمێکی کۆنفیدراڵی نوێ کە بوار بە هەرێمە جیاوازەکانی عێراق بدات بۆ ئەوەی لە سایەی هەلومەرجی جیاوازدا بژین و بە شێوەیەکی جیاواز پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن. عێراقێکی کۆنفیدراڵی سەرکەوتووتر دەبێت لە فیدراڵیەتێکی مەرکەزی و ناکارا.

حاڵی حازر هەرێمی کوردستان بە کردەنی سەلماندویەتی کە دەتوانێت ئەم پێشنیارە بخاتەڕوو. ئەگەرچی پرۆسەیەکی دووروودرێژ بووەو هەوڵ و قوربانیەکی زۆری بۆ دراوە، بەڵام ستراتیژیەتی نەوتی هەرێمی کوردستان نموونەیەکی پرشنگدارە. کاتێك داعش خاکێکی زۆری لە عێراق داگیر کرد، بۆریە نەوتیە بەدیلەکانی هەرێمی کوردستان هاوکار بوون لەوەی عێراق لە ئاست پابەندبوونە نێودەوڵەتیەکانیدا بێت لە ڕێی هەناردەکردنی نەوتەوە لە کێڵگەکانی کەرکوك و ئەویش لە ڕێی بۆریەکانی کوردستانەوە. هەروەها هەرێمی کوردستان بارگرانی سەر بودجەی عێراقی کەم کردەوە بە هەناردەکردنی نەوتەکەی خۆی بۆ بازاڕەکانی جیهان لە کاتێکدا کە نرخی نزمی نەوت بودجەی عێراقی لاواز کرد.

بۆ ئەوەی کۆنفیدراڵیەت بە شێوەیەکی کارا جێبەجێ بکرێت، ئەوا دەبێت خشتەیەکی زەمەنی ڕوون هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر عێراق نەتوانێت لە ماوەی سێ، پێنج بۆ شەش ساڵدا ئیلتیزاماتەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا هەرێمی کوردستان مافی سەربەخۆبوونی دەبێت دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی. مۆنتینیگرۆ(٢٠٠٦)و باشووری سودان(٢٠١١) بەم مۆدێلەوە سەربەخۆییان ڕاگەیاند. لە هەردوو حاڵەتەکەدا فیدراڵیەتە ناکاراکان ددانیان بە دەوڵەتە نوێیەکاندا نا. لە هەردوو حاڵەتەکەدا توانییان خۆیان لە خوێنڕێژی لابدەن. کاتی ئەوە هاتووە لە عێراقی ناکارادا خۆمان لە ڕژانی خوێنی زیاتر لابدەین.




## تەنگژەی دەوڵەت لە بێ سیستمیی جیهانی نوێدا

# شەڕی داعش و
# گەڕان بە دوای چەمکی نوێی دەوڵەتدا



«لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە جیهان چاوەڕێی شۆڕشێکی نوێیە بۆ دووبارە داهێنانەوەی چەمکێکی نوێی دەوڵەت. لە ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵی رابردووشدا هەموو سەرکردەیەک بە جانتایەکی پڕ لە بەرنامە هاتۆتە دەسەڵات و هەوڵیداوە چەمکێکی نوێی دەوڵەت کە لە ئاستی پێداویستییەکانی قۆناخەکە و داخوازییەکانی هاووڵاتیانیدا بێت، بەرهەم بێنێتەوە، وەک بیل کلینتۆن و تۆنی بلێر، بەڵام نەیانتوانیوە لە کارەدا سەرکەوتووبن. ئەگەر سەیری هەڵبژاردنەکانی رابردووی بەریتانیا و کۆنگرێسی ئەمریکا بکەین، هەست دەکەین لە ناخی خەڵکدا تووڕەییەک بوونی هەیە، بۆیە ئاستی بەشداری خەڵک کەمبۆتەوە و ژمارەی ئەندامانی حزبەکانیش لە کەمبوونەوەدان. لەمەش خراپتر هیچ کەس ئومێدی بە گۆڕانکاری نەماوە و زۆربەیان پێیانوایە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام ئەوە بە هەڵەداچوونێکی گەورەیە، گەر بگەینە ئەو قەناعەتەی کە گۆڕانکاری دروست نابێت. لەبەر ئەوەی هەلومەرجێک هاتۆتە پێشەوە دەبێت گۆڕانکاری گەورە بەسەر چەمکی دەوڵەتدا بێت، بۆ ئەمەش دەتوانین سوود لە ئەزموونی گەلان و دەوڵەتانی دیکە وەربگرین. هەروەها گرنگە لەو راستییە بە ئاگا بین کە شۆڕشی تەکنەلۆژیا هێندەی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا، گۆڕانکاری گەورەی لە هەموو بوارەکانی ژیان دروستکردووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، ئەوەی مەزندە دەکرا ئەوە بووە کە مۆدێلی دەوڵەتەکانی عوسمانی، هیندستان و چین، رۆڵی زۆر گەورە لە جیهاندا بگێڕن، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئاینی یەکەم، دامەزراندنی دەوڵەتی لیڤاسانی هۆبز بووە یەکەم شۆڕش بۆ لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و لە سەدەی حەڤدەیەمدا شۆڕشی دووەم بەسەر دەوڵەتدا هات، ئەویش لەدایکبوونی دەوڵەتی لیبرالیزم بوو، لەدوای ئەویش لە کۆتایی سەدەی نوزدەهەم شۆڕشی سێیەم کرا، کە ئەویش لەدایکبوونی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی (welfare state) بوو، بەڵام ئەم دەوڵەتەش لە حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە رووبەڕووی ئاستەنگ بۆتەوە، ئەم مۆدێلی دەوڵەتەیە کە وایکرد ئەمریکا شەڕی ڤیتنامی دۆڕاند، لە شەڕی کەمکردنەوەی هەژاریشدا بووە هۆکاری ئەوەی هەژاری لە جیهاندا زۆرتر بێت و لە پرۆسەی پەرەپێدانیشدا هەڵاوسانی ئابووری بێتەئاراوە. هەر بۆیە هەموو هۆکارەکان لە چاوەڕوانی شۆڕشی چوارەمدان، بۆ ئەوەی مۆدێلێکی تازەی دەوڵەت بێتەئاراوە کە توانای وەڵامدانەوەی تەحەددییەکانی ئەم سەردەمەی هەبێت».




جۆن مایکلوایت – ئەدریان وۆڵدرریج
کتێبی شۆڕشی چوارەم: کێبڕکێی جیهانی بۆ دووبارە داهێنانەوەی چەمکی دەوڵەت

## ● شەڕی داعش و شکستی دەوڵەت لە پاراستنی خاکەکەیدا

ئەگەر هەتا سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ کێشەی ئەم مۆدێلەی دەوڵەت شکستهێنان بوویێت لە بەردەم شۆڕشی تەکنەلۆژیا و شەڕی هەژاری و پرۆسەی پەرەپێدان و دابینکردنی دادپەروەری، ئەوا لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ەوە و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن تیرۆریستانی داعش و دەستێوەردانی رووسیا لە کێشەی ئۆکرانیا و لکاندنی کرێما بە رووسیاوە لەسەر بنەمای ئاینی کریستیانی (ئەرتۆدۆکس)ـی، ئەوا مۆدێلی دەوڵەتی رۆژئاوا لە بەردەم شکستێکی هێجگار گەورە خۆی بینیوەتەوە، ئەو شکستەش بریتییە لە:

١. دەرکەوت دەوڵەتی مۆدێلی رۆژئاوا چیدیکە ناتوانێت کۆنترۆڵی خاکەکەی بکات و ناتوانێت لە چوارچێوەی پێناسەکەی ماکس ڤێبەر بۆ دەوڵەت بەوەی شەرعییەتی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی هەیە بۆ پاراستنی خاك و گەلەکەی، چیدیکە لە بەردەم تیرۆریستاندا ناتوانێت خاك و گەلەکەی بپارێزێت و تیرۆریستان (لە پاکستانەوە تا نەیجیریا) بە کردەیی لە بری دەوڵەت، هەمان دەسەڵات پیادە دەکەن و مۆنۆپۆلی هێزیان کردووە.

٢. لەناو دەوڵەتانی رۆژئاواشدا لە (سیدنی ەوە تا دەگاتە ئەستەنبوڵ و لەندەن و واشنتۆن)، دەوڵەت نەك هەر نەیتوانیوە چالاکیی تیرۆریستان کۆنترۆڵ بکات، بەڵکو تیرۆریستان بە ئاشکرا یاساکانی ئەو دەوڵەتە لیبراڵییانە بەکاردەهێنن بۆ شەرعییەتدان بەکارەکانیان و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لەناو ئەو دەوڵەتانە و ئەو دەوڵەتانەش دەستەوەستانن لە ئاستی کۆنترۆڵکردنی تیرۆریستاندا، تەنانەت تیرۆریستان بە ئاشکرا چالاکی خۆیان دەکەن و دەزگاکانی پۆلیس و هەواڵگریی هەموو ئەو دەوڵەتانەش تەماشایان دەکەن و هیچیان پێناکرێت.

٣. لەسەر ئاستی سیستمی جیهانیش کە بەرهەمی ئەم مۆدێلەی دەوڵەت لە جیهاندا، سیستمی نوێی جیهانی گۆڕیوە، بۆ بێ سیستمی نوێی جیهان، هەر بۆ نموونە: رووسیا بەشێکی ئۆکرانیای بە وڵاتەکەیەوە لکاندووە، بەڵام هەڵوێستێکی نێودەوڵەتی یەکگرتوو نییە، ئەمریکا هەڕەشەی ئەوە دەکات رووسیا لە سیستمی سۆڤێیت بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان لە جیهاندا بێبەش بکات، بەڵام رووسیا لە بەرامبەردا هەڕەشەی توندتر دەکات و بە جیهان دەڵێت: وەڵامدانەوەمان هەموو سنوورەکان دەبەزێنێت!

لەسەر ئاستی چارەسەرێکی نێودەوڵەتی بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و سووریا بەتایبەتی، ئەمریکا نەك هەر هیچی پێنەکراوە، بەڵکو ئێستا بە کردەیی خۆی لە بەرەی رژێمی سووریا و حزبوڵا و ئێراندا لە شەڕی دژی داعشدا دەبینێتەوە.

٤. لە سەر ئاستی بوونی سوپای بەهێزی ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆش لەسەر زەوی، راشکاوانە ئەو واقیعە بەرجەستە بووە، کە زیاتر لە ١٣٠ هەزار سەربازی ئەمریکا کە هەتا پێش ٢٠١١ لە عێراق بوونیان هەبووە و سوپایەکی گەورەی ناتۆ کە تائێستاش لە ئەفغانستان بوونیان هەیە، نەیانتوانیوە بە کردەیی تیرۆریستان لەسەر زەوی تێکبشکێنن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی سوپایەکی مۆدێرنی هاوشێوەی سوپای ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ، ناتوانن لە سەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات کە ئەگەر لە مۆدێلی ئەو دەوڵەتانە ورد ببینەوە، کە ئەمریکا و ناتۆ دەیانەوێت بیپارێزن، دەبینین دەیانەوێت ئەو مۆدێلی دەوڵەتە وەك خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بە سەردا نەیەت، ئەمەش راستییەکی یەکجار گرنگمان بۆ دەخاتەڕوو ئەویش ئەوەیە، نە ئەو مۆدێلی دەوڵەتەی ئەمریکا و رۆژئاوا دەیانەوێت بیپارێزن، چیدیکە دەپارێزرێت، نە بەو مۆدێلی دەوڵەتەی ئێستاش لە ئەمریکا و رۆژئاوا هەیە دەتواندرێت سەرکردایەتی جیهان بکرێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبی شۆڕشی چوارەم کە جۆن مایکلوایت سەرنووسەری ئیکۆنۆمیست و ئەدریان وۆلدریج بەڕێوەبەری نووسینی هەمان گۆڤار بە هاوبەشی نووسیویانە، دەگەینە ئەو راستییەی چیدیکە جیهان ناتوانێت بەو مۆدێلە کۆنەی دەوڵەت، سیستمی جیهانی رێکبخاتەوە و سەرکردایەتی جیهان بکات، نە ئەو هێزەش دەتوانێت مۆدێلی دەوڵەتە کۆنەکە بپارێزێت، هۆکاری سادەش بۆ گەیشتن بەم قەناعەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی وەك فۆکۆیاما لە ساڵی ٢٠١٤ لە کتێبی سیستمی سیاسی و پووکانەوەی سیستمی سیاسی، هۆکارەکەی دەگێڕێتەوە بۆ دامەزراوەکانی سیستمە سیاسییەکە، بەوەی وەك پێویست ناتوانن کاربکەن و هەماهەنگی پێویست لە نێوان دەوڵەت و سەروەریی یاسا و بەرپرسیاریەتی دیموکراتی نییە، بەڵام گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی ٢٠١٤ بە ئاستێکە ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما لەلایەن ئەو پسپۆڕ و تایبەتمەندانەی وەك (رۆبن رایت، دینیس رۆس و

**ئەم مۆدێلی دەوڵەتەی ئێستا کە لە کوردستان خەریکە بە تەواوەتی دروست دەبێت، بەردی بناخەی ئەو دەوڵەتە دەبێت کە توانای وەڵامدانەوەی تەحەددییەکانی سەدەی بیست و یەکەمی هەبێت، کە لە هەموویان گرنگتر تێکشکانی تیرۆریستان و پێکەوەژیانی گشت ئاین و نەتەوە جیاوازەکانە**

**ئەگەر واقیعی ئێستای کوردستان لە ناو لێکترازانی جیۆپۆلیتیکی جیهان سەیر بکەین، ئەوا راشکاوانە بەچاوی خۆمان دەبینین کە کوردستان لەناو جیۆپۆلیتیکی تازەی ناوچەکە، پێگەیەکە نەک بە ئاسانی دەستکاری ناکرێت، بەڵکو جیهان خەریکە بە تەواوەتی لەو راستییە تێدەگات، ئەم پێگە تازەیە لە ناو جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و جیهاندا پێویستی بە هاوکاری و رێزلێگرتن هەیە**

**راستە کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی ئەندام لە ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەیر ناکرێت، بەڵام لە ئەمری واقیعدا وەک ئەو دەوڵەتە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە تواناى وەڵامدانەوەی تەحەددییە سیاسی و ئابوورییەکانیشی هەیە**

**ئەو سیستمی نوێیە جیهانیەی ئەمریکا (لە سەردەمی بوشی باوک) لە دوای رووخانی دیواری بەرلین رایگەیاند، ئامانجی ئەوە بوو حوکمڕانییەکی گلۆباڵی لە جیهاندا دروست بکات، بەڵام ئەو حوکمڕانییە گلۆباڵییە هەر نەهاتەدی، لەبەر ئەوەی قۆناخی تازە داوای گۆڕانکاری پێویست لە جیۆپۆلیتیک و جیۆئیکۆنۆمی دەکات**

**ئێستا لە سەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی سیاسی، بەشێکی زۆریان گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە ئەو سیستمەی دەوڵەتی عێراق و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر دامەزراوە، خۆیان وەک سیستم سەرچاوەی کێشە و ئاژاوە و شەڕە خوێناوییەکانن**

رۆبەرت ساتلۆف)ـەوە کە بەشێوەیەکی مەیدانی لەسەر کێشـــەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کار دەکەن، بگەنە دەرئەنجامێکی دیکە، ئەویش ئەوەیە تەنیا کێشەکە لە شێوازی هەڵســووڕانی دامەزراوەکان و هەماهەنگیی نێوان دەوڵەت و ســەروەریی یاســا و بەرپرسیاریەتی دیموکراتی نییە، بەڵکو کێشـــەکە لە خودی سیستمی دەوڵەتدایە. فۆکۆیاما لە کتێبی سیســتمی سیاسی بەراورد لە نێوان ســۆماڵ و دانیمارك، باســی ئەوەی کردووە کە دامــەزراوەکان لە دانیمارك بەباشــی کار دەکەن، بەڵام لە سۆماڵ دامەزراوە نییە، ئەم بۆچوونەی فۆکۆیاما بەدیوێکدا زۆر باش کێشەکەی دەستنیشان کردووە، بەڵام بە دیوێکی دیکەیدا ئەوەی تیرۆریستان دەتوانــن لــە دانیمارك و لەژێر ســایەی دامەزراوە و یاســاکانی دانیمارك ئەنجامی بدەن، لە سومالٰ بۆیان ناکرێت، ئەمەش نیشــانەی ئەوەیە سیستمی دەوڵەت لــە هەموو جیهان کەوتۆتە ژێر پرســیارێکی گەورە، ئەم پرســیارە گەورەیەش لە ســەر ئاستی جیهان بێ وەڵامە. هەر بۆ نموونە: بەشێکی زۆری جیهان گوشار دەکەن بۆ ئــەوەی کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی رژێمی بەشار ئەسەد لە سووریا بڕووخێنن، بەڵام کیسنجەر لە کۆڕێکیدا کە لە کۆتایی ٢٠١٤ بە بۆنەی دەرچوونی کتێبە تازەکەیەوە (سیستمی جیهانی) لە ئامۆژگای پەیوەندییەکانــی دەرەوە بۆی رێکخرابوو، راشــکاوانە هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە کردو ئاماژەی بەوە کرد، کە کێشەکە رووخانی رژێمی ئەسەد نییە، وەك هەندێك دەوڵەت جەختی لەسەر دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی نازانین دوای رووخانی رژیمی ئەسەد چ سیستمێك لە سووریا بوونــی دەبێت. مایــکل نایت -یش لــە ئامۆژگای واشنتۆن کە لە سەرەتای ٢٠١٥ توێژینەوەیەکی قووڵی بە ناونیشــانی (دوای داعش: بەحزبوڵاکردنی عێراق) لە سەر بارودۆخی عێراقی دوای داعش نووسیوە، لەم دیراسەتەدا پرۆفیسۆر نایت راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەگەر ئەمریکا شــەڕی داعشیش بباتەوە، ئەوا عێراق دەدۆڕێنێت، لە بەر ئەوەی عێراقی دوای داعــش، دەبێتە باشــووری لوبنانێکی دیکە بۆ حزبوڵایەکــی دیکە، ئەمەش مانــای ئەوەیە ئەگەر رژێمی ئەسەد لە ســووریا بڕووخێنن، ئەوا رژێمێکی سەرکوتکار دەگۆڕێت بۆ رژێمێکی تیرۆریست، ئەگەر لە عێراقیشدا داعش تێکبشکێندرێت، ئەوا حزبوڵایەکی دیکە دروست دەکەن، دیارە حزبوڵاش بە هەمان شێوە لە چاوی رۆژئاوادا تیرۆریستە.

کەواتــە ئەمە بەرەو راســتییەکی دیکەمان دەبات، ئەویش ئەوەیە لە ناو ســنوور و سیستمی ئەو مۆدێلە کۆنەی دەوڵەتدا، هیچ کێشــەیەك چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەست بۆ چارەســەری هەر کێشەیەك دەبەیت، کێشەیەکی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## ● پشتگیری سەربازی ئەمریکا و رۆژئاوا تەنیا لەگەڵ پێشمەرگە ئاکامی هەبووە

یەکێك لە لایەنە ئەرێنییەکانی کابینەکەی د.عەبادی ئەوە بوو، وەزیری دارایی درا بە هاوپەیمانی کوردستانی، ئەم وەزارەتە لەگەڵ ئەوەی قاســەیەکی بەتاڵ بوو لەم کابینە تازەی حکومەتی عێراقدا، بەڵام هەندێك راستی ئاشــکرا کرد، کە پێشتر بە هەماهەنگی نێوان وەزیری دارایی پێشــوو و نوری مالیکی پەردەپۆش کرابوون و کەم کەس دەیزانی، عێــراق چەند یەدەگی دارایی هەبووە. بەهەرحاڵ وەك ئاماژەی پێدەکرێت، عێراق لە سەرووی ٧٠ ملیار دۆلار یەدەگی هەبووە و لە ساڵی ٢٠١٤ شدا تەنیا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار بووە، نەنێردراوە، ئەمە بێجگە لە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار کە بودجەی حکومەتی عێراق بووە و راســتەوخۆ لەلایەن ســەرۆك وەزیرانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە!

لەماوەی ســاڵانی ٢٠١٣- ٢٠١٤ نوری مالیکی بــەردەوام لەچەند ســەرچاوەیەکەوە وەك ( رووســیا، ئەمریــکا و ئێران) خەریکی کڕینــی چەك بووە، لە دوای دەرکەوتنــی داعــش و داگیرکردنی موســڵ و تکریت و بەشــێکی دیالــە و پارێزگای ئەنباریش، ئایەتوڵا سیســتانی مەرجەعییەتی گەورەی شیعە لە نەجەف (نەفیرعام)ی راگەیاند و لەسەر داواکەی ئەو بە دەیان جۆر چەکداری حەشدی شەعبی دروستکراون و وەك سوپای شیعە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، لەلایەن کۆماری ئیســلامی ئێرانیشەوە هەموو جۆرە چەك و یارمەتییەکیــان بۆ ناردراوە و تەنانەت وەك راوێژکاری ســەربازیش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هاوکاری کراون، لەو کاتەوەش کە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بڕیاری داوە هــاوکاری عێراق بکات، ئەوا ئەوەندەی هاوکاری ســەربازیی عێراق لە هەموو روویەکــەوە کراوە، زۆر کەمتر هاوکاری پێشــمەرگە کراوە. بۆ نموونە ئەگەر ١٠٠ تانــك بۆ عێراق هاتبێــت و بڕیار بووبێت عێراق ٢٥٪ی بنێرێت بۆ پێشــمەرگە، ئــەوا عێراق زۆر لەو بڕەش کەمتری ناردووە. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی قسەی هەموو راوێژکارە ســەربازییەکانی ناوخۆ و دەرەوە، ئەو بەرەیەی پێشــمەرگە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بە درێژایــی زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمەتــر (لە کۆبانێ تا

جەلەولا) شەڕی تێدا کردووە، زۆر زیاتر بووە لەو بەرەی کە حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لەگەڵ داعش شەڕیان تێدا کردووە، هەندێك بەرەی شەڕیش کە لەگەڵ پێشمەرگە هاوسنوور بوون، پێشمەرگە هاوکاری سوپای عێراق و حەشدی شەعبیشی کردووە. ئەم خستنەڕووە لە پێناوی ئەوەیە بپرسین: بۆچی ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە لە ماوەی چوار مانگدا بە سەر تیرۆریستانی داعش بە دەستی هێنا و تەواوی ناوچەکانی کوردستانی لە تیرۆریستانی داعش پاککردەوە، بەڵام سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و حزبوڵڵای لوبنانی لەسەر زەوی نەیانتوانی ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بهێنن؟ ئەم پرسیار و بەراوردکارییە بۆ ئەوە نییە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ پێشمەرگە بەکەم سەیر بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو هاوکارییە سەربازییانە رۆڵێکی کاریگەریان لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە گێڕاوە و جێگەی سوپاس و ستایشە، بەڵام ئەم بەراودکارییە لە پێناوی ئەوەیە کە ئەم پرسیارە بخەینەڕوو: بۆچی هاوکاریکردنی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق زۆر لە پێشمەرگە زیاتر بووە، بەڵام ئاکامی نەبووە؟ هەر بۆ نموونە ئەگەر تەنیا سەیری رووداوەکانی هەفتەی رابردوو بکەین، دەبینین بەشی زۆری ئەو شوێنانەی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە تیرۆریستانی داعش رزگاریان کردبوو، بەتایبەتی لە بێجی و ئەنبار، داعش جارێکی دیکە چووەوە ئەو شوێنانە و بە سەختی دەستی لێیان وەشاندەوە، مەزندەکانیش بەو ئاستەن کە شەڕی نێوان داعش و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لە بازنەیەکی بەتاڵی گرتن و لێسەندنەوە (کر وفر) دەبێت، وردبوونەوە لەم بەراوردکارییە دەمانباتەوە بۆ ناو ئەو بازنەیەی کە هەریەکە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەك و سوپای عێراق و حەشدی شەعبی لەلایەکی دیکە شەڕی تێدا دەکەن. بۆ ئەو میتۆدی بیرکردنەوەیەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆکەکەی لە شەڕی داعشدا پیادەی دەکەن، کە شەڕێکە لە پێناوی ئازادکردنی خاکێکدا کە تیرۆریستانی داعش زۆر دڕندانە هێرشیان کردۆتە سەر و ئەو خاکەکەش خاکی کوردستانە. بۆیە کوردستانییان هەموویان پێکەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك سوپای پارێزەری خۆیان سەیر دەکەن و ئامادەن لە ریزەکانی پێشمەرگە خۆیان بە کوشت بدەن، پاش ئەوەشی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو ناوچانە ئازاد دەکاتەوە، هەمان ئەو خەڵکانە خاوەنی ئەو خاکەن کە پێشتر لە سەری بوون و خۆیان دەبنەوە بە خاوەن ماڵ، ئەگەر سەیری شەڕەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بکەین، هەست دەکەین ئەوانەشی کە لەناو ئەو سوپایە و ناو هێزەکانی حەشدی شەعبین، وەك سوپای وڵاتێك دژی تیرۆریستان شەڕ ناکەن، بەڵکو وەك سوپای تائیفەیەك دژی تائیفەیەکی دیکە شەڕ دەکەن، لەمەش زیاتر ئامانج لە شەڕەکە ملکەچپێکردنی تائیفەیەکە بۆ دەسەڵاتی تائیفەیەکی دیکە و ئەمەشمان بە ئاشکرا لە شەڕەکانی تکریت و بێجی و پارێزگای ئەنبار بینی. زیاد لەمەش سەرۆك هۆزەکانی عەرەبی سوننەش راستەوخۆ لە شاشەی تیڤییەکانەوە ئەوەیان نەشاردەوە کە لەگەڵ ئەوەی ئەوان شەڕی داعشیشیان کردووە، بەڵام لەلایەن عێراقەوە چەکیان پێنەدراوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لە شەڕەکە بکشێنەوە. لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی تیرۆریستانی داعش لەم بۆشاییە سیاسییەی حکومەتی بەغدا لە پەراوێزکردنی سوننە دروستی کردووە، بە ئاسانی توانیویانە لە شەڕەکاندا رقی تائیفی وەك چەکێکی مەعنەوی و بەهێز دژی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەکاربهێنن.

ئەم ئاکامەی کە لەناو بەرەکانی شەڕەوە بەدەرکەوتوون، هەتا ئێستا لەسەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماتی، وەك خۆی دیراسەتی لەسەر نەکراوە و لەبەرچاو نەگیراوە، ئەوەی زیاتر لەبەر چاو گیراوە، ئەوەیە کە گوایە گۆڕینی شێوازی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و عەرەبی سوننە بە چەك و کەرەستەی سەربازی بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێ گوێدان بە بەغدا، دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق!! ئەمە لە کاتێکدا ئێستا لە سەر ئاستی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی سیاسی، بەشێکی زۆریان گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی کە ئەو سیستەمەی دەوڵەتی عێراق و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەسەر دامەزراوە، خۆیان وەك سیستم سەرچاوەی کێشە و ئاژاوە و شەڕە خوێناوییەکانن و هەتا هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی ئەو سیستمە سەقەتە بەردەوام بێت، ئەوا شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیریش بەردەوام دەبێت، لەسەر ئاستی کۆی سیستمی جیهانیش، ئەگەر ئەم سیستمە کۆنەی دەوڵەت دووبارە داهێنانەوەی تێدا نەکرێت، ئەوا سیستمی نێودەوڵەتی لە بری ئەوەی بۆ قۆناخی تازە و شایستەی سەدەی بیست و یەك هەنگاو هەڵبگرێت، دەگەڕێتەوە بۆ پێش ویستفالیا و پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

**تیرۆریستانی داعش لەم بۆشاییە سیاسییەی حکومەتی بەغدا لە پەراوێزکردنی سوننە دروستی کردووە، بە ئاسانی توانیویانە لە شەڕەکاندا رقی تائیفی وەک چەکێکی مەعنەوی و بەهێز دژی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەکاربهێنن**

**ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە لە ماوەی چوار مانگدا بەسەر تیرۆریستانی داعش بە دەستی هێنا و تەواوی ناوچەکانی کوردستانی لە تیرۆریستانی داعش پاککردەوە، بەڵام سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و حزبوڵڵای لوبنانی لەسەر زەوی نەیانتوانی ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بهێنن؟**

**عێراق لە سەرووی ٧٠ ملیار دۆلار یەدەگی هەبووە و لە ساڵی ٢٠١٤ شدا تەنیا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە زیاتر لە ١٥ ملیار دۆلار بووە، نەنێردراوە، ئەمە بێجگە لە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار کە بودجەی حکومەتی عێراق بووە و راستەوخۆ لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە**

**• دروستکردنی دەوڵەتێك توانای وەڵامدانەوەی هەبێت کوردستان وەك نموونە**

کیشۆر مەهبوبانی راگری قوتابخانەی (لی کوان یو) بۆ سیاسەتی گشتی لە سەنگافورا، لە کۆڕێکیدا لە زانکۆی هارڤارد بە ناونیشانی (چی دەبێت ئەگەر چین بووە ژمارە یەك لە جیهاندا؟) ئاماژەی بەوە کردووە، ئەمریکا لە ئێستادا ئەو یاسایانەی خۆی لە دەرەوەی ئەمریکا بە سەر وڵاتان و کۆمپانیاکاندا جێبەجێ دەکات. هەر بۆ نموونە: بانکی ستاندەر چارتەری بەریتانی بە ٣٦٠ ملیۆن دۆلار سزا داوە، لەبەر ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ ئێران کردووە، لەکاتێکدا بانکی ناوبراو نە یاساکانی بەریتانیا و نە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشیشی تایبەت بە سزاکانی سەر ئێرانی پێشێل کردووە، ئەم ئاماژەی مەهبوبانی بۆ شێوازی مامەڵەی ئەمریکا لە رووی ئابوورییەوە لەگەڵ وڵاتان و کۆمپانیاکان لەسەر ئاستی جیهان، ئاماژەی ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، بەوەی ئەمریکا دەیەوێت یاسای وڵاتەکەی جێگەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بگرێتەوە، واتە هەروەك چۆن هاووڵاتیان و کۆمپانیاکانی ئەمریکا ملکەچی ئەو یاسایانەن، بەهەمان شێواز دەبێت، وڵاتان و کۆمپانیاکانی جیهانیش پابەندی بن! پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر ئەم ئاراستەیەی ئەمریکا بەم شێوەیە بەردەوام بێت، کاردانەوەی وڵاتانی گەورەی وەك رووسیا و چین و تەنانەت بەریتانیاش چۆن دەبێت؟ بێگومان وەك هەموو پسپۆڕان ئاماژەی پێدەکەن، لە بری ئەوەی پێوەندی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان لە نێوان کۆمپانیاکان و دەوڵەتان، پێوەندییەکی پشت بە یەك بەستن (-inte dependent) بێت، دەگۆڕێت بۆ لێکدوورکەوتنەوە و رەتکردنەوەی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانەی کە لە بواری بازرگانی و ئابووری، هەموو جیهان پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئەم ئاماژەیەی کیشۆر مەهبوبیان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، ئەگەر سیستمی جیهانی لە سەر ئاستی سیاسی و جیۆپۆلۆتیکی بەرەو ئاڕاستەی لێکترزان بڕوات، ئەوا لەسەر ئاستی جیۆئیکۆنۆمی واتە جوگرافیای ئابووریش بەرەو لێکترازان دەچێت. هەربۆیە ئەگەر دەوڵەت و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی سیاسی و جیۆپۆلیتکی دووبارە پێویستی بە داهێنانەوەی چەمك و مانای تازە هەبێت، ئەوا لەسەر ئاستی جیۆئیکۆنۆمیش بە هەمان شێوە دەبێت. ئەو سیستمی نوێیە جیهانیەی ئەمریکا (لە سەردەمی بوشی باوك) لە دوای رووخانی دیواری بەرلین رایگەیاند، ئامانجی ئەوە بوو حوکمڕانییەکی گڵۆباڵی لە جیهاندا دروست بکات، بەڵام ئەو حوکمڕانییە گڵۆباڵییە هەر نەهاتەدی، لەبەر ئەوەی قۆناخی تازە داوای گۆڕانکاری پێویست لە جیۆپۆلتیك و جیۆئیکۆنۆمی دەکات.

ئەگەر لەناو گۆڕانکارییە پێویستەکانی جیۆپۆلیتیك و جیۆئیکۆنۆمیی جیهاندا، سەیری پێگەی ئێستای کوردستان بکەین و لەو روانگەیەوە بیخوێنینەوە کە جیهان وەك توخمێکی سەرەکی لە هەر دوو هاوکێشەکە لێ دەڕوانێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بڵێین: راستە کوردستان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی ئەندام لە رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەیر ناکرێت، بەڵام لە ئەمری واقیعدا وەك ئەو دەوڵەتە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە توانای وەڵامدانەوەی تەحەددییە سیاسی و ئابوورییەکانیشی هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتەی جیهان بەدوایدا وێڵە بۆ ئەوەی بتوانیت لە ئاستی تەحەددی جیۆپۆلیتکی و جیۆئیکۆنۆمی توانای وەڵامدانەوەی هەبێت، ئەوا نموونەی ئەو دەوڵەتە بە کردەیی بوونی هەیە و دەبێت جیهان پشتگیری لێ بکات.

ئەگەر واقیعی ئێستای کوردستان لە ناو لێکترازانی جیۆپۆلیتکی جیهان سەیر بکەین، ئەوا راشکاوانە بەچاوی خۆمان دەبینین کە کوردستان لەناو جیۆپۆلتیکی تازەی ناوچەکە، پێگەیەکە نەك بە ئاسانی دەستکاری ناکرێت، بەڵکو جیهان خەریکە بە تەواوەتی لەو راستییە تێدەگات، ئەم پێگە تازەیە لە ناو جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و جیهاندا پێویستی بە هاوکاری و رێزلێگرتن هەیە، لە بەر ئەوەی ئەو دەوڵەتەی وەك ئەمری واقیع لە سەر بەشێکی جوگرافیای کوردستان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونی هەیە، ئەو دەوڵەتەیە توانای تیکشکانی تیرۆریستانی داعش و قاعیدەی هەیە و ئەو سیستمی حوکمڕانییەی لەم دەوڵەتە پیادە دەکرێت، توانای دابینکردنی سەقامگیری تەواوی ئەو خاکەی هەیە کە حوکمڕانی لەسەر دەکات و لەسەر ئەو خاکەشی کە پێکهاتەیەکی فرەئاینی و نەتەوەیی جیاواز دەژین و فرەیی سیاسی تا ئەو پەڕی بوونی هەیە، دەتوانن پێکەوە بژین و وێڕای هەموو جیاوازییەکان و دەستێوەردانە ئیقلیمییەکان، بەڵام هەموو پێکهاتەکان، کوردستان بە وڵاتی خۆیان دەزانن، هەر بۆیە پشتگیری جیهان هە لە ئوستراڵیا تا رووسیا و یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بۆ ئەم پێگە جوگرافییە، بۆ ئێستای جیهان

**لە ناو سنوور و سیستمی ئەو مۆدێلە کۆنەی دەوڵەتدا، هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەست بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک دەبەیت، کێشەیەکی گەورەتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت**

**ئەگەر ئەمریکا شەڕی داعشیش بباتەوە، ئەوا عێراق دەدۆڕێنێت، لە بەر ئەوەی عێراقی دوای داعش، دەبێتە باشووری لوبنانێکی دیکە بۆ حزبوڵایەکی دیکە**



زۆر لــە دانپێدانانی نەتەوە یەکگرتــووەکان و بوون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان گەورەترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم مۆدێلی دەوڵەتەی ئێســتا کە لە کوردستان خەریکە بە تەواوەتی دروست دەبێت، بەردی بناخەی ئەو دەوڵەتە دەبێت کە توانای وەڵامدانەوەی تەحەددییەکانی ســەدەی بیســت و یەکەمی هەبێت، کە لە هەموویان گرنگتر تێکشکانی تیرۆریستان و پێکەوەژیانی گشت ئاین و نەتەوە جیاوازەکانــە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە سەر گۆڕانگاری جیۆئیکۆنۆمی سەیری پێگەی کوردســتان بکەین وەك مۆدێلی دەوڵەتێکی تازە، ئەوا هەموو جیهان بە چاوی خۆی دەبینێت چۆن کوردستان لە ناو جوگرافیای ئابووریی جیهان و وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەرچاوەی سروشــتی جێگەی خۆی گرتووە، لــەم لایەنەوە کرانــەوەی جیهان لــە جیۆئیکۆنۆمی گەورەترە لە کرانەوەی لەســەر ئاســتی گۆڕانکاری جیۆپۆلیتیکی، هەر بۆیە هیچ سەیر نییە، حکومەتی فیدراڵی عێراق یاســای نــەوت و گازی نییە، بەڵام هەمــوو جیهان بە کۆمپانیاکانــی دەرهێنانی نەوت و راکێشانی بۆریی نەوت و فرۆشتنی نەوتەوە، بە ئاشکرا لەگەڵ یاســای نەوت و گازی هەرێمی کوردســتان مامەڵە دەکەن، تەنانەت حکومەتی فیدراڵیی بەغدا کە هەموو شێوازێکی گرتەبەر بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی سیستمە کۆنەکەی دەوڵەتی عێراقدا پێگەی کوردستان لە جوگرافیای ئابــووری جیهانــدا نەهێڵێت، بەڵام چونکە جیهان بەرەو ئاڕاستەیەك هەنگاو هەڵدەگرێت، سەرەنجام مۆدێلی دەوڵەتی کوردستان پەسەند دەکات، ئێستا بەغدا خۆی دانی بەوەدا ناوە، نەوتی کوردستان بە رێگەی بۆرییە نەوتەکانی کوردســتان بفرۆشرێت، لەمەش ســەیرتر ئەوەیە هەر کۆمپانیای ســۆمۆ وەك کۆمپانیای بە بازاڕکردنی نەوتی عێراق، خۆی نەوتی کوردستان وەردەگرێت و دەیفرۆشێت.


هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم لایەنەی تەنگژەی دەوڵەت و سیســتمی جیهانی، ئاستی قســەکردن و وتووێژی لەســەر ئایندەی دەوڵەت لە جیهاندا بردۆتە ئاستێکی دیکە، راســتە کوردســتان لەناو سیســتمە کۆنەکەدا دەوڵەت نییە، بەڵام بە هەر سیســتمێك ئەم جیهانەی ئێستا رێکبخرێتەوە، بە ناچاری پێشوازی لە دەوڵەتی ئێستای کوردستان دەکات.

**کوردستان لە ناو جوگرافیای ئابووریی جیهان و وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەرچاوەی سروشتی جێگەی خۆی گرتووە، لەم لایەنەوە کرانەوەی جیهان لە جیۆئیکۆنۆمی گەورەترە لە کرانەوەی لەسەر ئاستی گۆڕانکاری جیۆپۆلیتیکی، هەر بۆیە هیچ سەیر نییە، حکومەتی فیدراڵی عێراق یاسای نەوت و گازی نییە، بەڵام هەموو جیهان بە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت و راکێشانی بۆریی نەوت و فرۆشتنی نەوتەوە، بە ئاشکرا لەگەڵ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکەن**

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی کۆنفیدراڵیدا

## گفتوگۆیەکی هێمنانە و بابەتییانەی تێڕوانینەکانی ئەیاد سەماوی دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان

(١-٣)



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێ دوا وتارم بە ناوی (چۆن دەکرێ خەونی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی لە عێراق بەدی بێت؟) بڵاوکردەوە، چاوەڕوانی پەرچەکرداری ئەرێنی و نەرێنی و هەندێ جاریش توندم دەکرد کە هەندێ کەس ئاڕاستەی بکردمایە، لەلایەك ئەوانەی بە هیچ شێوەیەك مافی گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسیی خۆی بە ڕەوا نابیین، لەلایەکی دیکەوە ئەو پەرچەکردارە چەندین هەوڵی نەزۆك و سووکایەتی پێکردن و گومانکردن لە راستیی نیازەکانی نووسەر بەخۆوە دەبینێت، ئەم شتە لە عێراقی ئەمڕۆدا نامۆ نییە کە کەڵەکەبووی رابردوویەکی تاڵ و نائومێدیی واقیعە تازەکەی هەڵگرتووە لە چوارچێوەی رژێمێکی سیاسیی تایفەگەری و پشککاری تایفەگەریی دژ بە نیشتمان و خودی هاووڵاتیدا، کە لەدوای رووخانی دیکتاتۆریەتی بەعسی فاشی و رەگەزپەرست و داگیرکردنی عێراق و سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تیرۆر و چالاکیی چەکدارانەی خوێناویی ناوخۆی میلیشیا ئاینی و تایفەگەرییەکانی سوننەو شیعە و دواتر دەرەکی هاتە ئاراوە.

عێراق بە درێژایی چوار دەیەی تەواودا کەوتبووە ژێر هەژموونی هزری قەومیی راسترەوی و بەعسی رەگەزپەرست و سیاسەتگەلێکی فاشیی توندڕۆ لە رووی بانگەشەو پەروەردەکردنی نەوەوە بەمەبەستی دژایەتیکردنی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە و لەژێر دروشمی (لایەنی بەکرێگیراو) و جوداخوازی و بەناوی (بەرگریکردن لە دەروازەی رۆژهەڵات)دا، ئەم پلان و ئامادەکارییە تەنیا بۆ مەبەستی شەڕی عێراق — ئێران نەکرابوو، بەڵکو بۆ شەڕی ئەنفال و کیمیاوی دژی گەلی کوردستان بە هەموو نەتەوەو شوێنکەوتووانی ئاینەکان و ئاینزاکان بە تایبەتیش گەلی کورد رێکخرابوو، دوای ئەمە رژێمی سیاسیی تایفەگەر هاتە مەیدانەکەوە کە بە زۆری فیدراڵییەتی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە پێشتر لە ١٩٩١-١٩٩٢وەوە بە کردارەکی لە هەرێمی کوردستان راگەیانرابوو، بەڵام لەلایەکەوە ئەو هێزە ئاینییانە دان بە نەتەوەکاندا نانێن، لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك دەگەنە دەسەڵات زیاتر قەومچی و راستڕەوە دەبن و زۆرتریش ئامادەن بۆ رووبەڕووبوونەوە کاتێك دەرفەتی گونجاویان بۆ دەڕەخسێت، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو هەموو شەڕانەی رژێمە قەومیی و بەعسییەکان کە بە درێژایی ماوەی نێوان سالانی ١٩٦٣-١٩٩١ دژی گەلی کورد بەرپاکران هەر لەیادماندا ماون، ئەمە سەرەڕای شەڕە دەرەکییەکان، ئینجا سیاسەتەکانی رژێمی تایفەگەری کە

خۆی لە سیاسەتەکانی جەعفەریدا دەبینێتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی سیاسەتەکانی تایفەگەری و قەومیی راسترەوی نوری مالیکی کە بە پلەی یەکەم دێن، ئەو سیاسەتانەی کە وەك بلێی گەڕانەوەیەك بوون بۆ سیاسەتەکانی سەدام حوسێن لە رووی چاندنی تۆی رق و کینە لەنێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورددا.

بۆیە هەرگیز سەرسام نەبووم لە ناوەڕۆکی ئەو وتارەی کە بەڕێز ئەیاد سەماوی بڵاوی دەربارەی مەبەستەکانی نووسەر بڵاوی کردەوە کە من گومانم لێی هەیە بە هەوڵێکی دەزانم بۆ سووکایەتی پێکردنی کەسایەتی بە چەند وشەیەك کە کەمترین شت دەتوانم بیڵێم دوورە لە مۆرك و رەوشت کە گەلەکەمان شانازی پێوەدەکات. من ئومێدی ئەوەم نەدەخواست، بۆیە پێویست بوو ئەو بەڕێزە گفتوگۆ بکات لەسەر ئەو هزرو بۆچوونانەی دەیانخاتەڕوو، کە دواتر هەر خۆی ئەنجامی دا، دوای ئەو پێشەکییە بێ سەروبەرەی کە هیچ واتایەکی نەبوو، تەنانەت لەمەدا گومان لەخۆیشی دەکات، چونکە گومان کردن گوناهە، **«يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَحِيمٌ».**
(قورئانی پیرۆز، سورەتی الحجرات، ئایەتی ١٢)

بەر لەوەی بچمە نێو گفتوگۆکردنەوە دەربارەی هزرو سەرنجەکانی بەڕێز ئەیاد سەماوی، حەزدەکەم ئاماژە بەوە بکەم بۆ من شەرەفە کە لە نێوان ١٩٨٥-١٩٨٩دا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق بوومە، هەرگیزیش دەستبەرداری ئەو خەباتە شەرەفمەندانەی نێو حزبی شیوعی عێراق نابم، بەڵام دەبووایە بەڕێز ئەیاد سەماوی ئاماژەی بەوە نەکردایە کە حزبی شیوعی عێراق بەرپرسیارە لەوەی کە من دەینووسم یان بڵاوی دەکەمەوە، حزبی شیوعی عێراق کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەب سیاسیی خۆی هەیە، هەر ئەو دوو لایەنە مافیان هەیە گوزارشت لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حزب بکەن، بۆیە من لە هەموو لێکۆڵینەوە و کتێب و وتارەکانمدا، جا چ لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی حزبی شیوعی عێراق بگونجێت یان نا. تەنیا گوزارشت لە راوبۆچوونی تایبەتیی خۆم دەکەم و بەرپرسیارێتیی ئەمە ناکەوێتە سەرشانی هیچ کەس و حزبێك.

دوای ئەم سەرنجە پێویستە، دێم لەم وتارەدا بە هەر سێ ئەلقەیەوە باس لە بۆچوون و سەرنجەکانی بەڕێز ئەیاد سەماوی دەکەم بەپێی ئەو زنجیرانەی لە وتارەکەیدا هاتوون کە بەم ناوەیە( لەژێر مایکرۆسکۆبدا..کازم حەبیب بانگەشە بۆ دابەشبوونی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتمانیی کوردستانی دەکات) کە لە ماڵپەڕی («المنتدى الإعلامي الحر في العراق) لە ٨ی ئایاری ٢٠١٥دا بڵاوکراوەتەوە خودی بەڕێز ئەیاد سەماویش بەڕێوەبەری ماڵپەڕەکەیە.

**● یەکەم: دەربارەی مافی چارەی خۆنووسین**

کاتێك گەلان لەپێناو دەربازبوون لە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمی کۆن خەباتیان دەکرد، بۆ یەکەم جار مافی چارەی خۆنووسین لە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ی زایینی سەری هەڵدا، دواتر بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر لە پەیماننامەی مافی مرۆڤی فەرەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ ی زاینی زیاتر دەرکەوت، دوای ئەوە دەوڵەتانی ئەمریکای باشوور کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمی ئیسپانی و پورتوگالی سەربەخۆییان لە ماوەی نێوان ١٨١٩-١٨٢٥دا بە دەست هێنا، لە ساڵی ١٨٢٣ جێمس مۆنرۆی سەرۆکی ئەمریکا پرەنسیپی مۆنرۆی دەرکرد کە بریتی بوو لە رەتکردنەوەی هەموو هەوڵەکانی ئەوروپا بە کۆنیالیزەکردنی نیوەی رۆژئاوای جیهان، ئەو پرەنسیپەشی لە رێگای نامەیەکەوە ئاڕاستەی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد کە دواتر رەزامەندی لەسەر دا.

لە ساڵی ١٩١٧دا شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر لە روسیای قەیسەری سەرکەوت، راستەوخۆ دواتر دەسەڵاتی تازەی سۆڤییەت جاڕنامەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ راگەیاند، کە تێیدا هاتبوو( جاڕدانی مافی گەلانی روسیا کە مافی چارەی خۆنووسین دەگرێتەوە لە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ)، دواتر ئەم پرەنسیپە لە یەکەم دەستووری سۆڤییەتدا لەلایەن لینینەوە لە ساڵی ١٩١٨چەسپێنرا، دەوڵەتی سۆڤییەت لەم هەڵوێستەدا پشتی بەو پرەنسیپە بەستبوو کە ئینتەرناسیۆنالیزمی سۆسیالیستی لە کۆنگرەی بەرلینی ساڵی ١٨٩٦دا رەزامەندی لەسەر دابوو، لەمەدا مافی گەلانی لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین پەسندکردبوو، وەك نموونەش دەبینین بە کردار ئەم مافە لەلایەن گەلی فنلەنداوە پەیڕەوکرا، مافی چارەی خۆنووسین لەلای لینین بریتی بوو لە( مافی نەتەوەکان لە سەربەخۆبوون بە واتای سیاسی، لە ئازادیی جیابوونەوەی سیاسی لە نەتەوەیەکی دەسەڵاتداری چەوسێنەر) ئەمەش پرەنسیپێکی دروستە کە حزبەکانی شیوعی و کرێکاری و هێزو توخمە مارکسییەکان ئەوانەی قەناعەتیان هەیە بە پرەنسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دژ بە کۆڵۆنیالیزم و چەوساندنەوەی گەلان پێوەی پابەندن.

دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهان و کاتێك دەوڵەتانی

**عێراق بە درێژایی چوار دەیەی تەواودا کەوتبووە ژێر هەژموونی هزری قەومیی راسترەوی و بەعسی رەگەزپەرست و سیاسەتگەلێکی فاشیی بۆ دژایەتیکردنی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە**

**کاتێک گەلان لەپێناو دەربازبوون لە دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیزمی کۆن خەباتیان دەکرد، بۆ یەکەم جار مافی چارەی خۆنووسین لە بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ی زایینی سەری هەڵدا**

**لە ساڵی ١٩١٧ شۆڕشی سۆشیالیستی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیای قەیسەری سەرکەوت، ڕاستەوخۆ دواتر دەسەڵاتی تازەی سۆڤییەت جاڕنامەی پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٧ ڕاگەیاند**

**مافی چارەی خۆنووسین لەوەتەی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهان بە شێوەیەکی تایبەت بۆتە پرەنسیپێکی تایبەت و پیادەکراو، هەروەک دەشبینین ئەم مافە تەنیا دەوڵەتان ناگرێتەوە، بەڵکو لەبنەڕەتدا گەلانی بچووک و گەورەش دەگرێتەوە**

کۆڵۆنیالیزمی سەرکەوتووی ئەم شەڕە دژی دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵمانی دەستیان کرد بەدابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا، وۆرد ویلسۆنی سەرۆکی ئەمریکا پەیماننامەی ١٤ پرەنسیپی دەرکرد کە دواتر پێشکەش بە کۆمەڵەی گەلان کرابوو تا پەسندی بکات، لە دەیەمین پرەنسیپدا ئاماژە بۆ مافی چارەی خۆنووسینی دەوڵەتانی کۆلۆنۆلیانیزمکراو کرابوو، بەڵام لە پرەنسیپەکانی ئەو پەیماننامەیە لایان دا کاتێك کۆمەڵەی گەلان ڕەزامەندی دا بە خستنەژێر چاودێری( انتداب)ی گەلان تا ئەو کاتەی پێدەگات!

دوای شەڕی دووەمی جیهان کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دروستبوون، کە لەم پەیماننامەیەی دەستەی گشتیدا مافی گەلان لە چارەی خۆنووسیندا دووپاتکرابۆوە . لە بڕگەی دووەمی ماددەی یەکەمی پەیماننامەکدا هاتووە:

(٢): گەشەکردنی پەیوەندیی دۆستایەتی نێوان گەلان لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی ئەو پرەنسیپەیە کە بریتییە لە یەکلاییکردنەوەی مافەکان لەنێوان گەلاندا و هەموو گەلێکیش مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی دیکە کە لەگەڵ پتەوکردنی ئاشتەوایی گشتیدا کۆکە، دواتر لە ماددەی پەنجاوپێنجەمینی بەشی نۆیەمدا تایبەت بە هاوکاریی نێودەوڵەتی و ئابووری و کۆمەڵایەتییدا هاتووە:

(ئارەزووی بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی سەقامگیری و خۆشگوزەرانیی پێویست بۆ دامەزراندنی پەیوەندیی دروستی دۆستایەتیی نێوان گەلان، کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی پرەنسیپ دامەزرابێت، ئەویش بریتییە لە یەکلایی کردنەوەی مافی نێوان گەلان، هەروەها هەر یەکێك لەو گەلانە مافی چارەی خۆنووسینیان هەبێت).

هەروەها لە بڕیارەکەی ژمارە ٥٤٥ی شوباتی ١٩٥٢ز بە دەق دەڵێت: پێویستە لە ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا ماددەیەکی تایبەت هەبێت کە مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا دەستەبەر بکات، دواتر لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢دا بڕیاری ژمارە ٦٧٣ی دەرکرد کە بەم پێیە مافی گەلانی لە دیارکردنی چارەنووس کردە مەرجێك لە هەبوونی گشت مافە بنەڕەتییەکاندا، هەروەها پێویستە هەموو ئەندامێکی نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزگاریی لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکانی دیکە بکات و ڕێزیان لێ بگرێت.

کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری ژمارە ٢٧٨٧دا کە لە کانونی یەکەمی ١٩٧٢ز دەریکرد جەختی لە مافی گەلان کردۆتەوە لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و سەربەخۆیی و شەرعییەتی سیستەمەکەی بە هەموو ڕێگەیەکی دەستەبەرکراو کە لەگەڵ ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کۆك بێت، لە بڕیاری ژمارە ٣٩٧٠دا کە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣ز دەریکردووە داوا لە هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەکات دان بە مافی گەلاندا بنێن لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی و سەربەخۆبوونیان و پێشکەشکردنی پاڵپشتیی ماددی و مانەوی و هەموو جۆرە یارمەتییەك بۆ ئەو گەلانەی کە لەپێناو ئەم ئامانجەدا خەبات دەکەن.

دواتر کۆمەڵەی گشتی لە بڕیاری ژمارە ٢٢٠٠ی خۆیدا کە لە کانونی یەکەمی ١٩٦٦ز دەریکرد دوو پەیمانی نێودەوڵەتی بڵاوکردەوە کە لیژنەی مافی مرۆڤ پشتی پێیان بەست، پەیمانی یەکەم تایبەت بوو بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ئەمە لە ٢٣ی ئاداری ١٩٧٦ەوە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، بەڵام دووەمیان تایبەت بوو بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان کە لە ٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٦ەوە جێبەجێکرا، ماددەی یەکەمی ئەو دوو ڕێکەوتننامەیە بەم شێوەیە باسی لە مافی چارەی خۆنووسین کردووە:

(هەموو گەلان مافی دیارکردنی چارەنووسیان هەیە، بە پێی ئەم مافەش بۆیان هەیە ئازادبن لە دیاریکردنی ناوەندی سیاسییان و ئازادیی مسۆگەرکردنی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان).(مافی چارەی خۆنووسین لە یاسای نێودەوڵەتی )

دووەم: مافی چارەی خۆنووسین لەوەتەی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانەوە بە شێوەیەکی تایبەت بۆتە پرەنسیپێکی تایبەت و پیادەکراو، هەروەك دەشبینین ئەم مافە تەنیا دەوڵەتان ناگرێتەوە، بەڵکو لەبنەڕەتدا گەلانی بچووك و گەورەش دەگرێتەوە، واتا نابێ تەنیا تایبەت بێ بە دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزمکراوو پاشکۆوە، هەروەك بەڕێز ئەیاد سەماوی ویستی بەمە ڕازیمان بکات، ئەمە چەند گەلێکیش لەناو یەك دەوڵەتدا دەگرێتەوە، وەك عێراق بەنموونە، لەسەر ئەم بنەمایە:

أ. مافی گەلی کوردستانی عێراقە، واتا بەو گەلانەشیەوە کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن، مافی تەواویان هەیە کە خۆیان بڕیار لە مافی چارەنووسیی خۆیان بدەن نەك لەژێر چاودێریی گەلی عەرەبدا، ئەم پرەنسیپەش دەکرێ بەسەر گەلی کوردی کوردستانی تورکیاو ئێران و سوریاشدا جێبەجێ بکرێت.

ب. لەکاتێکدا داوای پیادەکردنی ئەم مافە دەکرێت، دەربارەی مافی چارەی خۆنووسین پشت بە مەسەلەی

بوونی دەق نابەستێت کە لە دەستووری عێراقیدا هەبێت یان تێیدا نەچەسپێنرابێت، ئەو مافە چەسپاویشەو ناکرێ دەستکاری بکرێت، هەروەها مافی چارەی خۆنووسین لە مافی هەڵبژاردنی خۆبەڕێوەبەری یان ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕاگەیاندنی جودابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، باسکردنی ئەم زنجیرەیەش لەو مافانە بە واتای ئەوە نییە کە پێویستە گەلی کورد بەم قۆناغانەدا تێپەڕێت تا دەگاتە دوا قۆناغ، بەڵکو مافی ئەوەی هەیە هەر شێوەیەکی لەوانەی پێ باش بێت و پێویست و گونجاو بێت بۆ خۆی پیادەی بکات، هەر ئەو بە تەنیا بڕیاری لێدەدات.

سێیەم: وادیارە ئەو چەمکانە لای بەڕێز ئەیاد سەماوی تێکەڵ بەیەکتر بوونە، کاتێ دەڵێت: داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین لای گەلی کورد بەتەواوی پەیوەستە بە گۆڕینی نەخشەی جیۆ-سیاسیی ناوچەکە، دواتر هیچ ئاراستەیەك بۆ ئەو گۆڕینە لەئارادا نییە، ئەو پرسیارەی پێویستە بیخەینە ڕوو ئەوەیە: کێ ئەو نەخشە جیۆ- سیاسییەی داناوە؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە کۆلۆنیالیزمیانەن کە وڵاتە کۆلۆنیالیزمکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانییان دابەش کرد و بڕیاری نەخشەی دەوڵەتیان تێدا دەرکرد و هەر دەوڵەتێکیش لەوانە بەشێکی خاکی کوردستانیان پێدان، کە بریتین لە چوار دەوڵەت، تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا، هەروەها چەند خاکێکی عەرەبیشیان دابڕی و خستیانە سەر دەوڵەتی تورکیا، بۆ نموونە شاری ئەسکەندەرۆنە، بێ گومان گەلانی ئەو ناوچەیە مافی تەواویان هەیە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی گونجاو لەو دابەشکردنە نادادپەروەرانەی جیۆسیاسی کە بەپێی پەیماننامەی کۆلۆنیالیزمی کۆنی سیڤەر ئەنجامدرا. بارودۆخی جیهان و گەلان لە ساڵی ٢٠١٥دا وەك بارودۆخی سەردەمی ساڵانی ١٩١٦-١٩١٩ نییە، بۆیە مافی گەلی کوردە کە داوای ئەو مافە ڕەوا دادپەروەرە بکات بە پێی ئەو کاتەی کە بۆی دەگونجێت.


چوارەم: دیارە بەڕێز ئەیاد سەماوی لە جیهانێکی دیکەدا دەژی نەك جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و توانای بینینی ئەو ململانێ و شەڕو پشێوی و کاولکارییانەی ئێستای ناوچەکەی نییە، ئەو پێی وایە تەنیا داواکردنی مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن کوردەوە بارودۆخی ناوچەکە دەشێوێنێ نەك ئەو هێزو ڕژێمە شۆڤینی و تایفەگەرو جیاخوازییە ئاینی و ئاینزاییانە، ئەمە سەرباری ئەو ستەم و چەوسانەوەی کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەلانی ناوچەکە پیادە دەکرێت.

هەر بەدەنگەوەهاتن بۆ وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد بنەماکانی تێکگەیشتن و دۆستایەتی و هاوکاریی و هەماهەنگیی نێوان گەلان دەچەسپێنێت نەك پێچەوانەکەی. بەدرێژایی نزیکەی سەد ساڵ وا پێویست دەکات کە ئێمە بێ دڵەڕاوکێ دان بەوەدا بنێین کە ئەو دەوڵەتە سەنتراڵیانەی وەك دەوڵەتی عێراق لە مامەڵەکردن لەگەڵ فرەنەتەوەییدا بە تەواوی شکستیان هێناوە، ئەمەشە کە لە ئەڵقەکانی داهاتوودا باسی دەکەین:

پێنجەم: دەستووری عێراق یاسای بنەڕەتییە کە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت ڕێکدەخات، لەو دەستوورەدا شێوەو سروشتی دەوڵەت دیاری دەکرێت، هەروەها پەیوەندیی نێوان هەر سێ دەسەڵات و پەیوەندیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا و لەنێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت و لەنێوان دەوڵەت و پێکهاتە نەتەوەییەکانی کۆمەڵگادا. تاد. بەڵام ئەو یاسا بنەڕەتییە چەقبەستوو نییە بەڵکو دەکرێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەو ئاستی شارستانێتیی تاك و کۆمەڵگەو بنیادی دەوڵەتدا بگۆڕدرێت، دەستوور پابەندبوونێکی هاوبەشە، دەکرێ ئەو پابەندبوونە بگۆڕدرێت و شێوازی دیکە دابنرێت، کاتێ پێویستییەکانی ئەو گۆڕانکارییە دەردەکەون و مافی ئەوانەشە کە دەستوور یان هەندێ لە ماددەکانیان ڕەتکردبێتەوە لە پێناو ئەو گۆڕانکارییەدا بە شێوازی سیاسیی گونجاو خەبات بکەن، بەڵام دەستوورەکەی ئێستا ئاستەنگ ناهێنێتە بەردەم یان ڕێگە لە مافی گەلی کورد یاخود گەلی کوردستان ناگرێت مافی چارەنووسیی خۆی دیاری نەکات، تەنانەت هەتا ئەگەر دەستوورەکەش بەندێکی لەم ڕووەو تێدا نەبێت، چونکە زۆرینەی ئیسلامی سیاسی و قەومیی ڕاستڕەو ڕەتیانکردەوە ئەم دەقە لەو دەستوورەدا دابنرێت، پیادەکردنی ئەو مافە یەکێتیی نیشتمانی هیچ گەلێك لەق ناکات، بەڵکو توانای پەرەسەندنی ئازادو بووژانەوەی بۆ دەستەبەر دەکات لە حاڵەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی و دەسەڵاتێکی نیشتمانی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی دیموکراسیدا، چونکە ئەو فاکتەرانەی کە ئەو یەکێتییە نیشتمانییەی لەق کردووە بەهەدەری داوە بریتین لەو سیاسەتانەی بە درێژایی دەیەکانی ڕابردوو پیادەکراون، جا ئەو سیاسەتە قەومییە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستیانەی ڕژێمە سیاسییەکانی پێشوو بن بەتایبەتیش ڕژێمە نەتەوەپەرستی و بەعسییەکان، یانیش سیاسەتەکانی ئاینی و تایفەگەری و قەومیی ڕاستڕەوی پەردەپۆشکراو و تێکدەری ڕیزەکان و دوورخەرەوەی پرەنسیپی هاوڵاتیبوونی ئازاد و یەکسان هەر لەوەتەی ڕووخانی دیکتاتۆریەت و دامەزراندنی ڕژێمی سیاسیی تایفەگەری لە وڵاتدا.

**دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزم وڵاتە کۆلۆنیالیزمکراوەکانی دەوڵەتی عوسمانییان دابەش کرد و هەر دەوڵەتێکیش بەشێکی خاکی کوردستانیان پێدان، کە بریتین لە چوار دەوڵەت، تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا**

**دەستووری ئێستای عێراق ڕێگە لە مافی گەلی کورد یان گەلی کوردستان ناگرێت مافی چارەنووسیی خۆی دیاری نەکات، تەنانەت هەتا ئەگەر دەستوورەکەش بەندێکی لەم ڕووەو تێدا نەبێت**



## دیڤید فلیپس

پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سەردانی بارزانی بۆ ئەمریکا رووداوێکی مێژوویی بوو بەتایبەتی کە ئاڵای کوردستان و ئەمریکا پێکەوە دەشەکانەوە

پرۆفیسۆر دیڤید ئیڵ فلیپس، بەڕێوەبەری پرۆگرامی بونیادنانی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆلۆمبیا، یەکێك بووە لە راوێژکارانی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێشتریش یەکێك لە راوێژکارانی پسپۆڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە. پرۆفیسۆر فلیپس خاوەنی توێژینەوەی هاوبەشی دەسەڵات و داهاتە لە عێراقی نوێ و ئەم دیراسەتەشی لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا یارمەتییەکی زۆری عێراقییەکانی داوە. بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەمریکا و ئاسۆی پێوەندییەکانی کورد و ئەمریکا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.



**گرنگە هێزی پێشمەرگە بکرێتە هێزێکی پرۆفیشناڵ بۆ ئەوەی وەک سوپایەکی نیشتمانی کار بکات، ئەمەش پێویستی بە یەکخستنەوەی پێشمەرگە و ئاسایش و هەواڵگری هەیە، هەروەها دەبێت نەفەسی حزبی لە هەموو پرسە ئەمنییەکان دوور بخرێتەوە**

**پێویستە بەغدا پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنەکەی بەغدا بسەلمێنێت، ئەگەرنا کوردەکان متمانەیان بە دەرفەتی هاوکاریکردن لە دەست دەدەن، ئەمەش دەبێتەهۆی خێراترکردنی لەبەریەک هەڵوەشانی عێراق**

**کورد پابەندبوونی خۆی بە دیموکراسی و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش سەلماندووە و لە کوردستانی عێراق و ناوچەکەدا بەرگری لە کەمینەکان دەکات**

*** گرنگیی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن لە چیدا بوو؟**

- زۆر گرنگ بوو کە سەرۆك بارزانی لە لایەن سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکەوە، پێشوازی لێکرا. ئەوان لە پێناو بەرفراوانکردنی چالاکییەکانیان دژ بە تیرۆریزم، گفتوگۆیان لە بارەی بارودۆخی کوردستان و پرسی پێشمەرگەوە کرد. هەروەها گفتوگۆیان لە بارەی داواکاری و خواستی دیاری کراوەوە بۆ دەستەبەرکردنی چەك بۆ پێشمەرگە کرد. لە کاتی کۆبوونەوەیاندا لەگەڵ کۆشکی سپی و پەنتاگۆن، دڵنیایی بە سەرۆك بارزانی و شاندەکەی درا، کە چەکی پێویست بۆ پێشمەرگە دەستەبەر دەکرێت. زۆرێك لە ئەمریکییەکان خۆشحاڵ بوون کە ئاڵای کوردستان لە پاڵ ئاڵای ئەمریکادا لە کاتی چاوپێکەوتنی سەرۆك ئۆباما و سەرۆك بارزانی-دا دەشەکایەوە.

*** بینیمان بارزانی و شاندی یاوەری و وەزیری پێشمەرگە لەگەڵ بەرپرسانی پەنتاگۆن کۆبوونەوە، ئایا دەستکەوتەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چی بوون؟**

- من لەو کۆبوونەوەیەدا نەبووم، لەبەر ئەوە ناتوانم لەو بارەیەوە بدوێم. بەڵام گفتوگۆیەك هەیە لە بارەی ئەوەی ئایا پێویستە ئەمریکا لە ڕێی حکومەتی عێراقەوە چەك دابین بکات، یاخود نا؟ ئایا ڕێگەی کاراتر هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێداویستییەکانی پێشمەرگە دەستەبەر بکرێن؟ سەرۆك بارزانی ئاماژەی بەوە کرد کە پێشوازی لە دەستەبەرکردنیان دەکات بە هەر شێوەیەك بێت کە بۆ کوردستان و ئەمریکا باش بێت. گرنگە هێزی پێشمەرگە بکرێتە هێزێکی پرۆفیشناڵ بۆ ئەوەی وەك سوپایەکی نیشتمانی کار بکات، ئەمەش پێویستی بە یەکخستنەوەی پێشمەرگە و ئاسایش و هەواڵگری هەیە، هەروەها دەبێت نەفەسی حزبی لە هەموو پرسە ئەمنییەکان دوور بخرێتەوە.

*** پێش سەردانەکەی بارزانی، باس و خواستی ئەوە هەبوو کە بەپێچەوانەی ڕابردووە، ئەمجارە ئەمریکا باشتر گوێ بۆ خواستەکانی کورد دەگرێت، بە دڵنیاییەوە مەبەستمان لە خواستی سەربەخۆییە، ئایا پێتانوایە مەیلی پشتیوانیکردن لە سەربەخۆیی کوردستان لە ئارادایە؟**

- پێموا نییە ئەمریکا لە ئێستادا پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە لە بارەی هەنگاوهەڵگرتنی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هۆشیارییەکی ڕوو لە زیاد هەیە. بەڵام دەبێت ئەوە یەکلا بکرێتەوە کە کەی و چۆن و لە سایەی چ هەلومەرجێکدا ئەم بڕیارە دەدرێت. واقیعێك هەیە، میلیشیا شیعەکان کە لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ کراون، زاڵن بە سەر هێزەکانی سوپای عێراقدا. ئەگەر ئەمریکا جددییە لە بارەی لاوازکردن و لە ناوبردنی داعشەوە، ئەوا دەبێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کار بکات کە توانا و ئیلتیزامیان هەیە. کوردستان ئیلتیزامی خۆی بە بەها ڕۆژئاواییەکانەوە پیشانداوە، هەروەها کوردستانی عێراق باشترین دۆستی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا و پابەندە بەوەی لە رووی ئەمنییەوە لە نزیکەوە هاوکاری بکات.

*** چۆن لە بڕیاری لیژنە سەربازییەکەی کۆنگرێس دەڕوانیت کە پەیوەست بوو بە پێدانی چەك بە پێشمەرگەوە؟**

- هۆشیارییەکی ڕوو لە زیاد هەیە لە واشنتۆن کە عێراق بە قووڵی دابەش بووە و ناکارایە. بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە شەڕەکەی تکریت و شوێنەکانی دیکە لە ئەنبار خزمەتی بە ئاشتەوایی نیشتمانی نەکرد. ئەگەر سیاسەتێك کە بەغدا لە سەرەتاوە پیادەی کردبێت، هەڵە و کەم و کورتی تێدایە، ئەوا حکومەتێکی کاریگەر لە عێراقدا بوونی نییە. بەڵام کوردەکان پابەندبوونی خۆیان بە دیموکراسی و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش سەلماندووە و لە کوردستانی عێراق و ناوچەکەدا بەرگری لە کەمینەکان دەکەن.

*** ئایا هیچ هەنگاوێك هەیە بۆ ئەوەی چەکی قورس بە پێشمەرگە بدرێت؟**

- باوەڕم وایە پێویستە چەکی قورسی هێرشبەر بدرێتە پێشمەرگە و بۆ ڕزگارکردنی خاك و وەشاندنی گورزی کوشندە لە داعش بەکاری بهێنێت. تاوەکو ئێستا ئەمریکا چەکی بەرگری سووك و مامناوەندی بۆ پێشمەرگە دەستەبەر کردووە. بەغدا پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە دەبێت سەرجەم چەکەکان بە ڕێگەپێدانی ئەوان دابین بکرێت و پاشان بدرێنە پێشمەرگە. باوەڕم وا نییە ئەمە کاراترین ڕێگە بێت بۆ سەقامگیرکردنی هەرێمەکە و لە ناوبردنی داعش. پێویستە کوردەکان ڕاستەوخۆ چەك لە ئەمریکا و هاوپەیمانیی فرەنەتەوە وەربگرن و پێویستە چەکی قورسیان پێ بدرێت بە چەشنی ئەوەی ئەمریکا بۆ بەغدای دەستەبەر دەکات. هیچ ئەگەرێك نییە کوردستانی عێراق ئەو چەکانە لە دژی هێزەکانی سوپای عێراق بەکار بهێنێت، دوای ئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی. سەرۆك بارزانی بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە کوردستانی عێراق ڕێگەی گفتوگۆ دەگرێتەبەر بۆ ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە عێراق.

*** وەك دەزانن بەغدا لەبارەی بەشە بودجەوە پابەند نابێت بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ کوردستاندا، بۆیە پرسیار ئەوە دەکرێت کە بۆچی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنە فشار لەسەر بەغدا دروست ناکات؟**

- ڕێککەوتنەکەی بەغدا هەنگاوێکی ئیجابی بوو،



بەڵام شکستی حکومەتی عێراقی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ کوردستان، گومانی جددی ورووژاند لە بارەی ڕاستگۆیی و توانایەوە وەك شەریکێکی باوەڕپێکراو. سەرۆك وەزیرانیش (عەبادی) نەیتوانیوە پابەندبوونەکەی خۆی جێبەجێ بکات. پێویستە بەغدا پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنەکەی بەغدا بسەلمێنێت، ئەگەرنا کوردەکان متمانەیان بە دەرفەتی هاوکاریکردن لە دەست دەدەن، ئەمەش دەبێتەهۆی خێراترکردنی لەبەریەك هەڵوەشانی عێراق.

*** ئایا هیچ بەدیل و بژاردەیەکی دیکە لەبەردەم کوردەکاندا هەیە؟**

- کوردستان پێویستی بە ڕاڕەو و دەروازەیەکە بۆ جیهان. تورکیا سەلماندی شەریکی باوەڕپێکراو نییە لە کاتی قەیرانەکەی مانگی ئابدا. هەرچۆنێك بێت، کارێکی باشە دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی حوزەیران درێژە بە گفتوگۆ بدرێت لەگەڵ ئەنقەرەدا بۆ ئەنجامدانی هاوکاری نوێ. ڕەنگە دەروازەیەکی دیکە بریتی بێت لە ڕۆژئاڤا و بەشەکانی سووریا. کەواتە گرنگە هەرێمی کورستان و پەیەدە پەیوەندی بەردەوامیان هەبێت و ئاشتەوایی نێوانیان قووڵ بکەنەوە و ڕێگەی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بدۆزنەوە، کە ئەو بەرژەوەندییانەش بەرژەوەندیی کوردەکانن. ئەم هاوکارییە لە کۆبانێ پیادە کرا. گرنگە بینا لەسەر ئەم هاوکارییە بکرێت، بۆ ئەوەی کوردەکانی ناوچەکە پێکەوە کاربکەن. هەڵبژاردنەکانی داهاتووی تورکیا یەکلاکەرەوەیە. ئەگەر بەدەپە بەربەستی لە سەدا دە بشکێنێت، ئەوا دەستڕۆیشتوویەکی گەورەیان بەسەر حکومەتەکەی ئەنقەرەوە دەبێت.

*** بارزانی سەردانی هەنگاریا و چیکی کرد، کۆماری هەنگاریا گوزارشتی لە پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەمە هەنگاوێکی گرنگە؟**

- گرنگە پشتیوانییەکی بنکەفراوان و ناوچەیی هەبێت بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان، بەتایبەتی کە ئێران و تورکیا بەرهەڵستی دەکەن. لە کۆتاییدا پشتیوانی ئەمریکا گرنگترین پشتیوانییە. ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە گەشتەکەی بارزانی بۆ واشنتۆن بەشێکی گرنگ بوو لە گفتوگۆکە، ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە ڕۆژێکی دیاریکراودا ئەنجام نادرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت، بنیادنانی دەوڵەتێکی کارا کاتی دەوێت. لە ئێستادا گرنگە هەرێمی کوردستان بیسەلمێنێت کە بە ڕاستی ئامادەیە بۆ خۆبەڕێوبەری، بۆ ئەوەی بتوانێت پەرە بە پەیوەندی نێودەوڵەتی بدات و پشتیوانی سیاسیی زیاتر بەدەست بێنێت.

*** لە کاتێکدا سەرۆك بارزانی سەرکردەیەکە لە بەرەی پێشەوەی شەڕی تیرۆریستاندایە، لێکدانەوەتان بۆ ئەو سەردانەی لە ئەمریکا چییە؟**

- سەردانەکەی بارزانی ڕووداوێکی مێژوویی بوو. پێنج ساڵ بە سەر دوا سەردانیدا بۆ واشنتۆن تێپەڕیبوو. لەو ماوەیە گۆڕانکاریی زۆر ڕوویانداوە. پێویستە ئیدارەی ئۆباما لە نزیکەوە گوێ لە بۆچوونی کورد عێراق بگرێت و هاوکارییە ئەمنی و سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا قووڵتر بکاتەوە.

*** پەیامتان بۆ خەڵکی کوردستان چییە؟**

- بژی ئازادی و دیموکراسی.

**سەرۆك بارزانی بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە کوردستانی عێراق ڕێگەی گفتوگۆ دەگرێتەبەر بۆ ڕێککەوتن لەسەر مەرجەکانی جیابوونەوە و سەربەخۆیی لە عێراق**



**د.دەرباز محەمەد**

**وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ گوڵان:**

# گرنگترین دەستکەوت لە رێککەوتنی کورد و ناوەند ئیعترافکردنی بەغدا بوو بە بۆرییە نەوتەکانی کوردستان

**پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردســـتان و بەغدا، لەچاو ســـاڵی ٢٠١٤ جۆرێك لە بەرەو پێشەوەچوون و کرانەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام هەتا ئێســـتاش ئەو رێککەوتنەی لەســـەر بودجە لە نێوان هەرێم و بەغدا ئیمزاکراوە و بۆتە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٥ وەك خۆی جێبەجێ نەکراوە و جێگەی گلەیی و گازندەیە. هەروەها لە عێراقدا بە شـــێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك کێشـــە هەیە، بەتایبەتیش کێشەی ئەو ئاوارانەی روویانکردۆتە کوردســـتان و شـــەڕی بەردەوامی داعش کە بۆتە بارێکی گران بە سەر هەرێمی کوردســـتان و عێراقەوە، لەمەش زیاتر ئایندەی عێراق لـــە دووڕیانێکدایە و نازاندرێت بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆ قسەکردن لە بارەی بەشداریی ئەمجارەی کورد لە حکومەتەکەی د.عەبادی و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و بارودۆخی ئێســـــتای عێراق، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ د.دەرباز محەمەد وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەگەر ســـەرەتا باس لـــە کابینەکەی حکومەتی عەبادی و بەشـــداریی کـــورد لەم کابینەیـــە بکەین، هەست دەکەین حکومەت بە شێوەیەکی گشتی ئەکتیف نییـــە و ناتوانێت وەك پێویســـت حوکمڕانی بکات، وەك وەزیرێك لەو کابینەیە چۆن ئەدای حکومەت لەو ماوەیە هەڵدەسەنگێنیت و ئاستەنگە سەرەکییەکان لەبەردەم ئەم حکومەتە چین؟**

- ئـــەم حکومەتەی ئێســـتای عێراق لە دوو ســـێ حکومەتەکەی پێش خۆی لە دوای ســـاڵی ٢٠٠٣ ـەوە جیـــاوازە، لە کاتێکدا پێکهاتـــووە، کە هەم بەغدا و هەم هەرێمی کوردســـتانیش لە جەنگێکـــی بەردەوامدابوون لەگەڵ تیرۆریستانی داعشدا، ئەم جەنگەش نەخشەی سیاسیی عێراقی خســـتۆتە ژێر پرسیارەوە. ئایا بۆ ئەم جەنگەی داعش روویدا؟ ئایا داعش بۆ دروســـت بوو؟ ئایا خۆی هەبوو، یان دەرەنجامی سیاسەتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچە سوننەنشینانە بووە لەلایەن بەغداوە و هەر ئەو سیاسەتە داعشی بەرهەمهێناوە؟ بۆیە پرسی دەرکەوتنی داعـــش زۆر ئاڵۆزە و لەگـــەڵ خۆیشـــیدا کۆمەڵێك ئاڵۆزی دیکەی بەرهەمهێنـــاوە. بۆیە ئەم واقیعە بۆتە هۆکاری ئەوەی هاوســـەنگیی پێکهێنانی حکومەتەکە و بارودۆخەکـــەش لەوانی پێش خـــۆی جیاواز بێت. بۆ هەرێمی کوردســـتانیش بەشـــداریی ئەمجارەی جیاواز بوو، واتە وەك بەشـــدارییەکانی لە ســـاڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠١٠ نەبـــووە، لە بەر ئەوەی ئەمجارە ئێمە ماوەی دوو ســـاڵ بوو قەیرانمان لەگەڵ بەغدا هەبوو، لە دۆخێکی ئاسایی بەشـــداریمان لە حکومەتدا نەکردووە، لەماوەی ئەو دوو ســـاڵە چەندین قەیرانمان هەبووە، لەوانە بڕینی بەشە بودجەی کوردســـتان لەلایەن حکومەتی مالیکی و کێشـــەی نەوت و کۆمەڵێك کێشەی دیکەمان هەبووە، بـــەڵام گرنگە لەو خاڵەوە ســـەیری بکەین، کە هۆکارە نێودەوڵەتییەکان بەگشـــتی و ئەمریکا چۆن ســـەیری بارودۆخەکەیان کردووە؟ ئەگەر رۆڵی ئەمریکا نەبوایە ئەم حکومەتە پێکنەدەهات، کەواتە ئەم حکومەتەی ئێستای عێراق بەرەنجامی بارودۆخێکـــی تایبەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییـــە، حکومەتێکە لە قەیراندا دروســـت بووە و لەناو قەیرانیشدا دەژی، دەکرێت سێ قەیرانی سەرەکی دەستنیشان بکەین کە بریتین لە:

یەکەم: قەیرانی بەردەوامی شەڕ لەگەڵ داعش.

دووەم: قاسەی بەتاڵ و نەبوونی پارە.

سێیەم: شەڕی بۆ بەجێماوە و سوپای نییە.

**لە عێراقدا رووخانی حکومەت، یان متمانە لێسەندنەوە لە سەرۆک وەزیران زۆر قورس نییە، بەڵام پێکهێنانەوەی حکومەت زۆر زۆر قورسە**

**هێزێکیش هەیە لە ناو شیعە دژایەتی حکومەتەکە و سەرۆک وەزیران دەکات و کێشەی بۆ دروست دەکات، ئەمە بە چ نییەت و نیازێکە؟ بێگومان خەڵکانێک هەن سوودێکی زۆریان لە بۆشایی ئەمنی و ناسەقامگیری بارودۆخەکە بینیوە، ئێستاش دەیانەوێت ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت**

**لە عێراقدا سێ پێکهاتە و سێ هێز هەیە، دەوڵەتیش کاتێک بوونی دەبێت کە سوپایەکی نیشتمانی و سیستمێکی یەکگرتووی هەبێت، بەڵام لە ئێستای عێراقدا نە سوپایەکی نیشتمانی و نە سیستمێکی سیاسیی یەکگرتوو بوونی نییە، بۆیە بارودۆخەکە لە ژێر پرسیارێکی گەورەدایە و مەزندەکردنی ئاسان نییە**

بۆیە ئەم حکومەتە وەك ئەوە وایە لە سەر کەلاوەیەك دامەزرابێت و خانووەیەك بێت ١٠٠٪ بوومەلەرزە لێی دابێت و بمانەوێت لە ماوەیەکی کورتدا بیکەنەوە بە خانوویەك کە شایستەی ئەوە بێت تێدا بژین. یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکانی عێراق کە لە چاوی خەڵکدا بە تەواوەتی دیار نییە، ئەوەیە ٩٥٪ی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی وەك نەخۆشخانە و قوتابخانە و رێگەوبان و نیشتەجێبوون، کە پێیان دەڵێن: پرۆژەکانی وەبەرهێنان، فەشەلی هێناوە، لەمەش زیاتر ئەم حکومەتە قەیرانی تێگەیشتنی هەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی عێراقدا، بۆیە پرسیار ئەوەیە ئایا پرۆسەی بڕیار تەنها لایەنێك دەیدات و هەردوو پێکهاتەی سوننە و کورد تەنها وەك وەزیر و پەرلەمانتار بەشدارن و لە بڕیار دروستکردن بەشدار نین، بۆیە ئێستا عێراق لە بارودۆخی ژانێکی گەورە و قورسدایە، ئایا لەم ژانەدا عێراقێك دروست دەبێت کە هی هەموومان بێت، یان پێکهاتەیەك هەوڵدەدات ئیرادەی خۆی بەسەر هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە بسەپێنێت؟ لەم قۆناغەی ئێستا ناتوانین راشکاوانە بڵێین پێکهاتەیەك ئیرادەی خۆی بە تەواوی فەرزکردووە، بەڵام ئاسۆکە بەرەو ئەو دەچێت پێکهاتەیەك هەوڵبدات ئیرادەی خۆی بسەپێنێت.

*** چاوەڕێ دەکرا لەگەڵ پیکهێنانی کابینەکەی د.عەبادی، پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا پێشەوەچوونی گەورە بەخۆیەوە ببینێت، بەتایبەتی لەبواری دارایی و ناردنی بەشە بودجەی تەواو بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام وەك هەموو لایەك دەزانن لەگەڵ ئەوەی ماوەی زیاتر لە چەند مانگە پرۆژەیاسای بودجەی عێراق پەسەندکراوە، بەڵام وەك ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان رەوانە ناکرێت، هەستیش دەکرێت ئەم کەمتەرخەمییە هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە، ئایا چۆن ئەم پرسە بۆ خەڵکی کوردستان روون دەکەنەوە؟**

-بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکان هەرێمی کوردستان و بەغدا بەرەو پێشەوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە و چەندین جار شاندی هەرێمی کوردستان هاتۆتە بەغدا و سەرۆك وەزیرانی عێراقیش سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە، پێشتر ئەم سەردانانە و بەم نەفەسە بوونی نەبووە، لێرەوە ئەگەر باس لە رێککەوتنی ٢ی مانگی ١٢ی ٢٠١٤ بکەین لە نێوان هەرێم و بەغدا، بەوەی کوردستان ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی ئێستای هەرێم و ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی کەرکووك بە رێگەی بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان هەناردە بکات و تەسلیمی کۆمپانیای سۆمۆی بکات، پاشان لە بودجەی عێراق ١٧٪ی بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، هەموو ئەمانە بەرەوپێشەوە چوون، بەڵام لە یەکەم رۆژی ئەم رێککەوتنەوە هەتا ئێستا، ئیشکالیەتێك هەیە و نە لە رێککەوتنەکەی مانگی ١٢ی ٢٠١٤ و نە لە یاسای بودجەی ٢٠١٥ باسی نەکراوە، ئەو ئیشکالیەتەش بریتییە لەوەی داهاتی بودجەی عێراق کە چۆن حیساب دەکرێت؟ یان ئایا بودجەی عێراق بریتییە لە کۆکردنەوەی کام سەرچاوەی داهات؟ بودجە بە نزیکەی ١٠٢ ملیار دۆلار خەمڵێندراوە، داهاتی نەوتیش وەك حیساب کراوە ٦٥-٧٠ ملیار دۆلار دەبێت، ئەمەش واتە بودجەی عێراق ٣٥-٣٧ ملیار دۆلار کورت دەهێنێت، بۆیە حکومەتی عێراق دەڵێت: ئەم بودجەیە یەکسانە بەداهاتی نەوت لەگەڵ داهاتی ناوخۆی، هەروەها ئیشکالیەتێکی دیکە هەیە لەسەر تەسلیمکردنی نەوتی هەناردەکراوی کوردستان بۆ دەستی کۆمپانیای سۆمۆ، دیارە کوردستان لە مانگەکانی ١و٢و٣ لەبەر هەر هۆکارێکی تەکنیکی بێت، نەیتوانیوە ٥٥٠ هەزار بەرمیل رۆژانە تەسلیمی سۆمۆ بکات، بۆیە بەغدا تەنها بڕی پارەی ئەو نەوتەی ناردووە کە کوردستان تەسلیمی سۆمۆی کردووە، ئیشکالێکی دیکە ماوە، ئایا چۆن بودجەی عێراق بۆ مانگی نیسانی ٢٠١٥ حیساب دەکرێت و دوای دەرکردنی بودجەی سەروەری چەند بۆ کوردستان دەنێرێت؟ بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش کوردستان لەم رێککەوتنە زیانی نەکردووە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. گرنگترین پرس ئەوەیە کە حکومەتی عێراق ئیعترافی بە بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان کرد، لە رێگەی ئەو بۆرییانە نەوت هەناردە دەکرێت و بە ئاسانی دەفرۆشرێت.

٢. هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی ئێستا بە ئاسانی دەتوانێت نەوتەکەی بفرۆشێت، دەتوانێت زیاتر پەرەپێدان لە کەرتی نەوت بکات و بە ئاسانی دەتوانێت پارەی ئەو کۆمپانیانەی نەوت بدات کە لە کوردستان کاردەکەن. واتە بە هاوکێشەیەکی زۆر سادە، بەغدا پێمان دەڵێت: نەوتی خۆتان بفرۆشن، ئێمەش نەوتی خۆمان فرۆشتووە، هەتا ئێستا واتە لە سێ مانگی رابردوو چەندمان فرۆشتووە، پارەکەمان وەرگرتووە و بزانین بۆ ئایندەش چۆن دەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان نەوتەکەی خەسار نەبووە و بەئاسانی فرۆشتوویەتی.

*** دیارە بەشداریی کورد لەم حکومەتە، دەرفەتێك بوو بۆ بەغدا بۆ ئەوەی کێشەکانی لەگەڵ هەرێم چارەسەر بکات، بەڵام ئێستا بەمجۆرەیە کە دەیبینین، ئایا ئاسۆی چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا چۆن دەبن؟**

- ئەگەر بە راشکاوی قسە بکەم، ئەم کێشانە چارەسەر نابن، ئەگەر گوشاری ئەمریکا نەبوایە لەسەر هەرێم و بەغدا ئەوا رێکنەدەکەوتین، ئەوەی بەغدا و هەولێری گەیاندۆتە رێککەوتن، فشارێکی نێودەوڵەتی بووە لەسەر هەردوولا بەوەی دەبێت رێکبکەوین، لە ئێستاشدا ئەم حکومەتە دەیان کێشەی هەیە و بەمجۆرەش بەڕێوە ناڕوات، کێشەی سەرەکیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر ئەسڵی هەناردە کردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستانە. پرسیار ئەوەیە: ئایا لە تێڕوانینی حکومەتی بەغداوە کارێکی ئاساییە هەرێمی کوردستان خۆی نەوت بەرهەم بهێنێت و خۆیشی بیفرۆشێت؟ بێگومان ئاسایی نییە، ئەی چۆن قبووڵی کرد؟ لەبەر ئەوەی کێشەی زۆر گەورەتری هەیە و لەژێر گوشاردا قبووڵی کردووە، بۆیە دوور نییە دوای تەواوبوونی ئەم قەیرانانە بەغدا ئەمە قبووڵ نەکات، بۆیە مەسەلەی پەیوەندی نێوان هەرێم وبەغدا لەسەر پرسی نەوت، یان کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەمووی لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردایە و ئاسایی نییە. لە کوردستان هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوەمان بۆ سیستەمی سیاسی، لانیکەم سەقامگیری هەیە و بریاردان ئاسانترە، بەڵام لەبەغدا نەك هەر بریاردان لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان ئاڵۆزە، بەڵکو بریاردان لەبواری ئاسایش، سەربازی، خزمەتگوزاری لە ئاڵۆزیەکی گەورەدایە، ئەم ئاڵۆزییە وایکردووە، هیچ شتێك سەقامگیر نەبێت و رەنگدانەوەشی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەرێم هەبێت، رۆژێك باش بێت و دوو رۆژ خراپ بێت. بۆیە بەردەوام ئەم شپرزەییە بە پەیوەندییەکانەوە دیارە.

*** پێناچێت رێککەوتنی لە ژێر گوشار تەمەنی درێژ بێت، ئایا چۆن سەیری ئەم رێککەوتنە ناچارییەی نێوان هەرێم و بەغدا دەکەیت؟**

- راستە هەردوولا لەژێر گوشار و ناچاریدا رێککەوتوون، بەڵام رێککەوتنەکە سوودی هەردوولای تێدایە، لە رووی سیاسییەوە بۆ بەغدا سوودی هەبوو لەگەڵ هەرێم رێکبکەوێت، بۆ هەرێمی کوردستانیش سوودی هەبووە کە لەگەڵ بەغدا بگاتە رێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە رووی ئابوورییەوە بۆ کوردستان گرنگ بوو نەوتەکەی بە ئاسانی بفرۆشێت، بۆ بەغداش گرنگ بوو لە پارەی نەوتەکە بودجەی هەرێمی کوردستان بدات و چیتر پێی نەڵێن بودجەی هەرێمی کوردستانت بریوە، بۆیە تێڕوانین بۆ رێککەوتنەکە دوولایەنەیە.

*** لایەنێکی دیکە کە حکومەتی بەغدا تێیدا خەمسارە، مەسەلەی بوونی زیاتر لە ١,٦ ملیۆن ئاوارەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەتا ئێستا بەغدا وەك پێویست هاوکاری ئەو ئاوارانەی نەکردووە، ئەمەش وەك ئەوەیە بەغدا وەك دەوڵەتێکی دراوسێ سەیری هەرێمی کوردستان دەکات، ئایا ئەگەر ئاراستەی سیاسەتی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بێت، بۆ ئایندەی نێوان هەرێم و بەغدا چاوەڕێی چی دەکرێت؟**

- بێگومان ئەمە یەکێکە لەو پرسە قورسانەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا بۆتە کێشەیەکی گەورە. لە هەر سێ پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی، ملیۆنێك و دووسەد هەزار ئاوارە هەیە، بەڵام لە کەرکووك و خانەقینیش ژمارەیەکی زۆری ئاوارەی دیکە هەن، حکومەتی عێراق بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئاوارەکان لیژنەیەکی باڵای هەیە و لەو پارەیەی لەبەردەستی بووە، پشکی هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە، بەڵام هەموو پارەکە نەگەیشتۆتە کوردستان، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کێشەی حەواڵەی پارەکە هەبووە، کێشەی نەبوونی دامودەزگای حکومەتی عێراق هەبووە لە کوردستان بەوەی چۆن پارەکە سەرف بکات، بۆیە ئەمە بۆتە هۆکاری ئەوەی هەموو خێزانێکی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان بڕی ئەو ملیۆن دینارەی بەرنەکەوێت کە بۆی دیاری کراوە، هەر بۆیە لە کۆی ٦٠٠ ملیار دینار کە بۆ ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، توانیومانە بڕی زیاتر لە ٤٠٠ ملیار دینار لە پارێزگای دهۆك و هەولێر و سلێمانی خەرج بکەین، بڕی ١٣٩ ملیار دینار ماوە، لە رێگەی پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە داوامان کردووە بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی سەرفی بکات، بەڵام بە هۆی نەبوونی پارەوە تا ئێستا سەرف نەکراوە و نەگەیشتۆتە دەستمان هەتا بەشی ئاوارەکانی کوردستانی لێ بنێرین.

*** لەگەڵ ئەوەی کورد و شیعە پێشتر هاوپەیمان بوون، بەڵام ئێستا لە گوتاری شیعە بەرامبەر بە کورد، هەست بە جۆرێك لە زمان زبری و دوژمنایەتی دەکرێت، بەتایبەتیش بەرامبەر حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ئایا ئەم گوتارە شەڕانگێزە دژی کورد سەرەتای کۆتایی هاوپەیمانی کورد و شیعە نییە؟**

- ئێستا ئەم پرسە بۆتە واقیع و راستی، بە شێوەیەکی گشتی تێڕوانینی ساڵی ٢٠١٥ی هاوپەیمانی شیعە بۆ کورد، تێڕوانینی ٢٠٠٥ نییە، هۆکاری سەرەکیی گۆڕینی ئەم تێڕوانینەی هاوپەیمانی شیعە بۆ کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانی شیعە لە ٤-٥ ساڵی یەکەمی دوای رووخانی رژێمی بەعس، لەو بڕوایەدا نەبوو بتوانێت بەو ئاسانییە کۆنترۆڵی بەغدا بکات

**ئاراستەی رووداوەکان بەو شێوەیە کە هێزێک بۆ سوننە دروست بکرێت، بڕیارەکەی کۆنگرێسی ئەمریکاش هەر بەو جۆرەیە، کە ئەگەر بەغدا عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان پرچەک نەکات، ئەوا راستەوخۆ خۆیان چەک دەدەنە هەرێمی کوردستان و سوننە**

**هەندێک لایەنی شیعە ئێستاش هاوپەیمانی لەگەڵ کورد وەک نەوەدەکان و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ بە گرنگ دەبینن، ئەم لایەنانە لەناو پرۆسەی بڕیار کاریگەرییان هەیە، بەڵام کەمینەن و ناتوانن بڕیار بدەن و بڕیاردەری کۆتایین**

**دەتوانین پێکەوە هاوکاربین و هەر لایەکمان سوودمان بۆ لایەکەی دیکە هەبێت، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەم تێڕوانینەی کورد سەیری بەرامبەرەکەی نەکات و خۆی بە سەروەر بزانێت و بەرامبەر بە خزمەتکار، بێگومان ئەو حاڵەتە دروست دەبێت کە نەتوانین پێکەوە بژین**



**گرنگترین پرس ئەوەیە کە حکومەتی عێراق ئیعترافی بە بۆرییە نەوتییەکانی کوردستان کرد، لە ڕێگەی ئەو بۆرییانە نەوت هەناردە دەکرێت و بە ئاسانی دەفرۆشرێت**

**مەسەلەی پەیوەندی نێوان هەرێم وبەغدا لەسەر پرسی نەوت، یان کێشەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، هەمووی لە بارودۆخێکی ناسەقامگیردایە و ئاسایی نییە**

**سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوەمان بۆ سیستەمی سیاسی، لانیکەم سەقامگیری هەیە و بڕیاردان ئاسانترە، بەڵام لەبەغدا نەک هەر بڕیاردان لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان ئاڵۆزە، بەڵکو بڕیاردان لەبواری ئاسایش، سەربازی، خزمەتگوزاری لە ئاڵۆزییەکی گەورەدایە**

و ببێتە زۆرینە لەناو بەغدادا، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و زۆر بە گەرمی پشتگیری فیدراڵی و یاسای هەرێمەکانیان دەکرد، زۆریش بە جددی پێویستییان بە هاوپەیمانی کورد بوو، لە سایەی ئەو هاوپەیمانییەش توانییان جێ پێی خۆیان قایم بکەن، ئێستا کە جێ پێی خۆیان قایم کردووە، پێیانوایە کە کورد زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان دەدات، بۆیە تێڕوانین و گوتاریان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆیە ئێمە وای دەبینین ئەم گوتار و تێڕوانیەی ئێستای دەسەڵاتی شیعە، تێڕوانین و گوتاری پێکەوەژیان و ڕێزگرتن نییە، بەڵام هەتا ئێستاش ئێمە وای دەبینین ئێمە لەگەڵ عێراق دراوسێ بین، یان پێکەوە لەگەڵ عەرەب لە عێراق بژین، دەتوانین پێکەوە هاوکاربین و هەر لایەکمان سوودمان بۆ لایەکەی دیکە هەبێت، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرامبەر بەم تێڕوانینەی کورد سەیری بەرامبەرەکەی نەکات و خۆی بە سەروەر بزانێت و بەرامبەر بە خزمەتکار، بێگومان ئەو حاڵەتە دروست دەبێت کە نەتوانین پێکەوە بژین، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو تێڕوانیەی ئێستای شیعە بۆ کورد، تێڕوانینی هەموو شیعە نییە، هەندێك لایەنی شیعە ئێستاش هاوپەیمانی لەگەڵ کورد وەك نەوەدەکان و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ بە گرنگ دەبینن، ئەم لایەنانە لەناو پرۆسەی بڕیار کاریگەرییان هەیە، بەڵام کەمینەن و ناتوان بڕیار بدەن و بڕیاردەری کۆتایی نین.

*** هەست دەکرێت ئێستا ڕەوشی سیاسیی عێراق زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بەرەو تەنگژە و شەڕێکی خوێناوی مەزهەبگەرایی دەچێت، بە شێوەیەکی سەرەکی حەشدی شەعبی جێگەی سوپای عێراقی گرتۆتەوە. ئایا تاچەند ئەم شەڕە تائیفییەی نێوان شیعە و سوننە عێراق ڕووبەڕووی کارەسات دەکاتەوە؟**

- ئێستا عێراق خۆی لە کارەساتدایە، لەناو چەندین قەیرانی گەورەدایە (گەندەڵی، خراپی باری ئابووری، سەربازی، خزمەتگوزاری، بێکاری، نیشتەجێبوون، تەندروستی، کارەبا و ئاو، ڕێگە و بان، ململانێی مەزهەبی و .. تاد) لەناو ئەم قەیرانگەلەدا، عێراق بەرەو کۆی دەچێت؟ پرسیارێکی قورس و ئاڵۆزە، من پێموایە وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر ئەوەی بەرەی شیعە و سوننە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، ئێران، لەناو ئەو گێژاوەی لە عێراق و سووریا و لبنان و بەحرێن و یەمەن و تا رادەیەك میسریش، چ بڕیارێك دەدەن و پێکهاتەکانی عێراق لە سەر چ جۆرە ژیانێك لەناو عێراقدا ڕێکدەکەون؟ پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە داعش بە کوێ دەگات؟ ئایا ئەو ناوچانەی ئێستا لەژێر دەستی داعشن، دوای تێکشکانی داعش، دەدرێنەوە سوننە وەك عێراقی، یان دەدرێنەوە سوننە وەك عەرەبی سوننە، ئەمە پرسیارێکی گرنگە، ئەگەر بدرێتەوە سوننە وەك عەرەبی سوننە، ئەوا دەبێت سوننە خۆی هێزێکی هەبێت و ئەو ناوچانە بپارێزێت، بەڵام ئەگەر بدرێتەوە سوننە وەك عێراقی،



ئەوا حەشدی شەعبی بۆ دەچێت، بەڵام ئاراستەی ڕووداوەکان بەو شێوەیەیە کە هێزێك بۆ سوننە دروست بکرێت، بڕیارەکەی کۆنگرێسی ئەمریکاش هەر بەو جۆرەیە، کە ئەگەر بەغدا عەرەبی سوننە و هەرێمی کوردستان پرچەك نەکات، ئەوا ڕاستەوخۆ خۆیان چەك دەدەنە هەرێمی کوردستان و سوننە، ئەمەش مانای ئەوەیە لە عێراقدا سێ پێکهاتە و سێ هێز هەیە، دەوڵەتیش کاتێك بوونی دەبێت کە سوپایەکی نیشتمانی و سیستمێکی یەکگرتووی هەبێت، بەڵام لە ئێستای عێراقدا نە سوپایەکی نیشتمانی و نە سیستمێکی سیاسیی یەکگرتوو بوونی نییە، بۆیە بارودۆخەکە لە ژێر پرسیارێکی گەورەدایە و مەزندەکردنی ئاسان نییە.

*** ئێستا عێراق لە بەردەم ئایندەیەکی نادیاردایە و هەموو ئەگەرەکان کراوەن. ئایا تاچەند دەتواندرێت بڵێین: عێراق کۆتایی هاتووە، بەتایبەتی کە ئێستا بەغدا ناتوانێت لەهەموو عێراقدا حوکمڕانی بکات؟**

- بارودۆخی ئێستای عێراق وەك حاڵەتی پیاوێکی نەخۆش وایە، کە هەموومان لێمان مەعلوومە بەو نەخۆشییەوە دەمرێت، بەڵام هێشتا زیندووە و نازانین نەخۆشییەکەی کەی دەیکوژێت، جاری وا هەیە نەخۆشییەك بە ٦ مانگ نەخۆشەکە دەیکوژێت و جاری واش هەیە ٢٠ مانگ دەخایەنێت، بۆیە بەندە بارودۆخی ئێستای عێراق بەوجۆرە دەبینم، ئەم نەخۆشییەی عێراق ماوەی ٤ ساڵی دیکە دەخایەنێت، ئەمەش مەزندە و پێشبینی بەندەیە بۆ ئایندەی عێراق.

*** ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرسامییە، ئەوەیە کە ئەم حکومەتە نەخۆشە دەستێوەردانی تێدا دەکرێت و ئاستەنگی بۆ دروست دەکرێت، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی د.عەبادی هەڕەشەی دەست لە کارکێشانەوە بکات، ئایا ئەم حکومەت بەردەوام دەبێت؟**

- ئەم حکومەتی ئێستا بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی و بەم پێکهاتەی ئێستایەوە بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لێدەکرێت، بەڵام لێتان ناشارمەوە هێزێکیش هەیە لە ناو شیعە دژایەتی حکومەتەکە و سەرۆك وەزیران دەکات و کێشەی بۆ دروست دەکات، ئەمە بە چ نییەت و نیازێکە؟ بێگومان خەڵکانێك هەن سوودێکی زۆریان لە بۆشایی ئەمنی و ناسەقامگیری بارودۆخەکە بینیوە، ئێستاش دەیانەوێت ئەو بارودۆخە بەردەوام بێت، ڕاستە حکومەتەکەی عەبادی بێ کێشە نییە، بەڵام ئەو حکومەتەش نییە بڵێین لەم بارودۆخەدا دەڕووخێت، لە عێراقدا ڕووخانی حکومەت، یان متمانە لێسەندنەوە لە سەرۆك وەزیران زۆر قورس نییە، بەڵام پێکهێنانەوەی حکومەت زۆر زۆر قورسە، لە ئێستادا ئەم پرسە لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەك باس ناکرێت، واتە نە کورد و نە شیعە و نە سوننە، بەدوای بەدیلدا ناگەڕێن، بەڵام بێگومان حکومەتەکەش لە قەیراندایە.


**ئەگەر گوشاری ئەمریکا نەبوایە لەسەر هەرێم و بەغدا ئەوا ڕێکنەدەکەوتین، ئەوەی بەغدا و هەولێری گەیاندۆتە ڕێککەوتن، فشارێکی نێودەوڵەتی بووە لەسەر هەردوولا بەوەی دەبێت ڕێکبکەوین**

**لەم قۆناغەی ئێستا ناتوانین ڕاشکاوانە بڵێین پێکهاتەیەک ئیرادەی خۆی بە تەواوی فەرزکردووە، بەڵام ئاسۆکە بەرەو ئەو دەچێت پێکهاتەیەک هەوڵبدات ئیرادەی خۆی بسەپێنێت**

**یەکێک لە کێشە هەرە گرنگەکانی عێراق کە لە چاوی خەڵکدا بە تەواوەتی دیار نییە، ئەوەیە ٩٥٪ی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی وەک نەخۆشخانە و قوتابخانە و ڕێگەوبان و نیشتەجێبوون، کە پێیان دەڵێن: پرۆژەکانی وەبەرهێنان، فەشەلی هێناوە**

# سۆزێک بۆ ڕۆشنبیرێکی بەرچاوڕۆشنکار

## لە چوارەمین ساڵیادی کۆچی محەمەد عابد جابری



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*
بۆ گوڵان دەینووسێت

پێش پێنج ساڵ لەمەوبەر شتێکی وەك ئەمە ڕووینەداوە کە داوایان لێکردبم لەسەر ئەم ڕەوانشادە بنووسم، بە شێوەی ئەم مکوڕبوونەی ئێستام کە لە هاتنەوەی یادەکەیدا هەستم پێکردووە، ئەم کارە تەنیا لەسەر بووژانەوەی فزوولی ئەبستیمیی ناوەستێت، بەڵکو سۆزێکە بۆ گەڕانەوەی دەنگی ئەو پیاوە، هەوڵێکە بۆ خەملاندنی بیروڕایەك لەسەر بیرمەندێك کە لە ڕۆژگارانی ژیانیدا ڕاوبۆچوونەکانی کێشیان هەبووە، بەتایبەت سەبارەت بە گرنگترین وەرچەرخانەکانی کە جیهانی عەرەبی ئاشنای بوون، بە تایبەتیش پاش ئەو ڕووداوانەی کە لە بەهاری عەرەبیدا قەوماون.


دەکرێت پەنجە بخەینە سەر ئەم سۆزەو هەستی پێ بکەین، ئەگەر هاتوو زەینی خۆمان بدەینە بەو پرسیارانەی لەم بارەیەوە دەوروژێنرێت، ئەو پرسیارانەی دەکرێت لەم دوو تەوەردا دایانبڕێژینەوە: خاوەنی بابەتی ((گوتاری هاوچەرخیی عەرەبی)) چ شتێکی دەربارەیان دەوت ئەگەر بهاتایە تا ئێستا لە ناوماندا زیندوو بوایە؟ دواتر چی وەڵام دەدایەوە کاتێك بە چاوی خۆی بیدیتبایە چ لۆژیکێك بڕیار لەسەر مێژووی لۆژیك دەدا کە پێشتر جابری لە هەوڵەکانیدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو لۆژیکەدا ڕەخنەی لە عەقڵی عەرەبی دەگرت، هەڵوەستەی لەسەر هەموو چەشنە لامەعقولیەتێك دەکردەوە کە واقیعی عەرەبی لەسەر وێنا دەبوو.

هەندێك هەبوون ئەم جۆرە پرسیارانەیان لە خۆیان دوور دەخستەوە، لەو بڕوایەوە کە بۆچوونی جابری هەرگیز پێغەمبەرانە نەبووە، لە ئامانجیشیدا نەبووە نەخشە بۆ ئەو شتانە بکێشێت کە پێویستە وا بوونایە، ئەوەی زۆرتر سەرقاڵی دەکرد بریتی بوو لە وەڵامی پرسیارێك کە مەنزڵگەی هەموو ئەو عەرەبانەی خۆیان بە فیکرەوە سەرقاڵ دەکرد، دەیگرتنەوە، مەبەستم: چۆن دەکارێت بۆ فکری هاوچەرخی عەرەبی کە تێگەیشتنی هەبێت یان لایەنەکانی عەقلانیەت لە کەلتووردا بهێنێتەوەو بە شێوەیەکی نوێ تەوزیفیان بکاتەوە؟.

بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، جابری سەرقاڵ بووە بەوشتانەی تێپەڕیبوون و بەوانەشی کە باری واقیعی ئێستاکێی بوون، کەمتر لایدەکردەوە بۆ زانینی ئەو شتانەی ئایندە دەیاندۆزێتەوە، سیاسەتیشی پیادە کرد، نەك تەنیا لە ناو ڕۆشنبیریدا، بەڵکو وەك بایەخدان بە بابەتی ڕۆژ، وەك سەرقاڵبوون بە کاروباری ڕۆژانەوە.

ڕەنگە بە شێوەیەك ئەم هەڵوێستەی لێکبدرێتەوە کە پیادەکردنی سیاسەت، یان بایەخدان بە کاروباری ڕۆژ، ئەوە نەگەیەنێت خۆت لە هەنووکەدا نغرۆ بکەیت، لەوەشدا نەوەستێت بە دەوری ڕابردوودا بسوڕێیتەوە، بەڵکو نەخشە داڕێژتنە بۆ ئامانجێك و کرانەوەیەکە بە ڕووی داهاتووشدا، ئەو هەڵوێستانەش کە جابری ڕاوبۆچوونی خۆی لە هەمبەر دەوتن کەم نەبوون، بەتایبەت ئەو شتانەی پێوەندیدار بوون بە ئاسۆی وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگە عەرەبیەکانەوە لە ڕووی سیاسی و فیکری و پەروەردەییەوە، ئەمەشی کردبوو بە خەمی بنەڕەتی خۆی، وەك چۆن دەیووت((سەرلەنوێ بونیادنانەوەی خود)) لەگەڵ چاوخشانەوە بەو شتانەی بە میرات بۆمان دەمانەوە، یان هەوڵمان بۆ دەدان، لەم ڕوانینەوە کێڵانی ڕابردوو بە لای ویەوە بریتی بوو لە ڕێگەیەك بۆ کردنەوەی ئاسۆی ئایندە.

ئەمە لە دەروازەی تێرکردنی فزوولیەتی ئەبستیمیەوە نییە کە هەوڵ بدەین بۆ بەقسەهێنانی ئەم پیاوە لە ناو مەزارەکەیەوە، بەڵکو لێرەدا کارەکە زیاترەو خودی کەسی جابریش تێدەپەڕێنین، تا ئەو شوێنەی دەیبەستینەوە بە تێگەیشتێکی دیاریکراومان بۆ ڕۆشنبیر مادام لامان بەرجەستەیە، لێرەدا



ئاماژە دەدەم بە ئەستێڵکەکانی کە بە ڕۆشنبیر دەدران بۆ دیاریکردنیی چەمکی خودی ڕۆشنبیرەکە، یان ئەو ڕۆڵەی کە پێی دەدرا، ئەو کات وا تەماشای ڕۆشنبیر دەکرا کە بریتیە لەو کەسەی لەبری ئەوانی تر بیردەکاتەوە، لەبری ئەوەی بە ڕاستەڕێیان بگەیەنێت، یان وەك ئەوەی مەشخەڵهەڵگری حەقیقەت بێت، بەو واتایەوە دەتوانین بپرسین لەوەی جابری ئەگەر بمابایە چی لەسەر بەهاری عەرەبی و کارلێکەوتەکانی دەوت؟ ئەمەش وەك سۆزێك بۆ ئەو ڕۆشنبیرەی بەرچاوی خەڵکی ڕۆشن دەکردەوە، یان بۆ ئەو عەقڵەی لەبری ئەوانی تر بیری دەکردەوە، بەڵام وادیارە بەهارەکە ئەوەی دیارخست کە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانەی بەرچاو ڕوون دەکەنەوە بوونیان نەمابێت، یان بە لانی کەمەوە بە پێویستییەك دانەنرێن، بە هەرحاڵ نەبینی لە پشت ئەو هەموو ڕووداوانەی قەومان ئێمە هەبوونێکی کردەیمان بەو جۆرە ڕۆشنبیرانەوە درك پێنەکرد، وەك چۆن بینیمان ڕاپەڕینەکان بەرپابوون بە بێ ئەوەی کەسێك پێشبینیان بۆ بکات یان پلانیان بۆ داڕشتبێت.

ئەمەش ڕاستێتی زیاتری تێدایە کاتێك بمانەوێت ئەو لایەنانەی بەهارەکە شرۆڤە بکەینەوە، ئەوەی بەهارەکە لە لایەکی ترەوە ڕوونی کردەوە ڕۆشنبیرانی لێ غافڵ بوون، مەبەستمە لەو ئانارشیزمیەت و ئاژاوەگێڕییانەی پاش تەقینەوەکان کە ناماقووڵیەتی زۆری لێ کەوتەوە، بە شێوەیەك سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا لە کردنەوەی ئاسۆکان و لێکهەڵترازانی داخراوەییەکان، دەرئەنجامی ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ئەوەی سەلماندەوە کە عەقڵی عەرەبی هێشتا پێویستی زۆری بە ڕەخنە هەیە، تا ئێستاش کەوتۆتە ژێر قورسایی هەموو شێوەو جۆرە ڕەنگەکانی باوەڕهێنانەوە، ڕاپەڕینەکان تەنیا لەوەدا چڕکرانەوە کە ئاڕاستەی دەسەڵات و حزب و گرووپی دەستڕۆیشتوو بکرێنەوەو بەس، پشتیان کردە ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مۆراڵی و ڕێبازە فکریی و بەها ڕۆشنبیریانەی کە پێویستیان بە ڕاپەڕین بوو، تا چاویان پێدا بخشێنرێتەوە لە ڕووی چەمکەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەو فکرو مێژووەوە، گەرچی ڕژێمەکانی پێ گۆڕدرا بەڵام عەقڵیەت و زەینەکانی وەك خۆی هێشتنەوە، ڕەنگە لەبەر ئەمەش بێت، ئامانجی ڕاپەڕینەکان بە خێرایی دەپووکانەوەو دەچوونە خزمەتی هێزە موحافیزکارو تەقلیدیەکانەوە، فیکری باوەڕهێنان هەژموونی دەکێشایەوە کە بە سروشتی خۆی بریتی بوو لە میکانیزمێکی تاکڕەوانەی وا کە فرەیی و جیاوازی بیرو هەڵوێست ڕەت دەکاتەوە، ئەمەش پاڵنەربووە بۆ ئەوەی هەموو شتەکان بخاتە ناو بازنەی داخراوی خۆیەوەو ناچاریان بکات بۆ لۆژیکی خۆی ملکەچ بن، هەروەها بەهاری عەرەبی میکانیزمێکی بەزۆرسەپاندنی لە پشتەوە بوو کە وەرچەرخا بۆ تۆتالیتاریەتی فکریی و دواتر زەمینەی ساز کرد بۆ بزاڤە توندوتیژەکان و هەموو ئەو شتانەیان ڕەت کردەوە کە لە پێناویدا ڕاپەڕین بەرپا کرا، بەڵکو ڕۆڵی هەبوو لە زیاد داخستنی ئاسۆکان.

پەرەسەندنی ڕووداوەکانی پاش بەهاری عەرەبی ئەوەی خستە ڕوو کە فکری عەرەبی هیچی پێ ناکرێت نە کەلەپووری خۆی پێ دەپارێزرێت و نە مۆدێرنەی پێ هەڵدەسوڕێت، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ناماقووڵیەت لە پشتەوە زۆربەی دەمامکەکانەوە خۆی حەشارداوە، بەو واتایەوە پەنا بۆ بیروڕایەکانی جابری دەبرێت و پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە، ڕەنگە ئەمجارەیان نەك وەك ڕۆشنبیرێکی بەرچاو ڕۆشنکەر بەڵکو وەك جەمسەرێکی بنەڕەتی لە دیالۆگێکدا کە تا ئێستاش پێویست و کراوەیە.

---


**ئەو هەڵوێستانە کە جابری ڕاوبۆچوونی خۆی لە هەمبەر دەوتن کەم نەبوون، بەتایبەت ئەو شتانەی پێوەندیدار بوون بە ئاسۆی وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگە عەرەبییەکانەوە لە ڕووی سیاسی و فیکری و پەروەردەییەوە، ئەمەشی کردبوو بە خەمی بنەڕەتی خۆی**


**بەهاری عەرەبی میکانیزمێکی بەزۆرسەپاندنی لە پشتەوە بوو کە وەرچەرخا بۆ تۆتالیتاریەتی فکریی و دواتر زەمینەی ساز کرد بۆ بزاڤە توندوتیژەکان و هەموو ئەو شتانەیان ڕەت کردەوە کە لە پێناویدا ڕاپەڕین بەرپا کرا، بەڵکو ڕۆڵی هەبوو لە زیاد داخستنی ئاسۆکان**


---

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات**




TARIQ RAMADAN
WHAT I BELIEVE


Radical Reform
slamic Ethics and Liberation
TARIQ RAMADAN



RETHINKING
ISLAMIC REFORM

# ریفۆرم لە ئەقڵ نەک لە دەق

## خوێندنەوەیەک بۆ چەمکی ریفۆرم لە فیکری (تاریق رەمەزان)دا

**«ئەم بابەتە لە کۆڕێکی بیرمەندی ئیسلامی پرۆفیسۆر تاریق رەمەزان لە بارەی کتێبی (ریفۆرمی ریشەیی: ئاکارەکانی ئیسلام و رزگاربوون)، بە ناونیشانی (شێوەی ریفۆرم و سنووربەندییەکانی ریفۆرم لە ئیسلامدا) لە وڵاتی کەنەدا پێشکەش کراوە. تاریق رەمەزان لەو کۆڕەدا تەواوی ناوەڕۆکی کتێبەکەی (ریفۆرمی ریشەیی) دەخاتەڕوو، بەتایبەتیش باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم ریفۆرم لە ئەقڵی موسڵماناندا دەکات، نەك ریفۆرم لە دەقەکانی قورئانی پیرۆزدا، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە ریفۆرم بۆ هەنگاوهەڵگرتن بێت بەرەو تێگەیشتنێکی باشتر لە دەقەکان و گۆڕینی ژیان بەرەو باشتر. لەبەر رۆشنایی ئەم پرسە گرنگە بە پێویستمان زانی وەك بابەتێك بۆ خوێنەرانی گوڵانی ئامادە بکەین».**

**٢-٢**



**لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) سێ حاڵەت هەبووە کە ئاینی خۆیان گۆڕیوە و کەسیشیان نەکوژراون، تەنانەت لەچەند ساڵی رابردوو شێخ عەلی موفتی لێدوانێکی لە ئەمریکا دابوو و لە هەردوو رۆژنامەی واشنتۆن و گۆڤاری نیوزویک بڵاوکراوەیە بەوەی وتبووی گۆڕینی ئاین ئیختیارییە و کەسی لەسەر ناکوژرێت**

**هەندێک مەلا و پیاوانی ئاییني بە خەڵک دەڵێن گوێ لە مۆسیقا مەگرن حەرامە، باشە من ئەم قسەیە رەتناکەمەوە، با ئەو مەلایە، یان ئەو پیاوە ئاینیە خۆی گوێ لە مۆسیقا نەگرێت و بڵێت: ئەمە رای خۆمە، نەک بڵێت: ئەمە حوکمی ئیسلامە و ئیسلام حەرامی کردووە، باشە ئەگەر ئیسلام مۆسیقای حەرامکردووە ئەی چۆن مامەڵە لەگەڵ سروودە ئایینەکان دەکەن؟**

### • خودناسی و جیهانناسی دوو بنەما بۆ ریفۆرم

لەبەشـــی یەکەمی ئـــەم خوێندنەوەیەدا راشـــکاوانە هەڵوەستەمان لەسەر ئەوەکرد، بەوەی تاریق رەمەزان دەڵێت: «من هەرگیز هەوڵم نەداوە ریفۆرم لە ئیسلامدا ئەنجامبدەم، بەڵکو هەوڵی من بۆ ئەوەیە ریفۆرم لە ئەقڵی موســـڵماناندا ئەنجام بدرێت»، ئەمەش بەو مانایەی ئەم میتۆدەی تاریق رەمەزان بـــۆ ریفۆرم هەوڵدانە بـــۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لە چۆنیەتی تێگەیشـــتن لە دەقەکانـــی قورئانی پیرۆز، نەك هەوڵدان بێت بۆ دەســـكاریكردنی دەقەكانی قورئان، تاریق رەمەزان بـــۆ ئەنجامدانی ئەم ریفۆرمە بنەما و ئاكارەكانی ئیسلامی دابەشكردووە بۆ دووبەش، یەكەمیان ئەو بنەمایانەن كە دەســـكارییان ناكرێت، ئەمەش ئـــەو لایەنانە دەگرێتەوە كە پەیوەســـت بە باوەڕی موسڵمانانەوە، وەك یەكتاپەرستی، نوێژكـــردن، حەجكـــردن، دیاریكردنـــی زەكات. تاد، ئەم بنەمایانە هەموو موســـڵمانان بە یەك جۆر ئەنجامی دەدەن و قابیلی دەســـكاریكردن نین، بەڵام هەندێك بنەمای دیكە هەن كە پەیوەستن بە بارودۆخێكی مێژووی و كۆنتێكستی ئـــەو قۆناخەی دەقەكەی تێدا هاتۆتە خـــوارەوەو هۆكاری هاتنە خوارەوەی ئەو سورەتە (اســـباب النـــزول) لەبەرچاو گیراوە و پەیوەســـتە بە رێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی و پێوەندی نێوان موسڵمان و واقیع، هەروەها مرۆڤ و جیهان، كەواتە كـــە بارودۆخەكە گۆڕانكاری بەســـەرداهات، ئەوا لە ناو كۆنتێكســـتی تازەی بارودۆخەكەوە سەیری دەقەكان دەكەیـــن و دووبارە خوێندنەوەی بـــۆ دەكرێت و ئیجتیهادی تێدا دەكرێت. هەربۆیە ئەگەر ســـەرنج لـــەم میتۆدە بدەین راشـــكاوانە دەگەینـــە ئـــەو دەرەنجامەی پێویســـتە پێش ئەنجامدانـــی ریفۆرم، ئامانجی ریفۆرمەكە دیاری بكرێت، تاریق رەمەزان لەمبارەوە دەڵێـــت: ئەگەر ئێمە مەعریفەی تەواومان لەبەردەست نەبێت بەوەی چۆن لە دەقەكە تێدەگەین و هەروهـــا نەزانین ئێمە بـــۆ چ ئامانجێك ریفۆرم دەكەین، ئەوا پرۆســـەكە سەركەوتوو نابێت، ئەمە دروست وەك ئەوەیە كە مرۆڤ خۆی نەناســـێت و هەوڵبـــدات وەرچەرخان لە خۆیدا دروســـت بكات، یان لە بارودۆخی ئێستای جیهان و پێشكەوتنەكانی تێنەگەین و داوای ئەوە بكەین گۆڕانكاری لـــە جیهاندا دەكەین، لەم حاڵەتـــەدا ئەگەر بێ ئاگابین لە بارودۆخـــی جیهانی هاوچەرخ و تەنهـــا دەقەكانی قورئان بخوێنینەوە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئێستای جیهان، بنەما بـــۆ گۆڕانكاری دیاری بكەیت، ئەمـــە مانای ئەوەیە تۆ دەتەوێت جیهانی ئێســـتا لەگەڵ تێگەیشـــتنی خۆت بۆ دەقەكـــە بگونجێنیت، ئەمەش كارێكـــی مەحاڵەو جۆرێكە لەســـەپاندنی ریفۆرم (Adaptation reform) ئەم شـــێوازە باری سەرشـــانی موسڵمانان سوك ناكات بۆ ئەوەی لەگەڵ جیهانی هاوچـــەرخ بگونجێت، بەڵكو ئەركی سەرشـــانی قـــورس دەكات و لە جیهانی ئێســـتای دادەبڕێت، تەنانەت ئەم شـــێوازە پێچەوانەی دارشتنی یاساكانیشە، لەبەرئەوەی یاسادانەران یاســـا بۆ كێشەیەك دادەڕێژن، یاسا پێش كێشە ناكەوێت، بەڵكو كێشەیەك هەیە دوای تێگەیشتن لە كێشەكە یاســـادانەران لەسەر بنەمای ئسوڵی فیقهی یاسا دادەڕێژن و بۆ چارەسەركردنی كێشـــەكە جێبەجێی دەكەن، هەر بۆیە ئەگەر زانایانی موســـڵمان بیانەوێت جیهان بگۆڕن، دەبێت پێشـــوەختە جیهانی سەردەم بناســـن و لە پێشكەوتنەكانی تێبگـــەن بۆ ئەوەی یاســـایەك دابڕێژن لەگـــەڵ جیهانی ســـەردەم بگونجێت، ئێمە هەموومان لە میتۆدلۆژی (ئاین ناسی) ئەم بنەمایەمان فەرامۆشكردووە، راشكاوانەتر ئێمە هەوڵمانداوە یاســـا دابڕێژین پێش ئەوەی ئەو پرســـیارە لە خۆمان بكەین، ئایا (كێشـــەو یاســـا) كامیان پێش ئەوی تریانە؟ ئایا یاسا دادەڕێژین پێش ئەوەی كێشە هەبێت، یان كێشـــەیەك هەیەو دەمانەوێت چارەسەری بكەین و یاسای بۆ دادەڕێژین؟ دیارە بۆ چارەسەركردنی كێشەكان لەهەموو بوارەكانی ژیان ئەوجا كێشـــەی هونەری بێت، یان زانستی، زاناو فەیلەســـوفەكان ئیشكالیەتیان لەگەڵ (كێشە و یاسا) نییە، بەڵام ئێمە هەموومان ئیشـــكالیەتمان لەگەڵ (كێشەو یاســـا) هەیە، بانگێشـــە بۆ ئەوە دەكەین دەمانەوێت جیهان بگۆڕین، بەڵام لە هەمانكاتدا دەمانەوێت جیهانی ئێســـتا لەگەڵ ئەو تێگەیشـــتنە بگونجێنین كە زانایانی دەق لێی تێدەگەن، بەڵكو پێویســـتە لەبەر رۆشنایی واقیعی ئێستای جیهان دووبارە هەندێك شـــتی تازەی ئەم سەردەمە لەگەڵ سەرچاوەی دارشتنی یاسای ئیسلامی لێكجیابكەینەوە.

### • فراوانكردنی بازنەی زانایان بۆ تێگەیشتنێكی نوێ لە دەق

یەكێك لەو تەحەددییانەی رووبەڕووی هەموو مرۆڤایەتی و موســـڵمانان لە جیهاندا دەبێتەوە، ئەو پێشكەوتنە خێرا و بـــەردەوام و گەورانەیە كە لە بواری زانســـت لەم جیهانەدا روودەدەن، كارل پۆپـــەر گوتەنـــی هەموو پێشـــكەوتنێكی زانســـتی كۆمەڵێك كێشـــەی تازە لەگەڵ خۆی دەهێنێت بۆیە پێویســـتە مرۆڤایەتی پەیڕەوی پرەنســـیپی (هەوڵدان و هەڵەكـــردن) بكات، ئەمەش بەومانایـــە لەگەڵ هەموو داهێنان و پێشكەوتنێكی زانستی كۆمەڵێك هەڵە یان كێشە دروســـت دەبن، بۆیە گرنگە مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵداندا بێت بـــۆ ئەوەی داهێنان بكات و چارەســـەری ئەو هەڵانە بدۆزێتەوە كە لەئاكامی ئەو پێشـــكەوتنە دروســـت دەبێت، هـــەروەك چۆن ئێســـتا هەموو مرۆڤایەتی ســـەرقاڵی ئەو كێشـــە و هەڵە گەورانەن كە شۆڕشـــی ئەنتەرنێت لەگەڵ خۆی دروســـتی كردوون، بەجۆرێكە كە ئاشتی و ئاسایشی خستۆتە بەردەم مەترســـیەك كە پێی دەگوترێت ئاسایشی

ئەنتەرنێت (Cyber Security) دیارە مرۆڤایەتی لەهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئاسایشی ئەنتەرنێت بەردەوامەو خەریکە ڕێگە چارەیەکی بۆ دەدۆزنەوە، بەڵام پرسیاری زانایانی بواری تەکنەلۆژیای ئەنتەرنێت کۆتایی نەهاتووەو دەپرسن کێشەو تەحەددی داهاتوو لەم بوارە چین(What's the next Cyber?)، ئەمە پێمان دەڵێت کێشەکان بەردەوامن و دەبێت هەوڵەکانی مرۆڤایەتیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام بێت، بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە هەوڵەکان چۆن بەردەوام دەبن؟ بێگومان بەناسینی کێشەکان و ڕاستکرنەوەی هەڵەکان و خۆ ئامادەکردنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەو هەڵەی دیکە. سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر تاریق ڕەمەزان هەڵوەستەیەکی وردی لەسەر لایەنی زانستی کردووەو ئاماژە بەوە دەکات، زانستی ئەم سەردەمەی ئێستای جیهان، لە زانستی هەموو سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ئاڵۆز و قورسترن، تەنانەت هیچ کەسێك ناتوانێت بەتەواوەتی لەسەر دوو بوار بۆچوونی خۆی دەربڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە زانایانی دەقی قورئانی پیرۆز، چەند زیرەك بن و چەند لێهاتووبن، بەتەنها بە ڕێگەی تەفسیرکردنی دەقەکان ناتوانن لە ئاڵۆزی و قورسی زانستی ئەم سەردەمە تێبگەن و واقیعی ئێستا بخوێننەوە و پاشان ئەم واقیعە لەگەڵ دەقەکان بەراورد بکەن، ئەوجا بۆ ئەوەی واقیعەکە وەك خۆی بناسین، پێویستە بازنەی زانایان بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئێستای جیهان فراوان بکەین و پێکەوە زانایانی دەق و زانایانی واقیع کۆببنەوە، ڕاشکاوانەتر پێویستە لەیەك ئاستدا زانایانی (دەق، زانستە مرۆییەکان، پزیشکی و بایلۆژی، ماتماتێك و ئەلکترۆنی..تاد) هەموو پێکەوە دابنیشن و بۆ ئەوەی هەموو زانایان هەم لەدەقی قورئانەکەو هەمیش لە کرۆکی واقیعی ئێستای جیهان تێبگەن، ئەمەش لەپێناوی ئەوەیە وەرچەرخان لەبیرکردنەوەی خۆمان دروست بکەین، ئەگەر ئەم وەرچەرخانە دروست نەکەین، ناتوانین ئامانجی ریفۆرم دیاری بکەین و وەرچەرخان بەرەو باشتر لە ژیانی خۆمان دروست بکەین، لەمەش زیاتر ئێمە وەك موسڵمانان بەشێکین لەم جیهانە و کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان ڕووبەڕووی ئێمەش دەبنەوە و پێویستە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەین و بەرپرسیاریەتیش بۆ تێگەیشتن لێیان هەڵبگرین، بۆیە ئەوەی لە ئێستا لەسەر موسڵمانان گرنگە، ئەوەیە بەشداری ئەم پرۆسە گەورەیەی پێشکەوتنی زانست لە سەرانسەری جیهان بکەین و دان بەوەدا بنێن ئێمە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووین و تەنها لۆمەی زانایان و تۆژەران دەکەین کە نەیانتوانیوە کاری خۆیان بکەن، بەڵام ئەم لۆمەیە تەنها لەسەر زانایان و تۆژەرانی بوارە جیاوازەکانی زانست نین، بەڵکو بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەمانتوانیوە واقیعی ئێستا بە قووڵی بخوێنینەوە و پرسیاری قووڵ و گەورە بوروژێنین، لەکاتێکیشدا پرسیارەکان ڕووکەش و سەتحی بن، ئەوا توێژینەوەو وەڵامی تۆژەران و زانایانیش بۆ پرسیارەکە هەر ڕووکەش و سەتحی دەبێت و بە قووڵایدا ڕۆناچێت.

## • خۆرزگارکردن
## لە سەنتەری ناوەندی دەسەڵات سەپاندن

کێشەی سەرەکی کۆمەڵگەی موسڵمانان سەپاندنی تێگەیشتنێکە بۆ واقیعی ئێستای کێشەکانی جیهان بەناوی ئیسلامەوە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری سیستمی بانکی، یان سیاسەتی ئابووریی ئێستای جیهان بکەین، کە ڕووبەڕووی گەورەترین قەیران بۆتەوە، ئایا ئەگەر ئەم کێشەیە بخەیتە بەردەمی زانایەکی دەق و لێی بپرسیت چۆن ئەم کێشە گەورەیە چارەسەر دەکرێت؟ ئەوا لەوەڵامدا یەکسەر پێت دەڵێت: لە ئابووری ئیسلامیدا (ریبا و موزەرابە) نییە، بۆیە چارەسەری ئەم کێشەیە بەوە دەکرێت ئەو دوو بنەمایە نەمێنێت، بەڵام ئەوەی لەگەڵ ئەم بنەما ئابوورییە مامەڵە دەکات هەموو مرۆڤایەتییە بە جیاوازی ئاینەکانیانەوە، بۆیە ناکرێت تۆ وەڵامێکی سادە و لەیەك ڕوانگەوە بەسەر ئەو کێشە گەورەیە بسەپێنیت، سەبارەت بەم وەڵامە تاریق ڕەمەزان دەپرسێت: ئایا ئەم وەڵامە سادەیە ئەو کێشە گەورە جیهانیەی پێ چارەسەر دەکرێت؟ ئایا شتێك هەیە ناوی ئابووری ئاینی بێت، یان ئابووری زانستەو پێویستە زانایانی دەق لەگەڵ زانایانی ئابووری کۆببنەوە و بە وردی لە کێشەکە تێبگەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە؟ هەربۆیە ئەگەر زانایانی دەق گەیشتنە ئەو قەناعەتەی ئابووری زانستە و ئابووری ئاینی نییە، ئەوا هەوڵدەدەن بنەماکانی ئیسلام لەناو ئەو زانستە جێبکەنەوە، نەك هەمووی ڕەتبکەنەوە. ئەمە فێرمان دەکات، لەم سەردەمەدا ناکرێت تێگەیشتنی زانایانی دەق بکەینە کەتەلۆکێك و بەسەر واقیعدا فەرزی بکەین، بەڵکو پێویستە لەواقیعەکە تێبگەین و لەناو دەقەکە بۆ چارەسەر بگەڕێین و بیرکردنەوەی نوێ دروست بکەین، سەبارەت بەم لایەنە تاریق ڕەمەزان بەراوردێك لە نێوان ئیمامی شافعی لەساڵی (١٥٠- ٢٠٤ ك) لەگەڵ ئیمامی حەنەفی دەکات (٨٠-١٥٠ك) دەکات، ئەگەر سەیری ئەم دوو مێژووە بکەین، دیارە ئەو ساڵەی ئیمامی حەنەفی کۆچی دوایی کردووە، ئیمامی شافیعی لە دایك بووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئیمامی شافیعی هەوڵیداوە بەشێوازێکی جیاواز لە ئیمامی حەنەفی لەبەر ڕۆشنانی دەقەکانی قورئانی پیرۆز یاسا دروست بکات، بەڵام ئیمامی حەنەفی بە حوکمی ئەوەی بازرگان بووە و لە چەمکی بەرژەوەندی و بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان زیاتر تێگەیشتووە، هەست دەکەین شێوازی حوکم، یان ئەو یاسانەی ئیمامی حەنەفی دەریکردوون بە شێوازی بەراوردکردنی واقیع بووە لەگەڵ

**سەبارەت بە پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا، هەرگیز باسی ئەو جیاکارییانە ناکەین کە دژی ژنان لە کۆمەڵگەی موسڵمان دەکرێت، بەجۆرێک لەسەر پرسی ئافرەت دەق دەخوێنرێتەوە کە دەقەکە لەهەندێک تیروانیندا بچووک دەکرێتەوە و نایەن سەیری ژیانی پێغەمبەر(د.خ) بکەین چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئافرەت کردووە**

**ئیمامی حەنەفی بە حوکمی ئەوەی بازرگان بووە و لە چەمکی بەرژەوەندی و بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان زیاتر تێگەیشتووە، هەست دەکەین شێوازی حوکم، یان ئەو یاسانەی ئیمامی حەنەفی دەریکردوون بە شێوازی بەراوردکردنی واقیع بووە لەگەڵ دەقەکان و هەوڵدان بووە بۆ ئاسانکاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی موسڵمانان، بەڵام ئیمامی شافیعی دەقەکانی خوێندۆتەوە بەبێ ئەوەی واقیع لەبەرچاو بگرێت و لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی لەدەقەکان یاسا و حوکمی داڕشتووە**

دەقەکان و هەوڵدان بووە بۆ ئاسانکاری و چارەسەرکردنی کێشەکانی موسڵمانان، بەڵام ئیمامی شافیعی دەقەکانی خوێندۆتەوە بەبێ ئەوەی واقیع لەبەرچاو بگرێت و لەبەر رۆشنایی تێگەیشتنی لەدەقەکان یاسا و حوکمی دارشتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە واقیعەکە هەرچۆنێك بێت دەبێت ئەو حوکم و یاسایەی وەك خۆی لەسەر جێبەجێ بکرێت، پرۆفیسۆر تاریق رەمەزان لە موحازەرەکەیدا راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات، ئەم شێوازەی ئیمامی شافیعی دوای کۆچی دوایی ئیمامی حەنەفی بووە، بەڵام شوێنکەوتووان و قوتابیانی ئیمامی حەنەفی، رەخنەیان لە شێوازی ئیمامی شافیعی گرتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە ئیمامی حەنەفی خاوەنی بیرکردنەوەیەکی تایبەتی بووەو هەموو کات کە دەقەکانی خوێندۆتەوە پرسیارێکی وروژاندووە(ئایا چی دەبێت ئەگەر ئەم حوکمە بدەین؟ چی دەبێت ئەگەر ئەم حاڵەتە روویدا؟) بۆیە لە ئاکامی ئەم بیرکردنەوەیە گەیشتۆتە ئەوەی مەزندە بکات و فیقهێکی تەقدیری دروست بکات و ئەگەرەکانی هەمووی وەرگرتووەو ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی بە بیرکردنەوەی تازە مامەڵە لەگەڵ پرسەکە بکات، ئەم بیرکردنەوە تازەیە ئیمامی حەنەفی بەرهەمی ئەوە بووە کە هەمووکات و لەهەموو بارودۆخێکدا ئیمامی حەنەفی سەیری واقیعەکەی کردووەو لەسەر بنەمای کار ئاسانی بکەن و قورسی مەکەن (یسر و لاتعسر)، راشکاوانەتر ئامانجی ئیمامی حەنەفی ئەوەبووە کە کاری موسڵمان ئاسان بکات و بەرژەوەندییەکانیان بپرسێت، وایکردووە هەموو کات داهێنەر بێت لەبەر ئەوەی ئیمامی حەنەفی دوو مەعریفەی هەبووە، یەکەمیان مەعریفەی دەق، دووەمیان مەعریفەی واقیع، ئەمەش مانای ئەوەیە حوکمەکانی ئیمامی حەنەفی بەرهەمی مەعریفەی دەق و مەعریفەی واقیعە. تاریق رەمەزان هەر لەم پرسەدا دێتە سەر قوتابخانەی سێیەم ئەویش قوتابخانەی مەقاسیدە یان مەدرەسەی مەقاسید، لەم قوتابخانەیەدا کە فوقەهای ئیسلامی پەیرەوی دەکەن دێن دەپرسن ئایا مەقسەدەکە یان ئامانجەکە چییە؟ کەواتە هەوڵدان بۆ دارشتنی یاسا، یان حکومدان لەسەر پرسێك بەپێی ئەم قوتابخانەیە خوێندنەوەی دەق و واقیعە پێکەوە، ئەم قوتابخانەیە هاندەرێکی زۆر باش بووە بۆ ئەوەی موسڵمانان بیربکەنەوە و لەسەدەی ١٥ی زایینی سوودێکی هێجگار گەورەی هەبووە بەڵام بەراوردکردنی زانستی سەدەی پانزدە بە زانستی سەدەی بیست و یەك زۆر جیاوازە و لەگەڵ ئەوەی ئەم قوتابخانەیە زۆر شتی تازەی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام بۆ ئەو شتە تازانەو بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانی ئەم سەردەمە بەس نین. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی زانستی سەدەی بیست و یەك زۆر ئاڵۆز و قورسترە لە زانستی سەدەی پازدە، بۆیە ئەم گۆڕانکاریانە

**زانایانی دەقی قورئانی پیرۆز، چەند زیرەک بن و چەند لێهاتووبن، بەتەنها بە رێگەی تەفسیرکردنی دەقەکان ناتوانن لە ئاڵۆزی و قورسی زانستی ئەم سەردەمە تێبگەن و واقیعی ئێستا بخوێننەوە و پاشان ئەم واقیعە لەگەڵ دەقەکان بەراورد بکەن، ئەوجا بۆ ئەوەی واقیعەکە وەک خۆی بناسین، پێویستە بازنەی زانایان بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئێستای جیهان فراوان بکەین و پێکەوە زانایانی دەق و زانایانی واقیع کۆببنەوە**

وامان لێدەکات مانای جیاوازو بیرکردنەوەی جیاواز بۆ لایەنە جیاوازەکانی زانست لەناو دەقەکان بخوێنینەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر لە چوارچێوەی قوتابخانەی مەقاسید سەیری واقیعی ئێستا بکەین، دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئێمە مەبەست یان مەقسەدمان لەدووبارە خوێندنەوەی دەقەکان لەبەر رۆشنایی واقیعی ئێستا چییە؟ بێگومان دوو مەبەستی سەرەکیمان هەیە کە بریتین لە:

١. پاراستنی ژیان و مانای ژیان
٢. پاراستنی بەرژەوەندی گشتی.

ئەم دووخاڵە، دوو ئامانجی گەورەن و پێویستە لە ئیسلامدا بپارێزرێن، ئەمەش مانای ئەوەیە من موسڵمانم و خاوەنی باوەڕم، بەڵام دەبێت ژیانم مانایەکی هەبێت، هەروەها دەبێت لە دەقەکان هەندێك شتم دەست بکەوێت کە ببنە ماناو چەمك بۆ ژیان، لەهەمانکاتدا دەبێت بەرژەوەندی گشتیش بپارێزین، ئەم میتۆدە بەرەو چەندین خاڵی سەرەکیمان دەبات کە بریتین لە:

- چۆن پاراستنی ژیان پێناسە دەکەینەوە، هەموو شتێك کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا هاتووە سەبارەت بە پاراستنی ژیانە، پاراستنی ژیانیش واتە هەموو ژیان.
- پاراستنی ئاشتی، لەبەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی ئیسلام پاراستنی ئاشتییە، لەم ژیانەدا چۆن هەڵسوکەوت دەکەین و چۆن رەفتار دەکەین بۆ ئەوەیە سەرەنجام ئاشتی بێتە ئاراوە. ئەمەش واتە ئاشتی لەگەڵ خودی خۆت، لەگەڵ ئەوی تر، لەگەڵ دراوسێکەت، لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە.
- پاراستنی سروشت، لەبەر ئەوەی ئەگەر رێز لە سروشت نەگرین، هەرچی بکەین خاپوور دەبێت.
- پاراستنی کۆمەڵگە، ئەمەش واتە کاتێك سەیری کۆمەڵگە دەکەین نابێت زیانی پێبگەیەنین، نابێت رێگە بدەین ئەقڵی کۆمەڵگە داگیر بکەین، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگە سەربەخۆ بێت.
- چۆن لەگەڵ زانستە نوێیەکان مامەڵە دەکەین، ئەمە پرەنسیپێکی گرنگە و دەبێت مەعریفە مامەڵە لەگەڵ زانستی نوێ بکەین.

کەواتە بەرەنجامی ئەم باسە بەرەو ئەوەمان دەبات لەبەر رۆشنایی زانستە تازەکانی، ئابووری، سایکۆلۆژی، ژینگە، پزیشکی، مەبەست و مەقاسیدی تازە بدۆزینەوە، بۆ ئەوەیە میتۆدێکی تازە بدۆزینەوە چۆن دەقەکانی پێبخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین رووبەرووی تەحەددییەکان ببینەوە.

**• دەرکردنی فەتوایەك بۆ ئەوەی لەسەر هەموو شتێك فەتوا نەدرێت**

تێگەیشتن لە واقیع و کێشە و دۆزینەوەی ئامانج و مەبەست، لە دەقەکانی قورئاندا دەدۆزرێتەوە، بەڵام

کێشەکە ئەوەیە چۆن لە کێشەکە تێدەگەین و چۆن واقیعەکە دەخوێنینەوە.. تاریق ڕەمەزان لە بەشی کۆتایی کتێبەکەیدا (ریفۆرمی ریشەیی: ئاکارەکانی ئیسلام و رزگاربوون) هەندێك نموونەی باسکردووە و گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی پێویستە زانایانی ئیسلامی فەتوایەك دەربکەن بۆ ئەوەی بۆ وەڵامی هەموو پرسیارێك فەتوایەك نەدرێت، لەمبارەوە هەندێك کێشەی کۆمەڵایەتی باسکردووە و دەڵێت: (ئەگەر بێینە سەر بواری پزیشکی کە هەندێکجار زانایانی دەق وەڵام دەدەنەوە، پێویستە زانایانی دەق کە دەقەکانی قورئان دەخوێننەوە دان بەو راستیەدا بنێن لەبواری پزیشکی نازانن، هەر بۆ نموونە زانایەکی ئاینی ئیسلام و پسپۆر لە خوێندنەوەی دەق، نازانێت مێشکی مرۆڤ چۆن کاردەکات، ئەو دەزانێت مێشك کار دەکات، بەڵام نازانێت چەند ئاڵۆزە و چۆن کار دەکات، بۆ ئەگەر پرسیارێکی سەبارەت بە مێشکی مرۆڤ لێکرا پێویستە لەگەڵ پزیشکێکی پسپۆر دابنیشێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامبداتەوە، پرسیار لەسەر مێشکی مرۆڤ بە زانیاری رووکەش و سەتحی نادرێتەوە، یان کاتێك دێنە سەر پێوەندی نێوان پزیشکی و ئابووری، هەندێك جار پرسیاری ئەوەمان لێدەکەن: ئایا ژنەکەم نەخۆشە دەتوانم لێی جیاببمەوە؟ بەداخەوە هەندێك لە تۆژەران و زانایانی ئیسلام وەڵامدەدەنەوە پێش ئەوەی هیچ شتێك لە نەخۆشییەکەو پێوەندی نێوان ژن و پیاوەکە بزانن، بۆیە لە کتێبەکەمدا ئەوەم باسکردووە بۆ ئەوەی فەتوایەك دەربکرێت، هەندێك پرسیار وەڵام نەدرێتەوە و فەتوای لەسەر نەدرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك وەڵامدەدرێتەوەو فەتوا دەدرێت بەڵێ لە ژنەکەت جیاببەوە، ئەمە زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی تۆ بەدوای رایەکی شەرعی دەگەڕێیت بۆ ئەوەی ژنەکەت لەکاتی نەخۆشی لێی جیابیتەوە، ئەمەش لە ئیسلامدا نییە، لەبەر ئەوەی ئیسلام رێگەت نادات کە ژنەکەت نەخۆشکەوت و باری قورس بوو، تۆ هێندەی دیکە سەرگەردانی بکەیت، ئیسلام داوامان لێدەکات باری سەرشانی سووك بکەین و هاوکاری بکەین لەو سەرگەردانیە رزگاری بکەیت. ئەمە تەنیا لەبواری پزیشکی بوو، لایەنێکی دیکە سەبارەت بە پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگە موسڵمانەکاندا، هەرگیز باسی ئەو جیاکارییانە ناکەین کە دژی ژنان لە کۆمەڵگەی موسڵمان دەکرێت، بەجۆرێك لەسەر پرسی ئافرەت دەق دەخوێنرێتەوە کە دەقەکە لەهەندێك تیروانیندا بچووك دەکرێتەوە و نایەن سەیری ژیانی پێغەمبەر(د.خ) بکەین چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئافرەت کردووە، ئەگەر سەیری مزگەوتێك لە کەنەدا بکەین هەست بە شەرمەزاری دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمەی موسڵمانان تەنیا هەوڵمان بۆ ئەوەیە بەرگری بکەین و خۆمان تێکەڵاوی پێشکەوتنەکانی رۆژئاوا نەکەین، ئەمەش لە روانگەی بێ متمانەییە بە خۆمان، ترسە لە پێشکەوتن و تەنیا رێگەش بۆ رزگاربوون بریتییە لەوەی متمانەمان بە خۆمان بێت و لە پێشکەوتنەکان نەترسین، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کاتێك دێنە سەر هونەر، دەبینین موسڵمانان زۆر لە دواوەن و تەنها ئەوەندەیان هەیە، ئەو دەقە ئەدەبییە، یان شکارە هونەرییە رەتبکەنەوە و رەخنەی لێ بگرن! پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆ ئێمە لە داهێنان تۆقیوین؟ ئایا داهێنان بەشێك نییە لە ئاینی ئیسلام؟ من ئاگادارم هەندێك مەلا و پیاوانی ئاینی بە خەڵك دەڵێن گوێ لە مۆسیقا مەگرن حەرامە، باشە من ئەم قسەیە رەتناکەمەوە، با ئەو مەلایە، یان ئەو پیاوە ئاینیە خۆی گوێ لە مۆسیقا نەگرێت و بڵێت: ئەمە رای خۆمە، نەك بڵێت: ئەمە حوکمی ئیسلامە و ئیسلام حەرامی کردووە، باشە ئەگەر ئیسلام مۆسیقای حەرامکردووە ئەی چۆن مامەڵە لەگەڵ سروودە ئاینەکان دەکەن؟

دوای تەواوبوونی موحازەرەکە یەکێك لە ئامادەبووان سەبارەت بە حوکمی ئیسلامی لەسەر ئەو کەسانەی کە ئیسلام بوون و وازیان لە ئاینەکە هێناوە و ئایا رای تۆ چییە لەسەر ئەوەی کە هەر کەسێك ئاینی خۆی بگۆڕێت دەبێت بکوژرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا و دەربارەی فەرموودەیەکی پێغەمبەر ( د.خ) کە دەفەرمووێت :(من بدل دینه فاقتلوه)، تاریق رەمەزان دەڵێت: زۆر لە زانایانی ئیسلامی دەڵێن، ئەمە ئاشکرایە و ناگۆڕێت، واتە هەر کەسێك ئاینەکەی گۆڕی، تەواو، دەبێت بکوژرێت، من دەڵێم: ئەمە راست نییە، لەبەر ئەوەی سوفیان سەوری (سفیان الثوري)، دەڵێت: پێغەمبەر(د.خ) کەسی لەسەر ئەوە نەکوشتووە کە ئاینەکەی گۆڕیوە، ئەم فەرموودەیە بۆ کاتێك بووە کە کەسێك لە کاتی شەڕدا لە ئیسلام پاشگەزبووبێتەوە و چووبێتەوە ناو دوژمن و زانیاری پێدابن، ئەمەش واتە ئەم فەرموودەیە بۆ کاتی شەڕ بووەو بۆ ئەو کەسانە بووە کە خیانەتیان کردووە، نەك تەنها ئاینەکەیان گۆڕیبێت. بۆیە لەسەردەمی پێغەمبەر (د.خ) سێ حاڵەت هەبووە کە ئاینی خۆیان گۆڕیوە و کەسیشیان نەکوژراون، تەنانەت لەچەند ساڵی رابردوو شێخ عەلی موفتی لێدوانێکی لە ئەمریکا دابوو و لە هەردوو رۆژنامەی واشنتۆن و گۆڤاری نیوزویك بڵاوکراوەیە بەوەی وتبووی گۆڕینی ئاین ئیختیارییە و کەسی لەسەر ناکوژرێت، بەڵام دوو رۆژ دوای ئەوە دامەزراوەی فەتوا (دار الافتاء)ی میسر روونکردنەوەیەکی ناردو وتبووی ئەوە هەڵە تێگەیشتنەو وای نەوتووە، سەیرەکە لێرەدا ئەوەیە سوفیان ئەلسەوری لە سەدەی هەشتەم توانیویەتی بڕیار بدات و قسەی خۆی بکات، بەڵام لەسەدەی بیست و یەك توانای بڕیاردان و قسەکردن نییە.

**یەکێک لەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی هەموو مرۆڤایەتی و موسڵمانان لە جیهاندا دەبێتەوە، ئەو پێشکەوتنە خێرا و بەردەوام و گەورانەیە کە لە بواری زانست لەم جیهانەدا ڕوودەدەن**

# هەڵمژینی قەیران لە خاکی ئیسلامدا

(٦)



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

لە چرکەی یەکەمدا (هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی)، بەشێکی گرنگ لە ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام، بە ناچاری ڕوودەکەنە نێو کۆڵانەکانی گوتاری دیمۆکراسی و قسەکردنێکی بەردەوامی «بێتام» لەسەر دیمۆکراسی توێکڵ، دروست وەك ئەوەی کە چەند ئەکتەرێکی سیاسی لە ئێستا و ئێرەی هەرێمی کوردستانی عێراقدا باسی دەکەن و گوێی دنیایان پێ کەڕ کردووە.

ئەم دیمۆکراسیی توێکڵە، کە لە خەیاڵدانی سیاسیی ئەکتەرەکانی خاکی ئیسلامدا تەنها وەك پرۆسەی هەڵبژاردن وێنادەکرێت، بە چەندین فلتەردا تێدەپەڕێت و لە ژێر چاودێری چەندین کامێرای کۆنترۆڵدایە. ڕاستە ئیدارەی ئەمەریکی، هەر لە بیل کلینتۆنی دیمۆکراتەکانەوە تا دەگاتە جۆرج دەبلیو بوشی جمهوورییەکان، چەندین کارتی فشاریان لەسەر ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام بەکارهێناوە و هەوڵیانداوە بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگێڕنە سەر ناوچەیەکی ئارام و دیمۆکرات و لەبار بۆ دروستبونی بازاڕێکی ئازاد، بەڵام لە کۆتاییدا، کۆی ئەم هەوڵانە بە بنبەست گەیشتوون و نەیانتوانیوە وەڵامی دروستی چاوەڕوانییەکان بدەنەوە. بە گوزارشتێکی دیکە؛ ئۆتۆریتاریزمی وڵاتانی خاکی ئیسلام ئەو دەریا قووڵەیە کە تەواوی پڕۆژەکانی دیمۆکراتیزاسیۆنی تیادا نقوم دەبن، ئەو ئەژدیهایەیە کە لە کۆتاییدا سەری هەمووو چاوەڕوانییە دیمۆکراتیەکان دەخوات. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا (لە داگیرکردنی کوەیتەوە تا ئێستا)، وڵاتانی خاکی ئیسلام نە خۆیان دیمۆکراتیزە کردووە، نە ڕیفۆرمی ڕەگوڕیشەییشیان لە سیستمی ئابووریدا ئەنجامداوە.

گەر پێش هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناچاربووبێت بەوەی کە، بۆ کڕینی وەلائی وڵاتانی خاکی ئیسلام و دوورخستنەوەیان لە کۆمۆنیسمی سوور، پاداشتیان بداتەوە و لێیان بێدەنگبێت، ئەوا لە پاش ئاوابوونی ئەم ئیمپراتۆریەتە، ئیدی ئەم بەهانەیە هیچ مانایەکی نامێنێت و لەبەرامبەر ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکاندا ئەمەریکا دەستی دەکرێتەوە. بەڵام بەداخەوە، ئەوەی کە تێبینی کرا، تەنها چەند هەوڵێکی نەزۆك و چەند کارتێکی فشاربوون، لە سنوورێکی تەواو تەسکدا، بۆ نموونە ئاشتکردنەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، کە خێرا لە بارچوون.

تراژیدیای ڕۆژئاوا، کە خۆی وەك نوێنەری پرۆژەی دیمۆکراتیزەکردنی جیهان دەخاتە سەر شانۆکان، لە دوو خاڵی گرنگدایە. یەکەمیان بریتیە لە هەڕەشەی تۆتالیتاریزمی بزووتنەوە ئیسلامیستەکان و دووەمیشیان بریتیە لە پرسی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتدا. ئەزموونی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێرانی ئایەتوڵاکان و ئەفغانستانی تالیبانەکان و سودانی بەشیر و تورابیدا و پاشان لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامیستەکانی دیکەدا کە لە قۆناغی ئۆپۆزیسیۆندان و هێشتان نەگەیشتون بە دەسەڵات، هێندە تاڵە، هێندە کوشندەیە، هێندە تاریکە کە ڕۆژئاوا نەتوانێت بێدەنگبێت لە بەرامبەریاندا. گوتاری بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، چ لە دەسەڵاتدابن (ئێران، ئەفغانستان، سودان)، چ لە ئۆپۆزیسیۆندابن (ئوردن، میسر، جەزائیر)، هێندە ڕۆژئاوایان ترساندووە، کە بەهەر نرخێك بووە ڕێگانەدەن لە دەسەڵاتدا بەردەوام بن، یان بگەنە دەسەڵات.

بێگومان بەشێك لەم ترسەی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەهمە و بەشێکی دیکەی واقیعە. بەشێکی وەهمە، چونکە کۆی بزووتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی، ئەو ئەژدیهایانە نین کە لە چرکەساتی گەیشتنیان بە دەسەڵاتدا، هەمووو لایەك قوت بدەن. نەهزە لە تونسدا گەیشت بە دەسەڵات و ئەم ئەژدیهایەمان نەبینی، دادو گەشەپێدان لە مەغریبدا گەیشت بە دەسەڵات و ئەم ئەژدیهایە هەر نەگەیشت، مورسی لە میسردا بوو بە سەرۆك و ئەم ئەژدیهایە دەرنەکەوت !

بەڵام لەهەمانکاتدا، بەشێکی دیکەی ئەم ترسە واقیعە، چونکە ئەو ئێوارەیەی کە بەرەی ئیسلامی لە جەزائیردا هەڵبژاردنەکانی بردەوە، جێگری سەرۆکەکەی لە ڕادیۆی بی سی وتی: ئەمە دوا هەڵبژاردنە و چیدی هەڵبژاردنی دیکە لە سایەی خیلافەتی ئیسلامیدا ناکرێت. هەروەها واقیعە، چونکە چەندین بزووتنەوەی جیهادی لە چەندین وڵاتی جیهاندا، بەشەو و ڕۆژ پەلاماری بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا دەدەن و دەیانکەن بە ئامانج. واقیعە، چونکە بەشێکی زۆر لە گوتاری ئیسلامیزم لەسەر دژایەتیکردنی ڕۆژئاوا بیناکراوەو گەر ڕۆژئاوا لەم گوتارە بێنیتە دەرەوە، ئیدی وەك قاڵبێکی بۆش دەمێنێتەوە.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا، وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەپێناوی سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەنادەبنەوە بەر ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکان و گەر هاوکاریشیان نەکەن، گەر وەك جارانیش

دەرگا ئابووری و عەسکەرییەکانیان بۆ نەخەنە سەر پشت، چیدی پەلاماریان نادەن، وەك پەلاماری لیبیای قەزافیان دا. ئەمە چ تراژیدیایەکە: ڕۆژئاوا دەبێت لەنێوان تاعوونی بزووتنەوە ئیسلامیستەکان و کۆلێرای ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکاندا، یەکێکیان هەڵبژێرێت!

بەڵام لە دەرەوەی بژاردەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواو دوور لە بەرنامەو نەخشە ستراتیژیەکانی دەوڵەتەکانی خاکی ئیسلام، تەنانەت دووریش لە خەونە گەورەکانی بزووتنەوەکانی ئیسلامیزم و پۆست ئیسلامیزم و جیهادیزم، ڕەوتی «گلۆباڵیزاسیۆن»، کە لە کوردستاندا بە جیهانگیری ناودەبرێت، وەك ڕەگەزێکی دەرەکی، کە لەدەرەوە دێت و خۆی دەکات بە جومگەکانی ژیانماندا، بە ژووری خەوتنەکانیشمانەوە، هەلومەرجی دەستکاریکردن، هەڵوەشانەوە، بیناکردنەوە، ڕیفۆرمکردن، لەرزین، لەقکردن، لاقەکردن، کاڵکردنەوە، سڕینەوە، ئاوابوونی «ئۆتۆریتاریزم» لە خاکی ئیسلامدا ئامادەناکات؟ یان بەپێچەوانەوە، ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام، هەر وەك چۆن لە ڕابردودا توانیویانە خۆیان لەگەڵ تەواوی گۆڕانکاریەکاندا ڕابێنن و تەواوی ڕەگەزە دەرەکییەکان دەستەمۆ بکەن و باز بەسەر قۆناغە ناسکەکاندا بدەن، ئاواش دەتوانن، ڕەوتی گلۆباڵیزاسیۆن، وەك ئاژەڵێکی کێوی، ماڵی بکەن و لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن و بناغەی ئۆتۆریتاریزمی پێ سەقامگیرتر بکەن ؟

## گلۆباڵیزاسیۆن چییە؟

لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا چەندین تێز پێشنیارکراوە و تا ئاستێکی بەرزیش ئەو تێزانە یەکتری تەواو دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی، من گلۆباڵیزاسیۆن وەك ڕەوتی وەرگێڕانی نەك هەر بازاڕەکان، نەك هەر میکانیزمەکانی پێوەندی، نەك هەر کەرەسەکانی گواستنەوە، بەڵکو بەهاکانیش بۆ ئاستی «گلۆباڵ» دەبینم. واتە لەنێو ئەم ڕەوتەدا، دروست وەك بازاڕ، پەیوەندی، گواستنەوە، ئابووری، بەهاکانیش دێن و سنووری کەلتوورەکان، نیشتمانەکان، ئایینەکان، خوداکان، ترادیسیۆنەکان، تایبەتمەندیەکان تێدەپەڕێنن و دەبن بە گلۆباڵ.

لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەم دیاردە جیهانییە دەبنەوەو بە هەر چوار پەلیانەوە لەنێویدا دەچەقن. گەر تا دوێنێیەکی نزیك، کۆی جوولانەوەکانی دەوڵەت لەو دیوی کەوالیسەکان و لەنێو ژووره تاریکەکاندا بوویێت، لە نەوەدەکان بەولاوە، ئیدی بەشێکی زۆر لەو جوولانەوانە ڕوت وقوت دەکرێنەوە و دەخرێنە سەر شانۆکانی جیهان. ڕەگەزەکانی وەك لیبرالیزەکردنی ئابووری، گشتاندنی مافەکانی مرۆڤ، وێناکردنی حکومەت وەك بەرپرسیار لە شتەکان نەك وەك فەرمانڕەوا بەسەر شتەکانەوە، چیدی ڕێگایان نەدەدا بەوەی کە سیاسەتی ژووره داخراوەکان، بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە وەك زیندانێکی گەورە بەردەوامبێت.

لێرەوە، ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام، لەبەر ئەوەی هیچ خواستێکیان نییە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆیان ڕیفۆرم بکەن و جێگۆڕکێ بە پێگەکانی دەسەڵات و ئەکتەرەکانیان بکەن، بۆ هەڵمژینی ئەم ڕووداوە مەزنە، بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکانی، بۆ بازدان بەسەر تەڵەکانیدا و لەبری بەرگریکردن لە خۆیان، بڕیاریاندا هێرشبەرن؛ بەومانایەی لەبری ڕەدکردنەوەی گوتاری دیمۆکراسی، گوتاری مافەکانی مرۆڤ، گوتاری لیبرالیزەکردنی بازاڕ، گوتاری لێبوردەیی، بەشێکی زۆر لە توانا دارایی و مرۆییەکانیان سازدا بۆ ماڵیکردن و دەستەمۆکردنیان لەنێو دۆخێکی وادایە کە بازاڕ پڕدەکەن لە ڕێکخراوی ناحکوومی کارتۆنی لەسەر مافەکانی مرۆڤ، هۆڵەکان پڕدەکەن لە کۆنفرانس لەسەر دیمۆکراسی و ترادیسیۆن و بەناوی کردنەوەی بازاڕی ئازادەوە، هەوڵدەدەن هاووڵاتیان وەربگێڕنە سەر حەیوانێکی بەرخۆری نابەرپرسیار و ناوشیار، حەیوانێکی ژیاو لە پێناوی بەرخۆریی (ئیستیهیلاك)ی هەمیشەییدا..

بەڵام سەڕای هەمووو ئەم هەوڵانەش، سەڕای هەمووو ئەم کۆنترۆڵانەش، گلۆباڵیزاسیۆن، با لە سنوورێکی تەسکیشدا بێت، گورزی خۆی لە ئۆتۆریتاریزمی ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام دەوەشێنێت و لەچەندین ئاستدا دەیان لەرزێنێت. گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ کتێبە جوانەکەی بێرتراند بادی لەسەر «جیهانێکی بێ سەروەری » ئەم واقیعە باشتر ڕووندەکاتەوە. یەکێك لەو گورزانەی کە گلۆباڵیزاسیۆن لەم ڕژێمانەی دەدات، بریتییە لە دەرکەوتنی ئەو ئەکتەرانەی کە بێرتراند بادی ناویان دەنێت: «ترانسناسیۆنال»؛ واتە ئەکتەرێك کە باز بەسەر سنوورەکانی نیشتمان، کەلتوور، ترادیسیۆن، ئایینێکدا دەدات و دەبێت بەهەڵگری شوناسێکی «گلۆباڵ» کە لەنێو تۆڕە جیهانییەکاندا بینادەکرێت. دەرکەوتنی ئەم ئەکتەرە یەکسانە بە بەرزکردنەوەی «لۆکال» بۆ ئاستی «گلۆباڵ» و دابەزاندنی «گلۆباڵ»ـە بۆ ئاستی «لۆکاڵ». لەم ئەکتەرەدا ئەم دو ڕوبەرە بەیەکدەگەن و لەم بەیەکگەشتنەشدا چەندین ڕوداو دروستدەبن، کە دەکرێت هەر یەکێکیان ببێت بە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و ترس لای ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکان. بۆ نموونە: ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی کە ئەم ئەکتەرانە دروستیدەکەن، هەر لە بواری ئابووریەوە تا دەگاتە بورای ڕۆشنبیریی، هەمیشە بەو پەڕی وریایی و حەزەرەوە لەلایەن ڕژێمەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵدادەکرێت. یاخود دروستبونی میدیای ئازاد بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی وەك فەیسبوك بەتایبەتی، وەك سەرچاوەی هەڕەشەی بەردەوام و تەقینەوە چاوەڕوانکراوەکانی داهاتویەك کە دەکرێت لە هەر چرکەساتێکدا بگاتە لامان وێنادەکرێن. میدیای ئازاد بەگشتی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی، چەندین دەرگای گوزارشت لە خۆکردن بۆ هاوڵاتیان دەخەنە سەرپشت کە تا دوێنێیەکی نزیك نەیاندەتوانی خەونیشی پێوەببینن.

هەموو ئەمانە ڕاستن، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە ئۆتۆریتاریزمی دەوڵەتەکانی خاکی ئیسلام تائێستاش لێرەیە و هیچ یەکێك لە ئاماژەکان نامانبەنەوە سەر ئەوەی کە پێمانوابێت لە سبەینێیەکی نزیکدا کۆتاییان پێدێت.


---

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**ئۆتۆریتاریزمی دەوڵەتەکانی خاکی ئیسلام تائێستاش لێرەیە و هیچ یەکێك لە ئاماژەکان نامانبەنەوە سەر ئەوەی کە پێمانوابێت لە سبەینێیەکی نزیکدا کۆتاییان پێدێت**

**گلۆباڵیزاسیۆن، با لە سنوورێکی تەسکیشدا بێت، گورزی خۆی لە ئۆتۆریتاریزمی ڕژێمەکانی خاکی ئیسلام دەوەشێنێت و لەچەندین ئاستدا دەیان لەرزێنێت. گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ کتێبە جوانەکەی بێرتراند بادی لەسەر «جیهانێکی بێ سەروەری » ئەم واقیعە باشتر ڕووندەکاتەوە**

**گەر تا دوێنێیەکی نزیك، کۆی جوولانەوەکانی دەوڵەت لەو دیوی کەوالیسەکان و لەنێو ژووره تاریکەکاندا بوویێت، لە نەوەدەکان بەولاوە، ئیدی بەشێکی زۆر لەو جوولانەوانە ڕوت وقوت دەکرێنەوە و دەخرێنە سەر شانۆکانی جیهان**


Population Density Key (no. of persons per square mile)
Sparse/empty (0-14)
Low (15-100)
High (more than 100)
IRAQ: Ethnic Composition
Shi'a (Arabic speaking), 55%
Kurds 21% (Sunni, Shi'a, Yezidi, etc.)
Arabs (Sunni Muslims), 18.5%
Assyrians, Chaldians, Armenians, and other Christians, 3.5%
Turcomans, 2% (Shia and Sunni)
Mandian Sabians, 0.5%
Others to include Lurs, Circassians, Nusairs, Baha'is etc, 05%
Remarks: Jews and Iranians, once numerous, were expelled almost totally and respectively, to Israel in the late 1940s and early 1950s, and to Iran (1960s, 1970s, and 1980s). The Iranians are now returning from in large numbers. Recent population dislocation and emigration have not been reflected in here as their final outcome remains unknown.
Lake Urmia
Zakho
Dohuk
Lalish
Greater Zab R.
Nebi Yunis (Nineveh)
MOSUL
Tel Afar
Arbil
Lesser Zab R.
Hatra
Tigris R.
Kirkuk
Sulaymania
Baiji
Tuz Khurmatu
Takrit
Kifri
Khanaqin
Samarrah
Haditha
Balad
Lake Tharthar
Dujail
Khalis
Miqdadia
Euphrates R.
Baquba
Hit
Mandali
Fallujah
Diyala R.
Ramadi
BAGHDAD
IRAN
Lake Habbania
Mahmudia
Iskandaria
Swaira
Lake Melh
Kut
Karbala
Hillah
Nu'maniya
Hashimia
Hindia Channel
Gharraf Channel
Tigris R.
Afak
Amara
Diwania
Najaf
Kufa
Abu Sukhair
Fajr
Euphrates R.
Samawa
Qurna
Nasiria
BASRA
Zubair
Fao
Desert
SAUDI ARABIA
KUWAIT
Persian Gulf




# بۆ شاردنەوەی قەوارەی کورد و زیادکردنی ڕێژەی شیعە

## گەمە بە ئامادەکارییەکانی پرۆسەی سەرژمێری دەکرێ

دواخســـتن و دەستکاریکردنی پرۆســـەی ســـەرژمێری هەوڵێکی دیکەی بەغدایە بۆ شاردنەوەی ژمارەی راســـتیی کورد و کوردســـتانییەکان و دەرنەکەوتنی ڕێژەی راستەقینەی شیعە لەعێراق و نەگەڕانەوەی ناوچە کوردســـتانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردســـتان، بەتایبەتی پارێزگای کەرکووک. لە کاتێکدا لە عێراقی نوێدا هەموو زانیاری و داتاکانی تایبەت بە ژمارەی دانیشـــتووان و ڕێژەی کورد و ســـوننە و شـــیعە و نەتەوەکانی دی لـــە گریمانـــە و ژمارەی مەزەندەکراو زیاتر نییە، ئەو زانیاری و داتایانەش بۆ پلان و پرۆگرامی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاســـی زۆر پێویستن. شـــارەزایانی بواری ئامار و سەرژمێری دانیشتووان لەم راپۆرتەی (گوڵان) دا باس لە گرنگیی ئەنجامدانی ســـەرژمێری دەکەن، ئاماژەش بەو هەوڵانە دەکەن کە بە ئامانجی بەلاڕێدانی پرۆسەی سەرژمێری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کاری بۆ دەکرێت.



سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان:

**زۆر زەحمەتە لە عێراقدا سەرژمێری لە مەبەست و مەرامی تائیفی جیابکرێتەوە**



راگری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری:

**لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان دەرئەنجامی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە دوای پرۆسەی سەرژمێری باوەڕپێکراوترە**

**● سەرژمێری پرۆسەیەکی زانستی و گشتگیرە بەڵام تێکەڵ بە مەرامە تائیفییەکان بووە**

پرۆسەی سەرژمێری پرۆسەیەکی گشتگیری هەمەلایەنە و هەموو بوارەکانی رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، بەڵام لە عێراقدا و لە هەموو حکومەتە جیاوازەکاندا، پرۆسەی سەرژمێری وەك میکانیزمێك بۆ دژایەتیکردنی کورد و لە ئێستاشدا بۆ مەرامی تائیفەگەری بەکار دەهێندرێت. سەبارەت بەم لایەنە سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: «حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا بۆ ئەوەی بە شێوازێکی زانستی و ئامار پلان و بەرنامەکانی دانێت، چەندین جار داوای لە کاربەدەستانی بەغدا کردووە، تاوەکو سەرژمێری گشتی دانیشتوان ئەنجام بدرێت، لەبەر ئەوەی لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە سەرژمێرییەکی دروست نەکراوە و ئەوەشی لە دوای پەنجاکان کراوە، بۆ مەبەستی تایبەتی رژێمەکانی عێراق بووە. وێرای ئەمانەش لە ساڵی ١٩٨٧ـەوە هیچ پرۆسەیەکی سەرژمێری دانیشتووانی عێراق ئەنجام نەدراوە، تەنانەت سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧ هەژمار ناکرێت، چونکە بەبێ کوردستان ئەنجامدرا. پشتگوێخستنی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەش بۆ ململانێ سیاسی و تائیفییەکانی عێراق دەگەڕێتەوە کە بێ گوێدانە بەرژەوەندی گشتی وڵات و هاووڵاتیان تەنیا لە بیری قازانجی تائیفی خۆیاندا کاریان بۆ کردووە. لەکاتێکدا ژماردنی دانیشتووان چوارچێوەیەکی گشتی داتا و نیشاندەرەکان دیاری دەکات لە سەرجەم بوارەکان بەتایبەتی لە بواری دانیشتووان و پەروەردە و تەندروستی و دامەزراوە ئابوورییەکان، ئەم چوارچێوەیەش لە هەژمارکردنی دەیان نیشاندەری جۆراوجۆر بەکاردێت».

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە درێژەی ئاخاوتنەکەیدا بۆ گوڵان تیشکی خستەسەر گرنگیی پرۆسەی سەرژمێری بۆ کوردستانی باشوور کە ئێستا کێشەی جددی لەسەر ناسنامەی خاك هەیە و ئەم پرۆسەیەش بەپێی دەستوری عێراقی ٢٠٠٥ بە رێگەی ریفراندۆم یەکلایی دەکرێتەوە، جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە حکومەتی ئێستای عێراق بە بیانووی جۆراوجۆر ئەم پرۆسەیە دوادەخات، وتیشی: «حکومەتی عێراق مەترسی لە بەهێزبوونی هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی هەیە و کەتوونەتە ژێر کاریگەری لایەنی ئیقلیمی کە پێیان باش نییە ژمارەی کورد لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بزانرێت، ئەوان وابیر دەکەنەوە کە ئەمە کارتێکی تری بەهێزی کوردستانە لە دەستی سەرکردایەتی کوردستان لە بەرامبەر عێراقی نوێ، هەر بۆیە ویستوویانە لە کاتی ئەنجامدانی سەرژمێریشدا چەندین فرت و فێڵ و دەستکاری نازانستییانەی فۆرمەکە و پرۆسەکە بکەن، هەروەکو چۆن ویستیان خانەی نەتەوەیی لاببەن و خانەی مەزهەبی زیادبکرێت، بەتایبەتی لەلایەن عەرەبی سوننەوە. بە بۆچوونی خۆیان ئەگەر ژمارەی کورد کەم بکەنەوە بودجە و مافەکانیشی کەم دەکرێتەوە. هەر بۆیە تا ئەو ململانێ و دوژمنکارییانە لە عەقڵییەتی کاربەدەستانی عەرەبی سوننە و شیعە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان بمێنێ، زەحمەتە تا ٢بۆ ٣ ساڵی دیکەش سەرژمێری ئەنجام بدرێت، لەلایەکی ترەوە زۆربەی ناوچەکانی عەرەبی سوننە لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدایە و بارودۆخی دارایی عێراق روو لەخراپی یە ئەمەش کاریگەری لە سەر دواخستنی سەرژمێری دەبێت».

**● جیاکردنەوەی پرۆسەی سەرژمێری لە مەرامی سیاسی و شۆڤێنی**

لە بارودۆخێکی سیاسیی ناسەقامگیر و رەوشی شەڕ و کێشەی مەزهەبگەرایی و تێڕوانینی شۆڤێنییانەی لایەنی عەرەبی بەرامبەر بە کورد و کوردستان، قسەکردن لە سەر پرسی سەرژمێری کارێکی قورسە و زەحمەتە بتواندرێت بە شێوەیەکی شەفاف و زانستییانە ئەنجام بدرێت، ئەم لایەنە وەك جێبەجێکردن و خۆئامادەکردن بۆی، دامەزراوەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەوان چۆن ئەو ئاستەنگانە دەستنیشان دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەش دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە بارودۆخێکی ناسەقامگیر و ناسروشتی وەك ئێستا کە عێراق پێیدا تێپەڕ دەبێت، زەحمەتە بتواندرێت لە عێراقدا پرۆسەیەکی زانستی وەك سەرژمێری لە سیاسەت جیابکرێتەوە، تێکەڵکردنی سەرژمێری بە حیساباتە سیاسی و تائیفییەکان کارێکی مەترسیدارە و کاریگەری لەسەر راستگۆیی سەرجەم دەرئەنجامی پرۆسەکە دەبێت، هەربۆیە هەرکاتێك توانرا بارودۆخی عێراق کۆنترۆڵ بکرێ و لە نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان هاوبەشی راستەقینە بەرجەستە کرا، ئەو کات ئەنجامدانی سەرژمێری لە قازانجی هەردوو لا دەبێت».

**● تەنیا دەتواندرێت پشت بە سەرژمێری ١٩٥٧ ببەسترێت**

لە سەرەتای ئەم راپۆرتە ئاماژەمان بەوەکرد کە لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە هیچ سەرژمێرییەك لە عێراقدا بە شێوەی شەفاف و زانستییانە و دوور لە مەرامی سیاسەتی شۆڤێنی ئەنجام نەدراوە، هەر لەمبارەوە، د. وەسفی تاهیر شارەزا لە ئامار و راگری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، سەرەتا باسی ئەوەی کرد کە «لە قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەر لە قۆناغی کشتوکاڵی تاکو شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامار و داتا و ژمارەکان کۆکراونەتەوە، چ بۆ وەرگرتنی باج بێت، یان بۆ زانینی داهات و سامان و دەرامەتی وڵات بێت، لە سەردەمی نوێشدا زانایان پێیانوایە لە بەر ئەوەی هەر ١٠ ساڵ جارێك گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە هەرەمی دانیشتووان روودەدات، هەر بۆیە ئەنجامدانی سەرژمێری لەو ماوەیەدا گرنگە. لە عێراقدا جگە لە سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ هیچ سەرژمێرییەکی دیکە بێ فرت و فێڵ و تەزویرکردن ئەنجام نەدراوە، هەروەکو سەرژمێرییەکانی ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٧٧ کە حکومەتی عێراق هەوڵی کەمکردنەوەی ژمارەی کوردی داوە و زۆربەی نەتەوەکانی تری وەکو مەسیحی و تورکمان بە عەرەب هەژمار کردووە. گوتیشی: «لەبیرم دێت لە سەرژمێری ١٩٧٧ دا مەسیحییەکانی کۆیە دەیانگوت ئێمە کوردین، کەچی لە فۆرمەکەدا قبووڵیان نەدەکرد بە کورد هەژمار بکرێن و دەنووسرا مەسیحییەکان

لە نەتەوەی عەرەبن. لەساڵی ١٩٨٧یش دەرئەنجامی شەڕی نێوان عێراق – ئێران کە زۆربەی قەزا و گوندە سنوورییەکانی کوردستان وێران کرابوون و خەڵکەکەی دەربەدەری ئێران کرابوون، کوردێکی زۆر لەو سەرژمێرییە بێبەش کران، سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧یش نەك هەر لە بەر ئەوەی بێ کوردستان ئەنجام درا و پشتی بە داتا و ژمارەی کۆن بەستووە کە ڕێژەی ١٣٪ی بۆ هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك داناوە، ئەو سەرژمێرییە هەژمارناکرێت، بەڵکو لە بەر ئەوەی ڕێژەی لە راستەقینەی شیعە لە عێراقدا دەرکەوت کە تەنیا ٤٣٪ بوو، نەك ٦٣٪، بۆ شاردنەوەی ئەم ڕێژەیەش لە دوای رووخانی رژێمی سەدام شیعەکان ئەو ژمارانەیان رەشکردەوە، نەیاندەزانی کە ژمارە و داتاکان لە شوێنی دیکە پارێزراون. بەم شێوەیە مێژوو پێمان دەڵێت: سەرژمێری لە عێراقدا تێکەڵ بە مەرامی شاراوەی تائیفی و دژایەتیکردنی کورد و کوردستانییەکان بووە، هیچ یەکێك لە سەرکردەکانی شیعە رازی نابێت، باس لە ٤٣٪ی شیعە لە عێراقدا بکرێت. یان باس لە ٢٠٪ی کورد بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی رابردووی عێراقدا چوار ملیۆن و نیو کەسی شیعە لە ئێرانەوە کە خۆیان لە ئەسڵدا عەرەب بوون و لە بەشە عەرەبییەکەی ئیران دەژیان، لە ڕێگەی عەمارە و بەسراوە داخڵی عێراق بوون و زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو کەس ناسنامەی باری شارستانی عێراقیان پێدرا و بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان کرد، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لە سەر زیادبوونی ژمارە و ڕێژەی شیعە لە عێراق هەبووە و بەپێچەوانەوە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی کورد و عەرەبی سوننەش هەبووە. دەستکاریکردنی ڕێژە و داتا و زانیارییەکانی سەرژمێری هیچ ئومێدێك ناهێڵێتەوە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری لە چوارچێوەی عێراقدا. لە دوای گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و جێگیربوونی پێشمەرگە تێیدا، ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر لە ٢٠٪ هەڵدەکشێت و بەشە بودجەی کوردستانیش زیاد دەبێت و بەمەش گەشەی کوردستان خێراتر دەبێت و لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینمان نزیکتر دەکاتەوە، ئەمەش بەدڵی حکومەتێکی شۆڤێنی نییە کە لە (٢٠١٣/١٠/١٥)وە بەشە بودجەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە و گەمارۆی دارایی سەپاندووەتە سەر کوردستان، بە بڕوای من ئەگەر پارەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت، دەکرێت ئەم پرۆسەیە جێبەجێ بکرێت، چونکە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی لە دوای سەرژمێری لە جیهانی دەرەوە باوەڕپێکراوترە».

**● سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٩**
**ئامادەکاری بۆ کرابوو، بەڵام دواخرا**

ئیبراهیم رەحمان شارەزا لە بواری داتاو سەرژمێری گشتی و بەشداری هەموو ئەو خولانەی کردووە کە لە بەغدا وەکو ئامادەکاری لە بواری سەرژمێری ئەنجام دراوە، سەبارەت بە لایەنی تەکنیکی و زانستی ئەنجامدانی سەرژمێری، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان، ئاماژەی بەوە دا ئێستا لە هەرێمی کوردستان لە رووی شارەزایی و بوونی کادیری بەتوانا بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری هیچ گرفتێکمان نییە؛ وتیشی: «سەرژمێری گشتی دانیشتووان کارێکی گشتگیر و سەرتاسەرییە، کاری مەیدانی کۆڵەگەیەکی سەرەکییە لە کۆکردنەوەی ناو و ژمارە و داتاکاندا کە دواتر لەلایەن کەسانی شارەزاوە بەتایبەتی لە زانستی ئامار ژمارە و زانیارییەکان شیکردنەوەی زانستی بۆ دەکرێت و لەسەدان توێژینەوە و سەمبولڵدا سوودی لێوەردەگیرێت. هەر بۆیە هیچ وڵات و نەتەوەیەك نییە لە جیهاندا هەر ١٠ ساڵ جارێك سەرژمێری گشتی دانیشتووان ئەنجام نەدات، چونکە لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری تەواو لە ژمارە و دانیشتووان و تەواوی زانیارییەکانی تری تایبەت بە دانیشتووان روودەدات، ئەمە جگە لەوەی پلانی سەرتاسەری حکومەت و ستراتیژی گەشەپێدان لەسەر بنەمای سەرژمێری دادەنرێت، بوونی ئارامی و سەقامگیری سیاسی و ئاسایش بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی سەرژمێری کارێکی پێویستە، دەرهاویشتەی ئەو ناسەقامگیرییە سەربازی و سیاسیی و مەزهەبییە بوو کە وایکرد سەرژمێری لەعێراقدا ئەنجام نەدرێت، یا دەرئەنجامەکانی باوەڕپێکراو نەبێت، ئەوە بوو سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٩ دواخرا و تاکو ئەمڕۆ ئەنجام نەدرا، لە کاتێکدا لە هەموو روویەکی بودجە و هونەری و تەکنیکی ئامادەکاری و ئامادەسازی بۆ کرابوو، لە بەغدا هەموو قۆناغەکانی سەرژمێرییەکە بە ئاسایی تێپەڕبوو، تاکو گەیشتە قۆناغی گەمارۆسازی و ژمارەدانان بە هۆکاری تائیفی و سیاسی دژ بە نەتەوەی کورد و ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدرا، ئەوە بوو یەکەمجار ویستیان خانەی (نەتەوە) هەڵبگرن، تاوەکو نەزانرێت ڕێژەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە عێراقدا چەندە، دواتر ویستیان خانەی مەزهەبی بۆ زیاد بکەن و کوردی رەسەنی ئێزیدی و شەبەك جیا بکەنەوە، شیعەکان لەم رووەوە هیچ گرفت و کێشەیەکیان نەبوو، چونکە ئەوان زیاتر لە دوو ملیۆن شیعەی ئەهواز و ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێرانیان دەهێنا، هەروەکو چۆن لە هەڵبژاردنەکاندا وایانکرد، لەلایەکی ترەوە ویستیان خەڵکانێکی شۆڤێنی بۆ پارێزگای کەرکووك بهێنن، تاوەکو لە بەرژەوەندیی نەتەوەی عەرەب گەمە بە سەرژمێرییەکە بکەن».

**● هاوکاری و چاودێری ڕێکخراوە بیانییەکان**
**بۆ سەرژمێری دانیشتووان لە کوردستاندا**

ئەو شارەزایەی بواری مەیدانی لە سەرژمێریدا سەبارەت بە گرنگیی ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد، لەگەڵ ئەوەی واباشترە سەرژمێری لەچوارچێوەی هەموو عێراقدا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی ڕێژەی راستەقینەی کورد و کوردستانییەکان دەربکەوێت، بەڵام ئەگەر بەغدا وەکو مەبەست و مەرامێکی سیاسی و تائیفی سەرژمێری بەکاربهێنێت، ئەوە واباشترە بەهاوکاری و یارمەتی ڕێکخراوە بیانییەکان و شارەزایانی بیانی خۆمان ئامادەکاری بۆ ئەو سەرژمێرییە بکەین و بودجەی پێویستی بۆ دابین بکرێت. وتیشی: «بێگومان بوونی چاودێر و کەسانی شارەزا و ڕێکخراوە بیانییەکان جۆرە متمانەیەکی نێودەوڵەتی دەبەخشێتە دەرئەنجامی سەرژمێرییەکە. هەروەکو چۆن لە کۆکردنەوەی ژمارە و ئاماری ئاوارە و پەناهەندەکاندا شارەزایەکی بیانی هاوکارمان بوو».



ئیبراهیم رەحمان:

**ئەگەر بەغدا وەکو مەرامێکی تائیفی سەرژمێری بەکاربهێنێت، واباشترە بە یارمەتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خۆمان ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەین**

### ڕۆبەرت رابیل

### پسپۆڕ و تایبەتمەند لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئێستا لە نێوان رووسیا و ڕۆژئاوا ئاشتیی سارد هەیە نەک شەڕی سارد

**پرۆفیسۆر ڕۆبەرت رابیل ئوستادی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی فلۆریدا ئەتلەنتیك و تایبەتمەندە لەسەر کێشەی عێراق و ناوچەکە، ماوەیەکیش لە سەر دۆسیێی کوردستان کاری کردووە. بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو جەمسەرگیرییەی ئێستا جیهان بەخۆیەوە دەبینێت و کاریگەری ئەو جەمسەرگیرییە لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر رابیل ئەنجامدا و بەمجۆرە بیروبۆچوون و سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** جەمسەرگیریی جیهانی لە نێوان رووسیا و چین لەلایەك و ئەمریکا و ئەوروپا لەلایەکی دیکەوە شەڕی ساردیان گۆڕیوە بە ئاشتییەکی سارد، قووڵبوونەوەی ئەم جەمسەرگیرییەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە سووریادا بەدی دەکرێت، ئایا تا چەند ئەمە ئاشتیی جیهانی خستۆتە مەترسییەوە؟**

- ئەگەر هەندێ بۆ مێژوو بگەڕێینەوە، مێژوویەکی دوور نا، بەڵکو بۆ پێش سەرهەڵدانی قەیرانی ئۆکرانیا، ئەوا هێندەی ئێستا ئێمە ئاشتییەکی ساردمان لەگەڵ رووسیادا نەبوو. کەواتە ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان رووسیا بەتایبەتی و جیهانی ڕۆژئاوای بەرەو خراپبوون برد، کێشەی ئۆکرانیا بوو. هەروەها دەبێت شتێك لەبەرچاو بگرین کە لە کاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا روویدا، لەگەڵ



ئەو ئاكامانەی كە لەسەر ئاشتی جیهانی هەیبوو. كاریگەری خۆی هەبووە، چونكە لەو كاتەدا نەك تەنها رووسیا، بەڵكو هیندستان و چین و بەڕازیل و توركیا باوەڕیان وابوو كە ناكرێت جەنگ تەنها لەلایەن هێزێكی خاوەن هەژمونەوە- كە ئەمریكایە- ئەنجام بدرێت. كەواتە لە رابردوودا و لە دوای هەرەسهێنانی یەكێتی سۆڤیەتەوە و بەڕاستی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە ئەو هەستە لای چەند وڵاتێكی دیاریكراو- بە دڵنیاییەوە بە سەركردایەتی رووسیا و چین- بوونی هەبووە، ئەم وڵاتانەش هەوڵیانداوە ببنە پارسەنگێك بۆ هێزی ئەمریكا. دۆخی ئۆكرانیا ئەو پارسەنگی هێزەی تێكدا و ئێستاش رووسیا هەست دەكات لە پێگەی بەرگریدایە. لێرەدا ئەم پرسە پێوەندی بە پرسیارەكەی ئێوەوە هەیە، بەتایبەت بە ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. ئەمەش هۆكاری ئەوەیە

كە ماوەیەك پێش ئێستا سەرۆك پۆتین مەرسومێكی سەرۆكایەتی دەركرد و رێگەی دا سیستمی مووشەكی ئێس ٣٠٠ بە ئێران بفرۆشرێت. لە تێڕوانینی رۆژئاواوە ئەمە هەنگاوێكە كە گرژییەكانی نێوان ئەمریكا و رووسیا زیاتر دەكات. كەواتە كاتێك لە ئێستادا باس لە ئاشتیی سارد دەكەین، ئەوا پێموایە ئاشتیی سارد لە نێوان رووسیا و جیهانی رۆژئاوادا بەدی دەكەین، چینیش لەو ناوەندەدایە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە هێشتا رێگەی گەیشتن بە چەند رێككەوتنێكی دیاریكراو لە ئارادایە، لەوانە: ئایندەی سووریا و كێشە گەورەكانی دیكەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نموونە، لیبیا. باوەڕم وا نییە بتواندرێت كێشەی سووریا بە بێ هاوكاری ئێقلیمی و بە بێ هاوكاری نێودەوڵەتی چارەسەر بكرێت، مەبەستم لە هاوكاری نێودەوڵەتیش لەگەڵ رووسیادایە. بەڵێ باس

لە ئاشتیی سارد دەکرێت، بەڵام ئاشتیی سارد بە مانای ئەوە نایەت کە هەندێ لە بەرژەوەندییەکان یەك نەگرنەوە لە نێوان ئەمریکا و رووسیا. بۆ نموونە: رووسیا دژ بە رادیکاڵیەتی ئیسلامە و ئەمریکاش هەڵمەتێکی دژ بە رادیکاڵیەتی ئیسلام بەرپا کردووە، کەواتە هەندێ پرس هەیە کۆیان دەکاتەوە، هەروەك چۆن هەندێ پرس هەیە لێکیان دادەبڕێت.بەلای منەوە گرنگترین پرس لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەیە چی لە عێراق و سووریادا رودەدات و ئایندەی سووریا و ئایندەی داعش چی دەبێت؟ بە راستی ئەم کێشانە پێویستییان بە هاوکاری زیاتری نێوان رووسیا و ئەمریکا و رووسیا جیهانی رۆژئاوا هەیە.

**گرنگترین پرس لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەیە چی لە عێراق و سووریادا رودەدات و ئایندەی سووریا و ئایندەی داعش چی دەبێت؟ بە راستی ئەم کێشانە پێویستییان بە هاوکاری زیاتری نێوان رووسیا و ئەمریکا و رووسیا جیهانی رۆژئاوا هەیە**

*** چۆن لە بڕیاری ئەمریکا بۆ مەشقپێکردنی موعارەزەی سووریا دەڕوانن؟ ئایا گۆڕانکارییەك بەسەر هەڵوێستی ئەمریکادا لەم رووەوە بەدی دەکەن؟**

- تێڕوانینی من ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی داعش هێزێکی شەڕانگێزە و شوێن و ئایندەیەکی لە سووریا و عێراقدا نییە، بەڵکو حاڵەتێکی ناسروشتییە و بێگومان بوونی ئەم هێزە بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا نییە. ئەمە تێڕوانینی منە. موعارەزەش کە کار بۆ ئایندەیەکی باشتر دەکەن بۆ سووریا، ناتوانن کار لەگەڵ داعشدا بکەن، کوردیش کاری لەگەڵدا نەکرد. پێموایە پێویستە موعارەزەی میانڕەوی سووریا هەڵوێستێکی بنەبڕی هەبێت لە ئاست بۆ نموونە: بەرەی ئەلنوسرە- کە سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدەیە و ئەگەرچی لایەنێکی بەهێزیش بێت- هەروەها داعشیش، پێویستە ئەو هەڵوێستەش ئەوە بێت کە پێیان رابگەیەنن ئێمە دژی ئێوەین، دەزانم لە ئێستادا ئەمە زەحمەتە بۆ ئەوان، بەڵام ئەوان هەڵوێستیان لە ئاست داعشدا وەرگرتووە، داعش مایەی هەڕەشەیەکی راستەقینەیە نەك هەر لەسەر عێراق و سووریا، بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکە. کە بارودۆخێکی زۆر خراپیش هەیە لە عێراق و سووریادا. کەواتە لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە ئەمریکا ئەم کارە دژی رژێمەکەی سووریا دەکات. من وەك توێژەر و رۆشنبیر بۆچوونی خۆم هەیە و پێموایە پێویستە ئەمریکا پشتیوانیی موعارەزە بکات، تەنها موعارەزەی دیموکراتی لە سووریا، کە ئێستا بەهۆی داعش و بەرەی ئەلنوسرەوە پێگەیان لاواز بووە.

**دەوڵەتی ئیسلامی داعش هێزێکی شەڕانگێزە و شوێن و ئایندەیەکی لە سووریا و عێراقدا نییە، بەڵکو حاڵەتێکی ناسروشتییە و بێگومان بوونی ئەم هێزە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا نییە**

*** سەرەڕای ئەمریکا، تورکیا و سعودیە و قەتەریش دەستیان کردووە بە مەشقپێکردنی موعارەزەی سووریا، ئایا ئامانجەکە تەنها شەڕکردن لە دژی داعشە، یاخود رژێمی سووریاش کراوەتە ئامانج؟**

- هیوادارم سەرەتا داعش بکەنە ئامانج. لەبەر ئەوەی باری خۆیان قورس دەکەن و ناکرێت هێزێك لە یەك کاتدا دژ بە داعش و بەرەی ئەلنوسرە و رژێمی ئەسەد شەڕ بکات، ئەمە زۆر بەرزەفڕانەیە و نزیکە لە مەحاڵەوە. پێموایە دەبێت سەرەتا موعارەزەی میانڕەو شەڕی داعش بکات و سەقامگیری لەو ناوچانەدا بێنێتە ئاراوە کە من پێیان دەڵێم: ناوچە رزگارکراوەکان و ئاوارەکان بگەڕێنێتەوە بۆ سووریا. حاڵی حازر رژێمی سووریا لە بەرگریدایە و تەنها یەك لەسەر سێی خاکی سوریای بەدەستەوەیە، ئەگەر شەڕی ئیستنزافی لەگەڵدا دەکەن، با بیکەن، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە ئاستێك لە سەقامگیری دەستەبەر بکات.

*** چۆن لە هەڵوێستی ئێران دەڕوانیت؟**

- لێرەدا من لە بارەی هاوکاریکردن لەگەڵ ئێراندا قسە دەکەم، ئێرانییەکان بوونیان هەیە لە ناوچەکەدا و کار لەگەڵ حکومەتی عێراق دەکەن و کار لەگەڵ کوردیشدا دەکەن. کەواتە با هەماهەنگی هەبێت لە نێوان ئێوە و ئێراندا. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکاش کار لەگەڵ حکومەتی عێراق و کورددا دەکات. کەواتە دەتوانن درێژە بە هاوکارییەکانتان بدەن و کار بۆ ئەوە بکەن ناکۆکیی سەربازیتان لەگەڵ ئێراندا بۆ دروست نەبێت.

*** دەبینین وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانێتییەکە پشتیوانی داعش دەکەن، لە کاتێکدا وڵاتگەلێك هەن کە دژی داعش شەڕ دەکەن و ئەندامیش نین لەو هاوپەیمانێتییە، لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- تورکیا هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە لە ئاست داعش و ئێستا دژی داعشە. نابێت چاوەڕوێی ئەوە بکەین هەموو دەوڵەتێك بە چەشنی وڵاتانی دیکە شەڕ بکەن، چونکە بایەخدانەکانیان جیاوازن، کە ئەوەش پەیوەستە بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی وڵاتەکەوە. تورکیا دژی داعشە، بەڵام من لە هەڵوێستی تورکیا دڵنیا نیم و پتر بە لای بەرەی ئەلنوسرە و ئیسلامییەکانی دیکەدایە، کە من هەندێکیان بە ئیسلامێکی رادیکاڵ و سەرسەخت دەزانم، لەبەر ئەوە تەم و مژییەك هەیە بۆ من و هیوادارم تورکیا هەڵوێستی روونتری هەبێت لە ئاست موعارەزەی سووریادا. تورکیا لە شەڕی دژ بە داعش لە هاوپەیمانێتییەکەدایە کە بە سەرکردایەتی ئەمریکا پێکهێنراوە، بەڵام بە چەشنی قەتەر، یان سعودیە بەشداری ناکات و ئەمەش بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان دەگەڕێتەوە.

*** دوا وتەت لەبارەی ئەو جەمسەرگیرییە جیهانییەوە چییە؟**

- پێموایە رووسیا و ئەمریکا لە کۆتایی هێنان بە شەڕی سووریا بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە.

# بەڵێنەکەی دێڤد کامیرۆن و چارەنووسی یەکێتیی ئەوروپا

رەنگە سەرکەوتنی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا بە سەرۆکایەتیی دێڤد کامیرۆن لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمان مایەی نیگەرانییەکی زۆر بێ بۆ یەکێتیی ئەوروپا. لەم رووەوە کەس بە قەد فەرەنسا نیگەران نییە، چونکە فەرەنسا بە دڵی ئەوروپا و هەڵگری ئاڵای بیرۆکەی ئەوروپاییبوون و سەرمەشقی پرۆژەی ئەوروپای یەکگرتوو دادەندرێ.

دێڤد کامیرۆن لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو کە ئەگەر لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بە دەست بێنێ، راپرسییەك سەبارەت بە مانەوە و دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا ساز دەکا. ئێستا کە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە، هەر ئەوە ماوە بەڵێنەکەی بباتەسەر. دەنگدانی بەریتانییەکان بە کامیرۆن شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کە ئاراستەیەکی بەهێز لە شەقامدا بۆ دەنگدان بە دەرچوون لە یەکێتیی ئەوروپا هەیە.

بەریتانیا بە درێژایی مێژووی تازەی، خۆی بە ئەوروپایی- ئەتلانتیکی زانیوە و هەستی بە ئەوروپاییبوون تێیدا بە قەد وڵاتەکانی تری ئەوروپا بەهێز نەبووە.

یەکێتیی ئەوروپا لەدوو لاوە نیگەرانە. لە لایەك دەترسێ دەرچوونی بەریتانیا ببێ بە مایەی ساردکردنەوەی زۆر وڵات لە بەدەستهێنانی مافی ئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپا، چونکە مەسەلەی بە ئەندامبوون باق و بریقی جارانی لە دەست دەدا. لەلایەکی تریشەوە ترسێکی زۆری لەوە هەیە نەبادا دەرچوونی بەریتانیا سەرەتای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی تەواوی یەکێتییەکە بێ.

کامیرۆن بەنیازە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ راپرسییەکە ساز بکا. ئەمەش بەم مانایە دێ کە هێشتا رای گشتیی بەریتانیا نزیکەی ساڵ و نیوێکی بۆ یەکلاکردنەوەی هەڵوێستی خۆی لە بەردەمدایە. ئەم ماوەیەش ماوەیەکی درێژە و رەنگە رووداوی وا بەخۆیەوە ببینێ کە ئاسەواری باش و خراپ لە سەر بڕیاری شەقام بەجێ بێڵێ.

بەدەر لە مەسەلەی بەڵێنەکەی کامیرۆن بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی مانەوە و دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتییەکە، گۆڕانێك لە بیرکردنەوەی ئەوروپییەکاندا سەبارەت بە چارەنووسی یەکێتییەکە هەیە. گرفتەکە لەوەدایە کە بیرکردنەوە لە درووستکردنی یەکێتییەکی پتەو لە ئەوروپا، زۆرتر بۆ سەردەمی جیهانی دووجەمسەری دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەوروپا لە ئەگەری هێرشی یەکێتیی سۆڤێت تۆقیبوو و هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیا. بە گوتەی لێکۆڵیار سپاستان رۆسانۆ، ترس لە یەکێتیی سۆڤێت و هەستکردن بە هەڕەشە فاکتەری سەرەکیی هاندانی ئەوروپییەکان بووە بۆ یەکگرتن، بەڵام ئێستا هەل و مەرجەکە تەواو جیاوازە، چونکە ئەوروپا هەست بە هەڕەشە ناکا و هەموو ترس و نیگەرانییەکانی رەویوەتەوە. بۆیە پێویستیی یەکگرتنەوەش بە قەد جاران بەهێز نییە.

سەرباری ئەوانەش، هەندێ لە دەوڵەتانی ئەوروپای رۆژئاوا هەست بەوە دەکەن کە خەریکە یەکێتییەکە دەبێتە بارێکی گران بەسەریانەوە، بەتایبەتی کە یەکێتییەکە لە بنەمادا یەکێتییە لە نێوان چەند دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و هەژاردا. بەپێی توێژینەوەکانیش، نێونجی گەشەی ئابووریی ئەوروپا پاش دەرکردنی یۆرۆ وەك دراوێکی یەکگرتوو، هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە. هەندێ لە ئەندامە کاراکانی یەکێتییەکە (لەوانە ئەڵمانیا)، خەریکن بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان، نەك بەپێی بەرژەوەندیی بەکۆمەڵی ئەوروپا هەڵسوکەوت دەکەن و بەپێی چەند راپرسییەك دەرکەوتووە کە ٥٣٪ی ئەڵمانەکان ئەوروپا بە ئایندەی خۆیان نازانن.

کێشەی دارایی و ئابووریی هەندێ وڵاتی کەم گەشەکردووی وەك یۆنان، شێواوییەکی لە بیرکردنەوەی ئەوروپییەکاندا درووستکردووە، چونکە هەست دەکەن یۆنان بۆتە بارێکی گران بەسەریانەوە. دیارە بەڵێنەکەی کامیرۆنیش مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەکا. بەڵام هێشتا مەسەلەکە زۆری بە بەرەوە ماوە.



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەنووسێت